# ناودارانێك

# بەنووری خوا دڵیان ڕووناك بوویەوە

## برێتییە لە چیرۆکی موسوڵمانبوونی ژمارەیەک لە زانایان و ڕۆشنبیرانی جیهان

ئامادەکردنی

**د. حسن پێنجوێنی**

چاپی یەکەم

١٤٣٩هـ ٢٠١٨م

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: باوەڕدارانی سەردەم.
نووسەر: د. حسن پێنجوێنی.
تیراژ: ٣٠٠٠ .
چاپی یەکەم : **١٤٣٩** کۆچی - **٢٠١٨** زاینی.
چاپخانە: رۆژهەڵات

1

# زانای کۆرپەڵەناسی

پرۆفیسۆر کیسمۆر موسوڵمان بوو

وەرگێڕانی

**د. حسن پێنجوێنی**

زانای کۆرپەڵەناسی پرۆفیسۆر کیسمۆر { Keith Moore }؟

زانای بەناوبانگی کۆرپەڵەناسی پرۆفیسۆر کیس مۆر { Keith Moore}: یەکێکە لەگەورە ترین زانایانی توێکاری و کۆرپەڵەناسی لەجیهاندا، و لە ساڵی 1984 خەلاَتی {جی. سی. بی} کەنەدای پێ بەخشراوە، و ئەمەش بەو زانایانە دەدرێت کە لە بەشی زانیاری توێکاریدا زۆرتر دەرکەوتوون، هەروەها لەلایەن {کۆمەڵەی کەنەدی زانایانی تایبەتی توێکاران}خەلاَتی {گرانت}ی پێ بەخشراوە، سەرۆکایەتی ژمارەیەکی زۆر لەکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی کردووە، وەك کۆمەڵەی ئەنجومەنی یەکیەتی زانیاری زیندەوەرزانی کەنەدی ئەمریکی..

**بەسەرهاتی موسوڵمانبوونەکەی:**

دکتۆر زەغلول نەججار کتێبێکی نووسیوە بەناوی: {ئەوانەی خوا هیدایەتی دان}، لەو کتێبەدا بەسەرهاتی موسوڵمانبوونی ئەم زانایەی نووسیوەو دەڵێت:

لە ئەیلوولی 1995 لەمۆسکۆ کۆنگرەیەك بۆ ئیعجیاز گیرا، منیش بۆئەو کۆنگرەیە بانگ کرابووم، لەسەرەتاوە پێم ناخۆش بوو بڕۆم وئامادەی بم، چونکە لەشارێکا دەبەستری کە ماوەی زیاد لەحەفتا ساڵ پایتەختی کوفرو موسقۆفی بووە، و لەدڵی خۆیشمدا گوتم: ئەوانە لەبارەی خوداوە چ دەزانن تا بۆئەوەی قورئان بانگیان دەکات بانگیان بکەین؟!..پێیان گوتم: پێویستە بڕۆین، چونکە لەلایەن ئەکادیمیی پزیشکی رووسیەوە دەعوەت کراوین..

رۆیشتین بۆ مۆسکۆ،لەکاتی باسکردنی هەندێ لەئایەتەکانی بوونەوەردا،وبەتایبەت لەباسی ئەم ئایەتەدا کە خوا دەفەرموێ: "

يُدَبِّرُ الأمْرَ مِنَ السَّمَاء إِلَى الأرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ". السجدة/5. واته: خوا لەئاسمانەوە کاروباری زەوی ڕێکدەخات، و سەرپەرشتی دەکات، پاشان ڕووداو و کاروو کردەی بەندەکان بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، لەرۆژێکا کە بەرامبەر هەزار ساڵە بەحسابی ئێوە..

یەکێ لە زانا موسوڵمانەکان هەستا و گوتی: ئەگەر هەزار ساڵ یەکسان بێ لەتەك دوو ئەندازەی نابەرابەری زەماندا، ئەمە دەلالەت لە سەر جیاوازی خێرایی دەکات.. پاشان ئەم خێراییەی حساب کرد و گوتی: هەزار ساڵ .. دەبێ ئەمە هەزار ساڵی مانگی بێ کە عەرەب کاری پێ دەکەن، و ماوەی مانگی قەمەریش بریتیە لە خولگەی مانگ بەدەوری زەویدا، ئەو خولگەیەش زۆر بەوردی حساب کراوە، کە 2.4 بلیون کم.و لە 12 بدە، کە ژمارەی مانگەکانی ساڵن، پاشان لە هەزار ساڵی بدە، و پاشان ئەنجامەکەی لەسەر بیست وچوار سەعاتا دابەش بکە، پاشان لەسەر شەست دەقیقە، و پاشان لە60 سانیەی بدە،..ئەم پیاوە گەیشتە خێراییەك لەخێرایی تیشك خێراتر بێت..

مامۆستایەکی فیزیا کە ئەندامی ئەکادیمی ڕووسی بوو هەستا و گوتی: من پێش ئەم کۆنگرەیە وام دەزانی خۆم یەکێکم لە زەقترین زانایانی فیزیا، و بەتایبەت لەزانیاری تیشکدا، کەچی زانیارییەکی زۆر گەورەتر لە زانیارییەکەی خۆم دەبینم..لەبەر ئەوە بۆ کەمتەرخەمیم لە زانینی ئەم زانیارییە ناتوانم بیانوو بێنمەوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە لەبەردەم هەموو ئێوەدا ئاشکرای بکەم و بڵێم: شایەتی دەدەم کە جگە لە ئەڵلا خوایەکی تر نییە،

وموحەممەدیش پێغەممەری خودایە.. " أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله " ..

پاشان چوارکەسی تر موسوڵمانبوونی خۆیان ئاشکرا کرد.. بێ ئەوەی ئێمە هیچ قسەیەکیان لەتەکا بکەین، بەڵکو ئەوان لەژووره شووشەییەکانی خۆیانا دانیشتبوون وتەنیا قسەکانیان لەعەرەبیەوە بۆ رووسی و لەروسییەوە بۆ عەرەبی وەردەگێڕا، ئەوانیش هاتن و شایەتییان دا کە جگە لە ئەڵلا خوایەکی تر نییە، وموحەممەدیش پێغەممەری خودایە. " أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله " . نەك هەر ئەمە بەڵکو تەلەفزیۆنی رووسی ئەم ئەڵقانەی تۆمار کردبوو، و بەتەواوی بلاَوی کردبوونەوە، هەروەك پێیان گوتین: زیاد لە 37 زانای تر لە ناودارترین زانایانی رووس موسوڵمان بوون، تەنیا بەبینینی ئەو ئەڵقانە..

نەك هەر ئەوە بەڵکو یەکێك لەگەورە ترین وناودارترین زانایانی کەنەدەمان لەتەکا بوو، بەناوی کیس مۆر " Keith Moore " کە لەزانیارییەکانی کۆرپەڵەناسیدا تایبەت مەندبوو، ولەوانەیە لای هەموو پزیشکانی دنیا ناسراوبێت، کتێبێکی هەیە لە بەشی زۆری کۆلیجە پزیشکییەکانی جیهاندا دەخوێنرێت، و بۆزیاتر لەبیست و پێنچ زمان وەرگێڕراوە، وخاوەنی کتێبی بەناوبانگی " The Developing Human "ە، ئەم پیاوەش لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا هەستا و گوتی: دەربڕینەکانی قورئانی لە قوناغەکانی دروستبوونی کۆرپەڵە لەمرۆڤدا ئەوەند وردو دروست و تەواوە تائێستاش زانیاری نوێ پێی نەگەیشتووە، ئەگەر ئەمە بەڵگەبێ لەسەر شتێك بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەم قورئانە دەبێ تەنیا فەرموودەی خوابێت، و موحەممەدیش پێغەممەری ئەو خودایە.

پێیان گوت: ئایا تۆ موسوڵمانیت؟! گوتی: من لەوەپێش موسوڵمان نەبووم، بەڵاَم شایەتی دەدەم کە ئەم قورئانە فەرموودەی خودایە، و موحەممەدیش لەلایەن خواوە نێرراوە، وتیان: کەوابوو تۆ موسوڵمانیت، گوتی: من لەژێر پاڵەپەستۆیەکی کۆمەڵاَیەتیدام کە نایەڵێت ئێستا موسوڵمانبوونی خۆم رابگەیەنم، بەڵاَم ئەگەر رۆژێ بیستان کیس مۆر " Keith Moore " موسوڵمان بووە سەرتان سوور نەمێنێ، پارەکە هەواڵیان بۆناردین کە سوپاس بۆ خوا ئێستا موسوڵمانبوونی خۆی راگەیاندووە..

لەگۆنگرەی یەکەمی ئیعجازی قورئانی پیرۆز و سوننەی خاوێندا کە لەساڵی 1986 لە قاهیرەدا بەسترا مامۆستا دکتۆر " Keith Moore " هەستایە سەر پێی و لەوتارەکەیدا وتی: من شایەتی دەدەم کە هەرقۆناغێك لەقۆناغەکانی دروستبوون قورئانی پیرۆز باسی کردووە ئیعجازێکی خودایی تێدایە، و من هەرگیز بڕوام وانیە کە موحەممەد- صلی الله علیه وسلم - یا هەرکەسێکی تر بتوانێ ئاگاداریی لەو گەشەیە هەبێت کەلە دروستبوونی کۆرپەڵەدا روودەدات.. چونکە ئەم گەشەو گۆڕانکارییانەی کۆرپەڵە تەنیا لەبەشی دواینی سەدەی بیستەمدا زانیاری پەی پێ بردووە، دەمەوێ لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە هەرشتێکم لەقورئانا خوێندبێتەوە لەبارەی دروستبوون وگەشەکردنی کۆرپەڵە لە رەحەمی دایکیا بەتەواوی یەکسان و بەرابەر بووە لەگەڵ هەموو ئەو زانیارییانەی من ئاگام لێیەتی وەك زانایەك لەزانا دەرکەوتووەکانی کۆرپەڵەناسیدا..

بۆزانیاری زیاتر جێی خۆیەتی بڵێین: ئەوقۆناغانەی کەقورئان باسی دروستبوونی مرۆڤ (ئادەمیزاد)ی تیادەکات حەوت قۆناغن، ئەوەتە خوای باڵاَدەست دەفەرموێ:{ " وَلَقَدْ خَلَقْنَا

الإِنسَانَ مِنْ سُلالَةٍ مِنْ طِينٍ،ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَكِينٍ، ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ".}المؤمنون /12-14 واته: ئێمه ئادەمیزادمان لەئاوێتەیەکی پێکهاتوو لەخاك دروست کردووه، پاشان لەجێیەکی پارێزراودا{ کەمنداڵدانە}لەشێوەی نوتفەیەك دامان مەزراندووه، دواتر نوتفه کەمان کردووه بە خۆهەڵواسەرێك، ئینجا خۆ هەڵواسەرەکەمان کردووه بەگۆشتپارەیەك، دواتر گۆشت پارەکەمان گۆڕیوه بە پەیکەری ئێسکی، وپاشان ئێسکەکەمان بەگۆشت داپۆشیوه، ئەوسا لە شێوەیەکی تر دەرمان هێناوه، کەشێوەی ئینسانی رێك وپێکە.. بەراستی خوای بالأدەست پیرۆزو موبارەکەو چاکترین بەدیهێنەر، و باشترین دروستکارە..

زانیاری کۆرپەڵەناسی هەموو ئەم قۆناغانەی سەلماندووەو دانی بەدروستی و یەکسان بوونی لەگەڵ ئەو قۆناغانەدا ناوه، کە لە قورئاندا باسکراون.. قوناغەکانیش بریتین لەمانە:

1- بنەمای مرۆڤ{ ئاوێتەیەکی پێکهاتوو لەخاك}.
2- نوتفە.
3- خۆهەڵواسەرێك، هەڵواسراو بە رەحەمەوە.
4- گۆشتپارەیەك.
5- پەیکەری ئێسکی.
6- داپۆشینی بە گۆشت
7- دروستبوونی..

کۆنگرەی پێنجەم کە لە ئەیلوولی 1995 لە مۆسکۆ بۆ ئیعجازی زانیاری لەقورئان و سوننەدا بەسترا ئەم دابەشکردنەی قورئانی

بۆ قۆناغەکانی دروستبوونی کۆرپەڵە و گەشەکردنی بەدروست و ورد دانا، و لە بڕیارەکانیا رایسپارد کە وەك سەرچاوەیەکی زانیاری بکرێتە ماددەیەك بۆ دەرس وتنەوە، بۆزانیاری مامۆستا دکتۆر کیس مۆر Keith Moore " "یەکێکە لەبەناوبانگترین زانایانی توێکاری وزانیاری کۆرپەڵەناسیدا، و سەرۆکی ئەو بەشەیشە لەزانکۆی تۆرنتۆی کەنەدا،{ئەم زانایەش یەکێك بوو لەو زانایانەی وەك خاوەن باسێك هاوبەشی لەگۆنگرەی ناوبراودا کردبوو}، کتێبێکی داناوە کە بە یەکێ لەسەرچاوە گرنگەکانی پزیشکی دادەنرێت لەبواری ئەم پسپۆڕییەدا:{قۆناغەکانی دروستبوونی مرۆڤ، و زانیاری کۆرپەڵەناسی}، لەناو باسەکەیدا ئەوقۆناغانەی ناوقورئانی باسکردووە، وهەموو بەشێك لەبەشەکانی کتێبەکەی - کەباس لە گەشەکردنی دروستبوونی کۆرپەڵە دەکات – پەیوەندیداوە بە حەقیقەتە زانیارییەکان و ئەو ئایەت وفەرموودانەی پەیوەندیان بەوباسەوە هەیە، بەیارمەتی شێخ عەبدولمەجید زیندانی و هاورێکانی شەرحی بۆ کردووەو پاشکۆی بۆ داناوە..

بەئیمێلێك ئەم کورتە باسەم لەلایەن سایتی ئیعجازی عیلمی لەقورئان وسوننەدا بۆهاتبوو، خوا پاداشتی خێریان بداتەوە، و منیش بەپێویستم زانی وەری بگێرمە سەر زمانی کوردی. حسن.

www.55a.net Quran miracles

١٢٨١بیینرا لە ١١/٣/٢٠٠٧ دا لەسایتی پێنجوێنی بڵاو کرایەوە.

# # #

2

# دیمتری بۆلیاکوف

## فیزیایی زانی ئۆکرانی چۆن موسوڵمان بوو؟

وەرگێرانی

د. حسن پێنجوێنی

**فیزیایی زانی ئۆکرانی "دیمتری بولیاکوف"**

زانای ئۆکرانی "دیمتری بولیاکوف ": لەمزگەوتی مەرکەزی ئیسلامی پێتەختی ئۆکرانیادا موسوڵمانبوونی خۆی راگەیاند، پاش ئەوەی کەمەسەلەیەکی زانیاری نوێی بۆ باس و لێکۆلینەوە هەڵبژاردبوو کەبریتی بوو لە گەڕان وخولانەوەی زەوی بەدەوری خولگەکەیا و هێمایەکی زۆر بەهێزی لە فەرموودەی پێغەمەری ئیسلام بەدەستهێنابوو.

دیمتری لەبارەی هێدایەتی خۆیەوە دەڵێ: سەرەتاکەی زانیاری فیزیابوو، خۆی لە نێو کۆمەڵێکی تایبەت بەتوێژینەوەی زانیاری لەبواری فیزیای بۆشاییەکاندا کار دەکەن، بە سەر پەرشتی پرۆفیسۆر" نیکۆلاَی کۆسینیکۆف" کەیەکێکە لەزانا ناودار وبەناوبانگەکان لەو بوارەدا، و ئەمانەش چەند کارێکی نموونەییان ئەنجامدا و لەکارگاکاندا تاقییان کردەوە، و ئەمەش توێژینەوەی نەزەرییەکی نوێ بوو کە خولانەوەی زەوی بەدەوری خولگەکەی خۆیا تەفسیر دەکاتەوە، و توانیان بەشێوەیەکی زانیاری وموختەبەریانە ئەو نەزەرییە بسەلمێنن و ئیسپاتی بکەن..

بەلاَم دەبیستێتەوە کە لەناو موسوڵماناندا فەرموودەیەکی پێغەمەرەکەیان - صلى الله عليه وسلم - هەیە، کە هەموو موسوڵمانان دەیزانن ولەناوەرۆکی باوەڕەکەیاندایە، و

ئەوفەرموودەیەش جەخت لەسەر راستبوونی ئەو نەزەریە دەکات، و لەگەڵ پاڵفتەی باسەکەدا چون یەکن، ئالەویا یەقین پەیدا دەکات زانیارییەکی وا کە تەمەنی لە هەزارو چوار سەد ساڵ پترە تەنیا سەرچاوەی مومکینی دەبێ ئەو خوایە بێ کە خالقی بوونەوەرە..

ئەو نەزەرییەی کە پرۆفیسۆر کۆسینیکۆف هێنایە پێشەوە بە تازەترین و بوێرانە ترین نەزەرییەیەك دادەنرێ بۆ تەفسیرکردنەوەی دیاردەی گەڕان وخولانەوەی زەوی بەدەوری خولگەکەی خۆیا، کۆمەڵەکە نموونەیەکیان تەسمیم کردووە، کە بریتییە لە تۆپێکی پڕ لە قەسدیر(1)ی تواوە، لەبوارێکی موگناتیسیا دادەنرێت، کەبەهۆی دوو ئەلکترۆدینی دژە بارگە پێك دێت و دروست دەبێت.. کاتێ کە لە {ئەلکترۆدین-Elektroden }ە کەدا تەوژمی کارەبایی جێگیری پیا دەبرێت، بوارێکی موگناتیسی پێك دێنێت، ئەو تۆپە پڕ لە قەسدیرە بەدەوری خولگەکەیا دەست بەسووڕانەوە دەکات..

ئەم دیاردەیەش ناوی{ کاری خۆکامڵکردنی ئەلکترۆ ماگنۆ دینامیکی} لێ نراوە، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی باسی کرداری سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خولگەکەی خۆیا دەکات، لە جیهانی راستەقینەشماندا لاسایی ووزەی خۆر دەکاتەوە کە هێزێکی جووڵێنەرە، و بوارێکی موگناتیسی وابەدی دێنێ، کە پاڵ بەزەوییەوە دەنێت بۆ سووڕانەوە بەدەوری خولگەکەیا..

خێرایی و سستی بزوتنەوەی زەوی بەپێی چڕی ووزەی خۆر دەبێ، و دانان و رووگەی جەمسەری باکووریش ئیعتیماد لەسەر ئەوە دەکات..

**گەورەترین نیشانەی ئاخیر زەمان:**

سەرنج دراوە کەبزووتنەوەی خێرایی جەمسەری موگناتیسی زەوی تا ساڵی 1970، ساڵانە لە دە کیلۆمەتر تێنەپەڕیوە، بەڵام لەساڵەکانی دوای ئەو بەروارەوە خێراییەکەی زۆر زیادی کردووە، و گەیشتۆتە 40 کیلۆمەتر لە ساڵدا، بەڵکو لەساڵی 2001 دا جەمسەری موگناتیسی زەوی بەیەکجار دووسەد کیلۆمەتر ترازاوە،و ئەمەش وادەگەیەنێ کە لەژێر کاریگەری ئەو هێزە موگناتیسییەدا هەردوو جەمسەری موگناتیسی زەوی جێگۆڕکێ دەکەن، و لە ئەنجاما ئەمەش ئەوەی لێ پەیا دەبێ کە بزووتنەوەی زەوی بەدژی رووگەی ئێستایەوە دەبێ، و رۆژ لە رۆژ ئاواوە هەڵدێت..

ئەم زانیارییەش هەروەك لە سایتی{الرائد}دا باسکراوە، دیمتری لەهیچ کتێبێکدا نەیخوێندۆتەوە، و نەشی بیستووە، و تەنیا بەهۆی باس ولێکۆڵینەوەی زانیارییەوە بەدەستی هێناوە، وکاتێکیش کتێبە ئاسمانییەکان و ئاینە جیاوازەکانی بۆ پشکنیوە، جگە لەئیسلام هیچکامیان نە بەدوور و نەبەنزێك هێمایان بۆ نەکردووە.. ئەمەش لە فەرموودەیەکی پێغەمەردایە کە موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتی دەکات کە پێغەمەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: " مَنْ تَابَ قَبْلَ أنْ تطْلُعَ الشمْسُ مِنْ مَغرِبِهَا تَابَ اللهُ عَلَيْهِ " واتە: ئەوەی پێش هەڵاتنی رۆژ لەرۆژئاواوە تۆبە بکات خوا تۆبەکەی لێ قبووڵ دەکات.

ئیتر دیمیتری خۆی بۆ ناگیرێ و دێت لە مزگەوتی مەرکەزی ئیسلامی پێتەختی ئۆکرانیادا موسوڵمانبوونی خۆی رادەگەیەنێ، وشایەتمان دێنێ..

لەراستیدا ئەم فەرموودەیەی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم نیشانەیەکی خوایی بووە بۆ ڕێنوێنی و هیدایەتی دیمیترۆف.. تا ڕێنوێنی بکات بۆ ڕێی ڕاست ونیعمەتی ئیسلام..

ئاوها زانیاریی لە میحرابی موختەبەردا سەری ڕێز بۆ پێغەمەری ئیسلام - صلی الله علیه وسلم - دادەنەوێنێ. لەپەروەردگاری بالاَ دەست داواکارم هەموو مرۆڤێك وەك دیمیترۆف ڕێی ڕاست بدۆزێتەوە و بەختەوەری دنیا و پاشەرۆژ بێت..

**(1)لە ئەلمونجیدا دەڵێت: قەسدیر: وشەیەکی یۆنانییەو بەمادەیەکی کانزایی سپی زیو ڕەنگ دەگوترێ، کە لە ڕووکەشکردنی کۆمەڵێ کانزادا بەکاردەهێنرێت، بۆ پاراستنیان لە ژەنگ.**

نۆموسڵمان: ١٢٣١ جار بینراوە، ٠ بۆچوون، لە ٢٦/٣/٢٠٠٨ لەسایتی پێنجوێنی دا بڵاوکراوەتەوە:

###

3

# قەشەی بەریتانی لۆدەر برنتۆن موسوڵمان بوو

وەرگێڕانی

د. حسن پێنجوێنی

**قەشەی بەریتانیی لۆدەر برنتۆن ناوی جەلالوددینی هەڵبژارد**

British Rev. Jalaluddin Lauder Brunton

چیرۆکی ئەم هەفتەیەمان بۆ موسوڵمانبوونی ئەم قەشە بەریتانییە تەرخان کرد بەناوی لۆدەر برنتۆن (Lauder Brunton)، و پاش موسوڵمانبوونی ناوی جەلالوددینی بۆ خۆی هەڵبژارد.. لەپاش بەسەر هاتەکەوە خۆم کۆمێنتێکم هەیە، و ئەوەش پێی خۆش بوو دەتوانێ کۆمێنتی خۆی بنووسێ.. ئیستاش فەرموون بۆباسی موسوڵمانبوونی ئەو قەشەیەی کە پاش باس وتوێژینەوەیەکی زۆر موسوڵمانبوونی خۆی راگەیاندووە.. فەرموون ئەوە ئێوەو ئەوەش **ژیانەکەی:**

جەلالوددین لۆدەر برنتۆن لەدایك و باوکێکی مەسیحی لەدایکبووە، و لەسەرەتای تەمەنیەوە پەیوەندی بەکەنیسەی ئەنجلیکانییەوە هەبووە،و بایەخی بەلێکۆلینەوەی لاهووتی داوە، و بەتەواوی خۆی بۆ کاری تەبشیری تەرخان کردووە..

رۆژێکیان هاوڕێیەکی هیندی سەردانی دەکات و ئەم هاورێ هێندییەشی موسوڵمان دەێت، لەدانیشتنەکەیانا قسە هات و چۆ دەکات و سەردەکێشێ بۆ باسکردن لە عەقیدەی مەسیحی و بەراوردکردنی بە عەقیدەی ئیسلامییەوە.. سەردانەکە کۆتایی دێت، بەڵام شوێنەواری ئەوقسانە لەدڵ ودەروونی ئەم قەشە بەریتانییەدا بەردەوام دەمێنێتەوە، کاریگەرییەکی گەورە لەدڵ و دەروون و ژیری ئەم پیاوەدا دروست دەکات، چی لەو تاوتوێکردنەدا روویدابوو ئەم بیری لێ دەکردەوە، بۆیە بڕیاری

دا چاوێك بە عەقیدەی مەسیحی خوۆیا بخشێنێتەوە، لەوبارەوە خۆیشی ئەم هەستەی خۆی ئاوا دەردەبڕێ:

" پاش ئەوەی دڵنیابووم کە گەڕان بەشوێن حەقیقەتدا پێویستیە بڕیارم دا خۆم ئەو باس و لێکۆڵینەوەیە بکەم و گوێ بە عەقیدەی خەڵکی نەدەم، من دەموێ خۆم حەقیقەت بزانم.

هەرچەند ئەوباس و لێکۆلینەوەیەش درێژە بکێشێ و مەدای رێگاکەی دووربێ، و هەرچەند زەحمەتی زۆری بوێت تا دەگەمە زانست(معرفە)ی زیاتر لەبارەی ئەو دەنگۆیەوە کە دەڵێن: ئینجیل و رێنوێنییەکانی مەسیحی دەستیان تێ براوەو گۆڕانکارییان تیا کراوە!! بۆیە بەچاوێکی نەقدەوە ئەمجارەیان گەڕامەوە بۆ سەر ئینجیل و دەستم بە لێکۆلینەوەیەکی ورد کرد، هەستم کرد ناتەواوییەك هەیە کە ناتوانم دیاری بکەم، لەویادا بڕیارم دا کە هەموو کاتی خۆم بۆ لێکۆڵینەوەی ئیسلام تەرخان بکەم، هەرواشم کرد و هەموو کات و هەوڵی خۆمم بۆ تەرخان کرد، شتێکی زۆر کەم و نادیرم لەبارەی رەوشتی محمد پێغەممەرەوە ێلی الله علیه وسلم دەزانی، بۆیە زۆر بەوردی لەبارەی ژیانیەوە دەستم بە خوێندنەوە کرد، هەرچەند لەنێوان مەسیحییەکاندا کۆڕا هەیە بۆ ئینکاریکردنی پێغەممەرایەتی ئەو پێغەممەرە هێژایەی لەدوورگەی عەرەبیدا پەیدابوو..

بەڵام زۆری نەخایاند کە دەرکی ئەو حەقیقەتەم کرد موستەحیلە گومان هەبێت لە جددیەت و راستی بانگێشەی ئەوزاتە بۆ حەق و بۆ خوا .."

**ئەم واتایە جارێکی تر دووپات دەکاتەوەو دەڵێ:**

" بەڵێ، پاش لێکۆڵینەوەم هەستم بەوە کرد هیچ تاوانێك لەوە گەورەتر نییە ئینکاری ئەو هەموو خزمەتە گەورانە بکرێ کە ئەو پێغەممەرە بەمرۆڤایەتی پێشکەش کردووە و بەهێزترین کۆمەلگەی بەرزی لەموسوڵمانان دروستکردووە ولەهەموو پەستی و نزمییەك بەدووری کردوون. هەستم کرد من ناتوانم هەموو ئەو کارە جوانانە بژمێرم کە ئەو پێغەممەرە هێژایە پێشکەشی کردووە.."

پاشان بە خەم و پەژارەیەکەوە دەپرسێت و دەلێت: لەبارمبەر ئەم هەموو گەورەیی و چاکەو پاکیەتییەدا ئایا جێی داخ و خەفەت نیە کە مەسیحییەکان و جگە لەوانیش تانەی لێ بدەن؟!..

بۆیە لە کۆتایی باسەکەیا قسە مەشهوورەکە دووبارەدەکاتەوەو دەڵێت: محمدم دەست کەوت و مەسیحیشم لەکیس نەچوو..

خەڵکی ئازادن لە هەڵبژاردنی عەقیدەو بیر و باوەڕدا، هەردینێك هەر مەزەبێك هەر پارت و حیزبێك هەڵدەبژێرن بۆخۆیان لەروانگەی ئێمەوە مافی تەواوی خۆیانە.. بەڵام ئەوەی من خۆم بە چاکی دەزانم واجبێکی دینیمە، و لەلایەن کۆمەڵایەتیشەوە واجبێکی ئەخلاقییە بە بەرامبەرەکەمی بڵێم، و ئەگەر بینیم کەسێك دەیەوێ ئازادی شەخسی خۆی خراپ بەکار دێنێ و لەسەر باڵەخانەیەکەوە دەیەوێ خۆی فڕێ بداتە خوارێ، تا بتوانم دەستی بگرم و نەهێلم خۆی بکوژێ.. بەڵام ئەگەر ئەو لێم تووڕە بوو کوتەکی بۆ هەڵگرتم و گوتی: من ئەمە مافی خۆمە تۆ بۆت نییە لەم مافەی خۆم مەحرومم بکەیت..دەڵێم: من ئەوەی لەسەرم بوو پێم گوتیت و سەرەنجامیش رووبەڕووی خۆت دەبێتەوە..

لەبەرئەوە ئەگەر کابرایەك کۆمەڵە دەرمانێکی پێ بێ و لە ناودارتین کومپانیای دەرمان دروستکرابێ و چەند ساڵێك بەسەر کاتی بەکارهێنانەکەیا بەسەر چووبێ – واتە: ئێکس پایەر بووبێ- بۆم نییە بەزۆر لەدەستی بسێنم و نەیەڵم بەکاری بێنێ.. تەنیا ئەوەندەم لەسەرە بڵێم: برای مرۆڤایەتیم! ئەودەرمانەی تۆ دەتەوێ بەکاری بێنی ئێکس پایەر بووە، و لەجیاتی سوود زیانت پێ دەگەیەنێ.. ئەگەر هەر لەداخی من خواردی دەڵێم: ئارەزووی خۆتەو و خۆت ئازادی چونکە خۆت تەحەممولی ئەنجامەکەی دەکەیت!!

هەروەك گوتم: خەڵکی ئازادن لە هەڵبژاردنی ئاین و مەزەب و هەر عەقیدەیەك خۆیان بیانەوێ. لەبەر ئەوە هیچ دوور نییە کوردێك کەلەناو کۆمەڵگەی موسوڵمان نشینی کوردیا دەژی، ببێت بەشەیتان پەرست، یا ببێتە مەسیحی، یا هەر شتێکی تر.. بەڵام ئەوەی ئاوا دەکات کێیە؟ ئایا مەلایەکە کە هەموو تەمەنی لە لێکۆلینەوەو توێژینەوەی ئیسلامیدا بەسەر بردووە؟ یا کەسێکی بێ ئاگا لە ئیسلام و بێ ئاگالە مێژوو، هەندێکی تریش هەن کاتی خۆی هەڵگری هزرێکی ئیلحادی بوون و بە دوژمنایەتی ئیسلام گۆش کراون، ئێستا ئۆردوگای هزرەکەیان نەماوەو خۆدانە پاڵ ئەو هزرە بووەتە شوورەیی لە جیهاندا، ئەویش کە تا سەر ئێسقان بەدوژمنایەتی ئیسلام پەروەردە کراوە دەروات پەنا دەبات بەیەکێ لەو دەرمانە ئێکس پایەرانە بۆ ئەوەی بەخەیاڵی خۆی پشوبدات، زۆر کەمیان خوا هیدایەتیان بدات و بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان دەرمانی ئێکس پایەرنەبوو هەڵبژێرن. بەهەرحاڵ ویستم بڵێم: ئەوەی دەبێتە مەسیحی یا داسنی یا هەر ناو و

ناتۆرەیەکی تر ئازادە بەڵام خۆشبەختانە ئەوانە یانەزانن بە ئیسلام یا بەدوژمنایەتی ئیسلام گەورە بوون..

بەڵام ئەوانەی کە موسوڵمان دەبن یا قەشەی گاورەکانە، یا دکتۆرێکی ئەکادیمیەو پاش لێکۆلینەوە دەبێتە موسولمان، یا بیرمەندێکەو باس و لێکۆڵینەوەکانی دەستی دەگرێ و سەری لەموسوڵمان بوونەوە دەردەچێ.. نموونەمان لەوبارەوە زۆرن ئەگەر سەیرێکی مێژووی کۆن و نوێ بکەین پڕیەتی لەو ئەستێرە گەشانەی وەك:

لیۆپۆڵد ڤایس خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگی نەمساوی، رۆجێە گاروودی فەیلەسووفی فەرەنسی، دکتۆر مۆریس بۆکای ، دکتۆر قەشە یووسف، و سەدان قەشەی تر.. لەبەر ئەوە ئالێرەدا گەورەیی ئیسلام دەر دەکەوێ کە ئەوزاناو کەسایەتییانە شوێنی دەکەون و موسوڵمان دەبن..

4

# موسوڵمان بوونی

## سێ قەشەو 141 فەڵەی تر پێکەوە

وەرگێڕان و پێشەکی بۆ نووسینی

**د. حسن پێنجوێنی**

## پێشەکی:

کاتی خۆی بانگخوازی پایەبەرز مامۆستا [ محمد قطب ] لە پێشەکی [ شبهات حول الإسلام ] دا نوسیبووی من کاتێ باسی رەواندنەوەی تەموومژی گومانی ناحەزانی ئیسلام وموسوڵمانانم نووسی نەمزانی ئەوەندە کاری گەری هەیەو داخ بەدڵی دوژمنانی دینی خوادا دەکات، وئێش بەجەرگیان دەگەیەنێ .. پاشان باسی یەکێك لەو ناحەزانە دەکات کە لەبارەی ئەو کتێبەوە چی نووسیوە، پاشان دەڵێت: بەنیاز نەبووم کە چاپی بکەمەوە، بەلام سوپاس بۆ خوا کەمادام ئەو کاریگەرییەی هەیە، ئەوا بڕیارم دا جار لەدوای جار چاپی بکەمەوە..

منیش دەڵێم: نەم دەزانی کەباسکردنی ئەو خەڵکەی دەبنە موسلمان ئەوەندە ئازاری بەسوێی لەدڵی ناحەزانی ئیسلامدا هەیە، تا وتاری سەر لێشێواوێکم خوێندەوە لەبارەی باسکردنی ئەو تازە موسوڵمانانەوە، برادەرێکم لە ئەسکەندەناڤیاوە بۆی ناردبووم تا ببینم ئەو سەر لێشێواوە چۆن وڕاوە دەکات و وەك شێت وهار کەف دەچەرێنێ و دەگەڤێنێ.. بەونیازەی من پەرچی قسەکانی بدەمەوە، منیش لەراستیدا بەشیاوی ئەوەم نەزانی بەوتارێکی سەر بەخۆ پەرچی بدەمەوە، یا ناوی بێنم.. چونکە ئەگەر تۆزەقاڵێ خوێنەواری هەبوایە دەیزانی (رۆجیە گاروودی) بیریار و فەیلەسووف، کەماوەیەکیش سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی بوو، نێچەی سەردەمی خۆی بوو..

لەبەرئەوە بڕیارم دا لەمەولا بەهەموو هێز وتوانامەوە باسی ئەو نوموسوڵمانانە بکەم، بەتایبەت ئەوانەیان کە قەشەو پێشەوای ئاینی و زانایانی هەلکەوتوون لەبواری زانیاریدا، تائێستاش من

باسی ئەمانەم نووسیوە: وەك (دكتۆر جیفری لانچ) مامۆستای یاریدەدەری زانكۆ لەبیركاریدا، یا پزیشك و پسپۆر وەك: (دكتۆر مۆریس بۆكای)، یا قەشە و پێشەوای مەزهەبی وەك: (دكتۆر قەشە یوسفی ئینگلیزی) كە خۆی و باوكی و دووقەشەی تر پێكەوە موسوڵمان دەبن، و گەورە قەشەی ئیسیوپیا فەقادۆ، خاتوو روبا، دكتۆر قەشە، كە دكتۆرای لە لاهووتا هەبوە...تاد.. كە بەقەناعەت وتێگەیشتنەوە دەبنە ئیسلام.. لەوانەیە هەندێ كەس بڵێن: خۆ لەناو موسوڵمانانیشدا كەسانێك هەن دەبنە دیان، دەڵێم راستە كەسانێك هەن دەبنە دیان، بەلاَم ئەوانە كێن؟ كەسانێكن بەناو موسوڵمان بەلاَم هەر لەمنداڵیەوە بە بیرو بۆچونێك پەروەردەكراون دژ بە ئیسلام، و ئایدیۆلۆژییەكی تایبەتیان هەبووە، ئێستاش كە ئایدیۆلۆژییەكەیان پاشووی داخزاوەو لەهەموو بارێكەوە دۆڕاون، هەندێك لەوانە لەو بیرەی خۆیان واز دێنن و رووودەكەنەوە ئیسلام و موسوڵمانێكی رێك و پێكیان لێ دەر دەچێت، هەندێكیشیان دبنە فەڵە و مەڵە. یا كەسانێكن وەك ئەو سەر لێشێواوەی كەخۆی فەڵەیە و ناوێكی وای لەخۆ ناوە كەهەستی پێ نەكرێ، و جورئەتی ئەوەشی نییە خۆی ئاشكرا بكات، چونكە ئەگەر فەڵەیەك ئاوەها بێ ئەدەبی بەرامبەر ئیسلام بكات لەیاسای دەولەتی هەرێم و رۆژئاوایشا مەحكووم دەبێت و ئەوەندە جەریمە دەكرێ بۆ حەوت پشتی تۆبە بكات... بەلاَم جیاوازی ئیسلام ودینەكانی تر ئەوەیە پێشەوایەكی ئاینی لەئیسلاما تا ئیستا نەچوەتە سەر دینێكی تر بەلاَم لەناو ئاینەكانی ترەوە ژمارەیەكی زۆر لە پێشەوایان وقەشەكانیان بوونەتە ئیسلام، ئالێرەدا گەورەیی ئەم ئاینە دەردەكەوێت، ئاشكرایە جیاوازیش لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدا زۆرزۆرە.

وا ئێستاش باسی پۆلێك نوسوڵمانتان بۆ دەكەم كە بەهۆی تەنیا وتارێك و كۆڕە گفتوگۆیەكەوە موسوڵمان بوون بەهەردوو رەگەزی نێر ومێ، و بە خەڵكی عادی و قەشەو پێشەوای ئاینییەوە.. فەرموون ئەوە ئێوەو ئەوەش رووداوەكە، هیوا دارم

خوا بەرچاوی سەرگەردانەکانی پێ رووناک بکاتەوە، و بیکاتە هۆی هیدایەتی سەر لێشێواوەکانیش.. انه نعم المولی ونعم النصیر..

د. حسن پێنجوێنی

پێرس – ئوسترالیا

# # #

له ئیسیوپیا 141 كەس +3 قەشە بەجارێكا موسوڵمان بوون..

شیخ ساڵح عەبدول واحیدی بەڕێوەبەری سەنتەری جیهانی ناساندنی ئیسلام ڕایگەیاند یەكەم بەرهەمی ئەم سەنتەرە كۆڕە گفتوگۆیەك بوو لە ئیسیوپیادا كە یەكێ لەبانگخوازەكان بەناوی شێخ قەمەر حوسەین لەمانگی شەعبانی ڕابوردوو ئەنجامی دا، شێخ قەمەر پێشتر دوو كتێبی نووسیبوو لەبارەی ئیسلام، و دیان، وجووە وە، و بەشی زۆری قەشەكانی ئەو وڵاتە خوێندبوویانەوە، لەبەر ئەوە بیست قەشە داوا لە شێخ دەكەن كە دەیانەوێ ببینن، پاش دیتنەكە داوای ئەوەیان كردبوو كۆڕە گفتوگۆیەك بكەن لەبەرچاو جەماوەردا، لەو كۆڕە گفتوگۆیە دا نزیكەی بیست هەزاركەسێك بەموسوڵمان ودیانەوە ئامادەی دەبن، و ئەو كۆڕە گفتوگۆیە چەند سەعاتێك دەخایەنێت، بابەتەكەش لە سێ لایەنەوە دەبێت، كاتێ كۆڕە گفتوگۆیەكە كۆتایی دێت 144 ئافرەت و پیاو لەنێوانیانا سێ قەشە موسولمان دەبن..

هەروەها شێخ ڕوونی كردەوە كە ئەو سێ قەشەیەی موسوڵمان بوون، پاش وتنی شایەتمان خۆشحاڵی خۆیان بەنیعمەتی ئیسلام دەر بڕی و ئاواتە خوازبووون كە ئەمساڵ بتوانن حەج بكەن وزیارەتی ماڵی خوا بكەن.. ئەو سەنتەرەش بڕیاری دا هەرسێكیان بنێرێ بۆ حەج و خەرجیان لە ئەستۆ بگرێ..

هەروەك بەڕێوەبەری سەنتەرەكە دەیگێڕێتەوە زەقترین شتێ كە لەو كۆڕە گفتوگۆیەدا لە نۆموسوڵمانەكاندا كاریگەربووە ئەوە بووە كە شێخ قەمەر حسەین نووسەری ئەو دوو كتێبە یەك بەیەكی ئەو گومانانەی ئاشكرا كردووە كە لەنێو ئینجیل و تەوراتا

هەبووە، و لەوبارەوە موناقەشەی کردوون، بەتایبەت شێخ قەمەر ئینجیل و تەوراتی بەتەواوی لەبەر کردووە.. زیاد لەوە لە گەڵ قەشەکانیشدا باسی جێگای قیبلەی تاوتوێ کردووە، کە لە تەورات و ئینجیلی لای خۆیاندا باسکراوە.

شێخ قەمەر بۆی باسکردوون کە عیسا پێغەمەر علیه السلام بەخەڵکەکەی راگەیاندووە کە پاش خۆی رووبکەنە قیبلەیەك جگە لەبەیتول مەقدیس، ئەم دەقەش لای قەشەکان تەفسیر نەکراوەتەوە، ئەم فەرموودەیەی خوای باڵادەستی بۆ باسکردوون کە لەسورەتی ئەلبەقەرەدا دەفەرموێ: " قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ. " (144)، واتە: ئەی پێغەمەر! بەراستی چاوگێران و هەڵسووڕانی روخسارت بەرەو ئاسمان دەبینین،{- کەبەهیوای رووگەیەکی تایبەتیت-} دڵنیابە رووت دەکەینە قیبلەیەك کە پێی رازی وخۆشحاڵ ببیت، رووت بکەرە کەعبە، ئێوەش ئەی موسوڵمانان لەهەرکوێ بوون رووی تێ بکەن، بەراستی ئەوانەش کە پێش ئێوە پەیامی خوایان پێگەیشتووە باش دەزانن کە ئەم گۆڕانی قیبلەیە حەققەو لەلایەن پەروەردگاریانەوە لەتەورات وئینجیلدا ئاماژەی بۆکراوە و خوا لەکارو کردەوەیان بێ ئاگانییە..

هەروەها روونی کردەوە کە ئەوسەنتەرە پێگەیەکی لەسەر ئینتەرنێت کردۆتەوە بەناوی " الهيئة العالمية للتعريف بالإسلام " و بەنیازن کە بەشەش زمانی زیندووی جیهان پێناسەی ئیسلام بکەن: ئیسپانی، ئینگلیزی، دانیمارکی، فەرەنسی، پۆڵەندی و ئەڵمانی.. لەهەمان کاتا دامەزراندنی کۆمەڵێ بانگخوازتا بەکاری بانگخوازییەوە خەریك بن، لەو پێگانەدا کە قسەیان تیادەکرێ، وتووێژیان تیا ئەنجام دەدرێ، و ئەویانانەش کە لەسەر ئێنتەرنێتا هەن، تا پەرچی گومانی گوماندران بدەنەوە و حەقیقەتیان بۆ

روون بکەنەوە.. تا ئێستاش چوار کەس لەو رێیەوە سوپاس بۆ خوا موسوڵمان بوون..

هەروەها رونی کردەوە کە ئەوسەنتەرە بەنیازە پلانێکی ستراتیژی بۆ سێ ساڵی داهاتوو دابرێژێت بۆ کارکردن بۆ بڵاَو کردنەوەی ئیسلام، لەنێو ئەو پلانەشدا زیاد کردنی ژمارەی تەفسیرەکانی قورئان، ئەوانەی کەواتاکانیان تەرجەمە کراوە، چونکە ئەو ژمارەیەی کەئێستا هەیە و بلاو دەکرێتەوە بەشی ئەو ژمارە زۆرە ناکات کە داواکارییان لەسەرە لەلایەن موسوڵمانان و ناموسوڵمانانەوە..

هەروەها گوتی: لەسەر بنچینەی ئەو زانیاریانەوە کە هەیە پەیوەندیمان بە بانگخوازانەوە لە هەموو گۆشە و کەنارێکی جیهانەوە کردووە، بۆ ئەوەی دووفلیقانەیی لەکاری بانگخوازیاندا روونەدات..

راگەیاندنەکەی بەوە کۆتایی هێنا کە سەنتەر پرۆژەییەکی تەواو کامڵی بەدەستەوەیە بۆ ئیعجازی قورئان، و مافی مرۆڤ، و مافی ئافرەت، تا کتێبخانەی زانکۆ و دامەزراوە رۆشنبیرییەکانی جیهان بە بابەتی زانیاری متمانە پێکراو تەواو کامڵ لەبارەی ئیسلام و پێغەمەرەوە صلى الله عليه وسلم دەوڵەمەند بکات، چونکە بەشێکی زۆر لەو کتێبخانانە پێویستیان پێیەتی..

سەرچاوە: سایتی إخوان أون لاین]

نۆموسڵمان: ١٢٠٣ جار بینراوە، ٠ بۆچوون، لە ١٦/١/٢٠٠٨ لەسایتی پێنجوێنی بڵاوکراوەتەوە :

http://www.penjweny.org/article/248

# # #

# 5

# موسوڵمان بوونی

## دکتۆر جۆزێف و سێ قەشەی تر

وەرگێڕان و پێشەکی بۆ نووسینی

**د. حسن پێنجوێنی**

## پێشەکی

لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتییەی کە لەگەڵ ئیسلامی پیرۆزا دەکرێ لە هەردوو بەرەوە، بەرەی تاقمێك لەدۆستانی نەفامی، و بەرەی دوژمنانیەوە، هیچ سەعاتێك نییە لەجیهانی رۆژئاوادا کەسێکی تیا موسوڵمان نەبێ، و ئەمانەش ئاستی رۆشنبیری و کەسایەتیان جیاواز و جۆراو جۆرە، تیایاندایە وەك (رۆجیە گاروودی) بیریار و فەیلەسووفە ماوتیەکیش سەرۆکي حیزبي کۆمۆنیستي فەرەنسي بووە، یا مامۆستای زانکۆیە وەك (دکتۆر جیفری لانچ)، یا پزیشك و پسپۆر وەك: (دکتۆر مۆریس بۆکای)، یا قەشە و پێشەوای مەزهەبی وەك: (دکتۆر قەشە یوسفی ئەمریکی) کە خۆی و باوکی قەشە بوون،...هتد.

رۆژبەرۆژ لە گۆشەو کەناری دنیاوە خەڵکی روو دەکاتە ئەم ئاینە پاکەو دەبێتە هەڵگری ئالاَی یەکخوا پەرستی(توحید). لەراستیدا موسوڵمانبوونی ئەم کۆمەڵە لە پێشەوایانی ئاینی مەسیحی، ئەوە دەگەیەنێ کە خاوەنی ئەم ئیسلامە تەنیا ئەڵلایە و هەرئەویش دەیپارێزێ،و واتای ئەو ئایەتە قورئانی یەمان بەتەواوی لا بەرجەستە دەبێ  کە دەفەرموێ: " إنَّا نَحنُ نَزلْنا الذِكرَ وَإنا لَهُ لَحافِظُونَ  "  ئێمە قورئانمان دابەزاندووە و ئێمەش پارێزگاری لێ دەکەین.. قورئان بەرنامەکەی خوایە، خوا خۆی پارێزگاری لە ئاینەکەی دەکات..

بەم بۆنەوە بە پێویستم زانی کە موسڵمانبوونی ئەم دەستەیەو دکتۆر قەشە یوسف بخەمە پێشچاو موسڵمانان تا زیاتر لە گەورەیی ئاینەکەیان دڵنیابن.. فەرموون ئەوە ئێوە و ژیانی ئەوقەشە جۆزێفەی بووبە شێخ یووسف.

د. حسن پێنجوێنی

## له قەشە (جۆزێف)ەوە، بۆ شێخ (یوسف)

دکتۆر یۆسف دەڵێ: کاتێ بۆم دەرکەوت کە لەبارەی ئاینەکەمەوە شتێکێ زۆر نازانم رۆیشتم بۆ کەنیسەو لەوێوە دەستم بەخۆێندن کرد، پرسیارێکی زۆرم هەبوو، بەلأم بێ وەلأمێکی گونجاو. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر خوێندنی ئاینی مەسیحی بەردەوام بووم تابوومە قەشە، و بانگخوازێکی مەسیحی، باوکیشم هەروابوو، لە تەك بانگخوازییەکەدا کاری بازرگانیمان فرۆشتنی سیستەمی مۆسیقا بوو بە کەنیسەکان.

من خۆم زۆر رقم لە ئیسلام و موسوڵمانان بوو، چونکە تەنیا ئەو وێنە شێواوەی ئیسلامم لە پێشچاودا بوو کەپێم گەیشتبوو، هەرئەوەش لە زەینما جێگیر ببوو کە: موسڵمانان خەڵکێکی بتپەرستن و باوەڕیان بەخوا نییە،و سندووقێکی رەشی ئەو بیابانە دەپەرستن، و ئەوانە پیاوکوژو تۆقێنەرن، و ئەوەی باوەڕی بە باوەڕیان نەبێ دەیکوژن..(1 )

رۆژێکیان باوکم پێی گوتم: پیاوێك لەمیسرەوە دێت بۆلامان، لەوانەیە لەبارەی کەرەسەی مۆسیقاوە بازرگانیمان لەتەکا بکات..

منیش زۆر پێم خۆشبوو لەدڵی خۆما گوتم: بازرگانییەکەمان برەو پێ دەدەین، و دەیکەینە بازاڕێکی جیهانی و پەل دەهاوێژێ بۆ سەرزەمینی شتە زلەکە!! (مەبەستی ئەبولهۆل)ە!! پاشان باوکم گوتی: دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم ئەو پیاوەی دێت بۆلامان، پیاوێکی کاسبی موسڵمانە.

بەگرژییەکەوە گوتم: موسڵمان؟!! ..نا .. هەرگیز نامەوێ ببینم!!

باوکم گوتی: با .. دەبێ ببینی..

گوتم: نا.. هەرگیز شتی واناکەم..

باوکم لەسەر ئەوڕایەی خۆی هەتەر بوو کە دەبێ بێمە مەجلیسی ئەوپیاوە میسرییە مسوڵمانە وە، منیش لەتەك باوکما دەژییام وخێزانیشم هەبوو، لەوە دەترسام ئاژاوەیەك دروست ببێت و سەرەنجامێکی ناخۆشی هەبێت، بۆیە چشم لەوحەزەی خۆم کرد، و گوتم: باشە.

بەلاَم لەکاتی چاوپێکەوتنەکەیا (شەپقە)یەکی خاچدارم لەسەرکرد، و ملوانکێکی خاچینم لەمل کرد، و خاچێکی گەورەم بەپشتێنەکەمەوە هەڵواسی، و ئینجیلێکیشم بەدەستەوە گرت، و بەو جۆرە رۆیشتمە کۆڕی چاو پێکەوتنەکەوە..

لەنێو باسەکانماندا قسە سەری کێشا بۆئاین و پەیڕەو، منیش بەپێی ئەو وێنە شێواوەی لە پێش چاومابوو هێرشێکی سەختم کردە سەر ئیسلام و موسوڵمانان، بەلاَم ئەو زۆر ساردبوو، بە سارديیەکەی خۆی هەڵمەت و هەڵچوونەکەی منی ساردکردەوە.. زۆر لەسەر خۆ رق وقینەکەی منی خواردەوە.. باوکم دەعوەتی بۆ ماڵەوە کرد، لە ماڵەکەدا من وخێزانم و باوکم بووین، ئەو میسرییەش هات بۆ لامان، و قەشەیەکی کاسۆلیکیشمان دەعوەتکرد، بەو جۆرە ژمارەمان بوو بە پێنچ کەس: چوار زاناو بانگخوازی مەسیحی، و یەك موسڵمانی میسری..

من وباوكم لەسەرڕێرەوی پرۆتستان بووین، قەشەکەی تر لەسەر ڕێرەوی کاسۆلیك بوو، خێزانیشم لەو فەڵە توندڕەوانە بوو کە پێیان دەڵێن: مەسیحی زایۆنیست.. ئەڵبەتە بۆ زانیاری ئەوەشمان لەبیر نەچێ کەباوکم هەر لەمناڵیەوە ئینجیلی خوێندۆتەوە، و ببوە یەکێ لە بانگخوازانی ئایینی مەسیحی، و قەشەیەکی ددان پیانراو لەلایەن کەنیسەوە.. کاسۆلیکەکەش دوانزە ساڵ لەمەوبەر ببوە قەشە، و لەتەك کەنیسەو بانگخوازیدا 12 ساڵ خزمەت و شارەزایی هەبوو.. خۆیشم لە زانیارییەکانی لاهووتی مەسیحیدا بڕوانامەی دکتۆرام هەبوو..

**قورئانێك و چەند ئینجیلێکی جیاواز:**

ئێمەی مەسیحی لەماڵەوە هەریەکی ئینجیلێکمان هەبوو بەلاَم هەمووی لێك جیاواز بوو.. لەبارەی جیاوازی نێوان ئەو ئینجیلانە و بیروباوەڕی مەسیحییەوە لەسەر مێزگردێك دەمەقاڵەمان بوو و تاوتوێمان دەکرد، موسڵمانەکەیش لەتەکمانا دانیشتبوو، لەجیاوازی ئینجیلەکانمان سەری سوڕمابوو، ئەوکاتە باوکم نوسخەیەك لە ئینجیلەکەی (جێمس شا)ی لەلابوو، منیش نوسخەیەکی تازە نوسراوی چاوپیاخشێنراوم لەلابوو، کە دەڵێ: لە نوسخەکەی (جێمس شا)داهەڵەیەکی زۆری تێدایە!! کاتێ مەسیحییەکان دییان کە نوسخەکەی (جێمس شا) هەڵەی زۆری تێدایە ناچاربوون سەر لەنوێ بینووسنەوەو ئەوەی بەهەڵەیان دەزانی ڕاستی بکەنەوە..

خێزانم نوسخەی ئینجیلێکی تری لەلابوو، کە ئەویش نوسخەی قەشەی هاوچەرخ (جێمی سۆقرات) بوو، بەناوهێنانی ئەم قەشەیە شتێکی سەیرم بیرکەوتەوە، کاتێ (ئەحمەد دیدات)ی ئەفریقای

باشوور لەكۆڕێكی گشتیدا موناقەشەی دەكات جێمی دەڵێ: من لەئینجیل ئاگادارنیم و لە بارەیەوە زانیاریم نییە!! كەسێك خۆی قەشەبێ و ئینجیل بەتەواوی بنووسێتەوە و ئیددیعای ئەوەش بكات كە ئەمە كتێبی خوایە،و شەرحی بكات، چۆن دەبێ ئاگای لێی نەبێ و نەیزانێ؟!

نوسخەی چوارەم لای قەشە كاسۆلیكییەكەی هاوەڵمان بوو، ئەم ئینجیلەی ئەو حەفتاو سێ بەشە، بەلاَم ئینجیل لە پەیڕەو(مەزەب)ی ئێمەدا تەنیا شەست وشەش بەشە..هەموو ئینجیلەكان ئاوەها لەیەك جیان و جیاوازی زۆر لەنێوانیاندا هەیە..

لە موسوڵمانە میسرییەكەمان پرسی:(2) ئەری كاك موحەممەد! قورئانەكەی ئێوە چەند نوسخەی جیاوازی هەیە؟

ئەویش گوتی: قورئانەكەی ئێمە تەنیا یەك نوسخەی هەیە، لەوكاتەوە قورئان دابەزیوە تا ئێستا( كە زیاد لە 1400 ساڵە ) چۆن بەزمانی عەرەبی هاتۆتە خوارێ هەروا ماوەتەوە و تەنیا پیتێكی لێ نەگۆڕاوە!

ئەم وەلاَمە بۆ ئێمە وەك بروسكەیەك وابوو !!

لەلایەكی ترەوە قەشە كاسۆلیكییەكەی هاوەڵم ماوەی دوانزە ساڵە خەڵكی بۆ ئەم دین ومەزەبەی خۆی بانگ دەكات، بەلاَم باوەڕێكی تەواو و پتەوی پێی نییە، و لەزۆر شتی گرنگدا بەپێچەوانەیەوە كار دەكات، چونكە ئیمانی بەوە نییە كە عەقیدەیەكی ساخ و دروست بێ!!

باوكم باوەڕی وایە ئەم ئینجیلە خەڵك نوسیویانەتەوەو ئەو ئینجیلە نییە كەخوا بەوەحی ناردوویەتی، بەلاَم خەڵكی نوسیویانەتەوەو پێیان وا بووە كە وەحیە!..

ژنەكەم باوەڕی وایە: ئینجیلەكەی خۆی هەڵەی زۆری تێدایە، بەلاَم پێی وایە كە لەبنەڕەتەوە لای پەروەدگارەوە هاتووە!!

خۆیشم زۆر شت لە ئینجیلا هەبوو كە بڕوام پێی نەبوو، چونكە دژایەتی و نەسازییەكی زۆرم تیا دەبینی.. یەكێ لەوانە كە هەمیشە لەخۆم و خەڵكیشم دەپرسی ئەوەبوو: چۆن دەبێ پەروەردگار یەكێك بێ و لەهەمان كاتا سیانیش بێ؟!

لەوبارەوە پرسیارم ئاراستەی ئەوقەشانە دەكرد كەنێوبانگێكی جیهانییان هەبو، بەلاَم بەوەلاَمێكی ئەوەند لاواز و گەمژانە وەلاَمیان دەدایەوە، كە ئینسانێكی ژیر هەرگێز ناتوانێ بیسەلمێنێ.. منیش پێم دەگوتن: باشە من چۆن دەتوانم بانگخوازێكی مەسیحی بم و بەخەڵكی بڵێم: پەروەدگار یەكێكە و لەهەمانكاتا سێ كەسیشن، ئاخر من خۆم قەناعەتم پێی نییە چۆن قەناعەت بەخەڵكی تر بكەم؟!!..

هەندێكیان دەیگوت: ئەو مەسەلەیە بۆ خەڵك باس مەكە، و روونی مەكەرەوە، و بەخەڵكی بَلێ: ئەمە مەسەلەیەكی شاراوە و نەزانراوەو پێویستە باوەڕمان پێی هەبێ!! هەندێكی تر پێی دەگوتم: دەتوانی بۆ خەڵكی روون بكەیتەوەو نموونەشیان بۆ بێنیتەوە كە وەك سیوێك وایە.. سێوەكە لەدەرەوە توێكڵی هەیە، و لەناوەوە گۆشتی هەیە و لەناوی ناوەوەیش ناوك..

منیش دەمگوت: ئاخر ناگونجێ ئەمە بەنموونە بۆخوا بهێنرێتەوە، چونکە سێو تەنیا ناوکێکی نییە، بەڵکو چەندان ناوکی هەیە، ئەوکاتە دەبێ چەندان خوایش ببێ!! دەشگونجێ سێوەکە کرمێ بێ و کرمێکی تیابێ ئەوکاتە خواکان زۆر دەبن.. لەوانەیە سێوەکە گەنیبێ، ئەوکاتە من خوایەکی گەنیوم ناوێ!!

هەندێك دەیگوت: وەك هێلکە وایە، پێستی دەرەوەو زەردێنەو سپێنەی هەیە!!

دەمگوت: ئەوەش ناگونجێ نموونەی پەروەردگاربێ، چونکە هێلکە هەندێ جار زیاد لە زەردێنەیەکی تیایە، و ئەوکاتە خواکان زۆر دەبن.. لەوانەیە هێلکەکەش بۆگەن بێ، من نامەوێ خوای بۆگەنم هەبێ!! هەندێکی تر دەیگوت: وەك پیاو و ژن و منداڵەکەیان وایە، منیش دەمگوت: ئاخر ئەمەش بۆنموونە ناگونجێ، چونکە وادەبێ ژنەکە ئاوس دەبێ، و منداڵی تری دەبێ، ئەو کاتە خواکان زۆردەبن!! لەوانەیە تەڵاق و جیایی بکەوێتە نێوانیانەوە، ئەو کاتە خواکان لێك جیا دەبنەوە!! لەوانەیە یەکێك لە ئەندامی خێزانەکە بمرێ، منیش خوایەکم ناوێ بمرێ!!

لەوکاتەوە کەمن قەشەبووم و بانگخوازێك بووم بۆ مەسیحیەتی نەمتوانیوە قەناعەت بەمەسەلەی خوا بەسێبوون(تەسلیس)بکەم!!و کەسیشم دەست نەکەوتووە لەو بارەوە بتوانێ قەناعەت بە ئینسانێکی ژیر بکات..

## هاتین بانگی بکەین بەلاَم ئەو بانگی کردین:

کاتێ ئێمەی فەڵە هەرچوارمان لەماڵ خۆمانا لەتەك (موحەممەد )ی میسرییا دانیشتین و لەبارەی مەسەلەکانی عەقیدەوە تاوتوێمان دەکرد، سووربووین لەسەر ئەوە موحەممەد بۆئاینەکەی خۆمان بانگ بکەین، و بۆئەو مەسەلەیەش چەندان شێوازی جیامان بەکار هێنا.. بەلاَم ئەو لەوەلاَمی ئێمەدا دەیگوت: ئەگەر لەئاینەکەی ئێوەدا شتێکی باشتر هەبێ لەوەی کە لە ئاینەکەی خۆمدا هەیە من ئامادەم بێمە سەر ئاینی ئێوە.

گوتمان: بیگومان ئێمە شتی باشترمان پێیە..

موسڵمانەکە گوتی: ئەگەر ئێوە بە دەلیل و بەڵگەوە پێتان سەلماندم، من ئامادەم..

گوتم: ئاین لای ئێمە پەیوەندی بە دەلیل و بەڵگەی عەقڵییەوە نییە..لای ئێمە شتەکان سەلمێنراون و تەنیا عەقیدەیەکی روونن، ئیتر چۆن بە دەلیل و بەڵگە بۆت بسەلمێنین؟!

موسڵمانەکە گوتی: بەلاَم ئیسلام ئاین و وەحی ئاسمانییە و بیروباوەڕی دەلیل و بەڵگە و ژیریشە.

منیش پێم گوت: ئەگەر ئێوە دەتوانن بایەخ بە لایەنی دەلیل و بەڵگە بدەن، ئەوا من پێم خۆشە سوود لەتۆوە وەربگرم، ئەم شتەت لێوە فێرببم و بیزانم..

پاشان کاتێ باسەکەمان سەری بۆ مەسەلەی بەسێبوون ( تەسلیس ) کێشا، و هەریەك لەئێمە ئینجیلەکەی خۆی خوێندەوە و شتێکی

روونمان نەبینی، لەبرادەر موحەممەدمان پرسی: ئێوە لەئیسلاما عەقیدەتان بەرامبەر بەپەروەدگار چییە؟

گوتی: ئێمە ئەمە عەقیدەمانە " قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ * اللهُ الصَّمَدُ * لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ * وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ "(3) بەعەرەبی خوێندیەوەو پاشان واتاکەی بۆ وەرگێڕاین.. لەو کاتەدا کەئەو بەعەرەبی خوێندیەوە هەستم دەکرد کە دەنگی وشەکان سەر بۆ ناو دڵم دەکێشن..

تا ئێستاش ئەو دەنگەی لەگوێما دەزرنگێتەوەو لەیادمە.. لەبارەی واتاکەیشیەوە دەتوانم بڵێم بۆ ئەو مەسەلەیە - بۆ پێناسەی خوا- هەرگیز لەوە کورتر و روونتر و باشترو بەهێزتر و هەمەلایەنی تر دەست ناکەوێ..

لەراستیدا ئەمەش بۆ ئێمە شتێکی ناکاو و موفاجەئەیەکی بەهێزبوو، چونکە لەراستیدا ئێمە لەم بارەوە لەسەرگەردانیی و نەسازی(تەناقوز)ێکی تەواودا بووین..

### قەشەکە دەڕوات بۆ مزگەوت:

ئینجا قەشە کاسۆلیکییەکە داوای لە برادەر موحەممەد کرد کە لەتەك خۆیا بیبات بۆ مزگەوت تا لە مزگەوتا نوێژی موسڵمانان ببینێ.. ئەویش دوو جار لەتەکیا رۆیشت بۆ یەکی لەمەرکەزە ئیسلامییەکانی ناوشار، بەچاوی خۆی دەستنوێژگرتنی موسڵمانان و نوێژکردنیانی بینی و لەتەکیا هاتەوە بۆ ماڵ..

ئێمەش پرسیارمان لە قەشە کاسۆلیکییەکە کرد و گوتمان: لەکاتی نوێژ کردنەکەیانا چ جۆرە مۆسیقایەکیان بەکار دەهێنا؟!

گوتی: هیچ جۆرێك!!

بەسەرسامیەکەوە گوتمان: چۆن بەبێ مۆسیقا پەروەدگاریان دەپەرستن، و نوێژ دەکەن؟!

قەشە کاسۆلیکییەکە گوتی بەڵێ، ئەوان بەبێ مۆسیقا خوا دەپەرستن.. منیش شایەتی دەدەم کە: جگە لە ئەڵلا خوایەکی ترنییە، و موحەممەدیش پێغەمبەری خودایە، و بەو جۆرە لەپێشچاومانا ئیسلامبوونی خۆی ڕاگەیاند..

پێم گوت: بۆچ موسڵمان بوویت؟ ئایا لەو کارەت دڵنیایت؟

گوتی: بەڵێ..

ڕاستە من ئەو قسەیەم کرد بەلاَم لەدڵی خۆما خۆزیار بووم کە من لەپێش ئەوا موسڵمان ببومایە، و بۆ ئەوکارە خێرە کەسم پێش نەکەوتایە.. بەدوای ئەوا باوکیشم موسڵمان بوو..

من وخێزانم ڕۆیشتینە سەرەوە.. خێزانم پێی گوتم: پێموایە پەیوەندیم بەتۆوە ئیتر بەردەوام نەبێ!!

پێم گوت: بۆ؟ پێت وایە کە من موسڵمان دەبم؟

گوتی: نەخێر.. بەلاَم لەبەر ئەوەی کە من موسڵمان دەبم..

پێم گوت: لەراستیدا منیش دەمەوێ موسڵمان ببم..

بەڵێ: لەدەرگای ژوورەکە ڕۆیشتمە دەرەوەو سەری بەندەگیم خستە سەرخاك و پاڕامەوە: ئەی پەروەگار! ڕێنموونیم بکە و

رێی راستم نیشان بده.. یەکسەر دڵم بە خۆشەویستی ئیسلام گوشاد و ئاوەدان بووەوە، و رۆیشتمە ژوورەوەو موسڵمان بوونی خۆم راگەیاند..

من موسڵمانبونی هەر چوارمان - یەکەم - بە فەزڵی پەروەدگار دەزانم و پاشان بە هۆی رەوشت بەرزی و نموونەیی ئەوموسڵمانەوە، کە زانی چۆن بانگمان بکات، و پێش ئەوەش هەڵس و کەوتی چۆن بێ، هەروەك گوتراوە: بۆم باس مەکە پیشانم بدە.. واتە: قسە وەك کردەوە نییە..

# - ئەم رووداوە لە سایتی ( ئیسلام ئۆن لاین)ەوە وەرگیراوە.

خۆیشی لەسەرئێنتەرنێت سایتێکی بەم ناونیشانە هەیە:

www.islamtomorrow.com

# # #

# 6

## پرۆفیسۆر

# جێفری لانج

**پرۆفیسۆر جێفری لانج مامۆستای یارمەتیدەر بووە**
**لەبیرکاریدا لە زانکۆی کانساس کەیەکێکە**
**لەگەورەترین زانکۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

وەرگێرانی

**د. حسن پێنجوێنی**

**Dr. Jeffrey Lang is an Associate Professor of Mathematics at the University of Kansas, one of the biggest universities in the United States.**

**الدكتور جيفري لانغ هو أستاذ مشارك في الرياضيات في جامعة كانساس، واحدة من أكبر الجامعات في الولايات المتحدة.**

**پرۆفیسۆر جێفری لانج**

یەکەم نوێژی نۆموسڵمانێك (#)

وەرگێر: حەسەن پێنجوێنی

خۆێنەری بەڕێز! ئەم بابەتەی بەردستت دەقێکی وەرگێراوە لەکتێبی "هەتا فریشتەش دەپرسێت " دانراوی پرۆفیسۆر جێفری لانچ، مامۆستای یاریدەدەر لەبیرکاریدا لە یەکێ لەزانکۆ کانی ئەمریکادا، کتێبەکە لەبابەتی خۆیا بێ وێنەیە. لەنێوان تاوتاوێکی پڕ لەرۆحانیەت - هەروەك لێرەدا دەبینین- و نێوان بیری قووڵی فەلسەفیدا، کە لەچەند شوێنێکی ترا دەبینرێ، و لەنێوان چەند چارەسەرێکی زانیاریدا کە هەموان بە قبوڵکردنی ناچاردەکات..

لەگەڵ ئەوەدا کە نووسەر بەرهەمی نووسینی زۆری نییە، بەڵام بەم کتێبەی دەچێتە ریزی کۆمەڵێ نووسەری ناوداری

رۆژئاوایی موسڵمانی وەك: (موحەممەد ئەسەد) و كتێبە ناودارەكەی "رێگاكەی مەككە "، و (مراد هۆفمان) و كتێبەكانی: "ئیسلام وەك جێگر"، و "رۆژگاری موسڵمانێكی ئەڵمانی"، و (عەلی عیززەت بیگۆفیچ) و كتێبەكەی : "ئیسلام لەنێوان رۆژهەلاَت و رۆژ ئاوادا ". مافەخۆمانە زۆر لەو شتانەیان لێوە فێرببین كە بە سوودن بۆ نوێكردنەوەی ژیانمان و چاوخشانەوە بە هەڵوێستەكانماندا لەبەشی زۆری مەسەلە گرنگەكانی ئاینیماندا.

ئەم برِگەیەی بەردەممان خوێنەر بەرز دەكاتەوە بۆ كۆمەڵێ واتای رۆحانی بەقیمەت، كاتێ نوێژمان لە عیبادەتەوە كرد بەعادەت زۆریانمان لە دەست دا، ئەو واتایەشمان لەدەست دا كە بووە هۆی فەرزبوونی، سەرەنجام بوە هەڵس و كەوتێكی ئالی بێبۆنی بێتامی بێرەنگ. باپێكەوە ئەو باسەی دكتۆر بخۆێنینەوە و بیرێك لەواتای سوجدە بكەینەوە.

**سوجدە:**

"ئەو رۆژەی بومە موسڵمان ئیمامی مزگەوتەكە كتێبۆڵكەیەكی پێشكەش كردم باسی چۆنیەتی نوێژی تیابوو، بەلاَم لەناكاوا سەخڵەتیم لە قوتابییە موسڵمانەكانا بەدی دەكرد، و بەچەند دەستەواژەیەك جەختیان دەكرد، وەك: زۆر لەخۆت مەكە، و لەسەرخۆبە، باشتر وایە كاتەكەت كەمكەم و لەسەرخۆ بەسەر بەریت.. لەدڵی خۆما لەخۆمم دەپرسی: باشە دەبێ نوێژ كردن ئەوند سەخت و گران بێ تا ئەم ئەندازەیە؟

بەلاَم گوێم بەئامۆژگاری قوتابییەكان نەدا، و برِیارم دا گورج پێنج فەرزە نوێژەكان لەكاتی خۆیانا بەجێ بێنم، ئەو شەوە لە

ژووره بچکۆلەکەی خۆما، رۆشناییەکی کەمم تیا هێشتەوە، لەسەر قەرەوێڵەکەما کاتێکی زۆرم بەدانیشتنەوە بەسەر برد، هەڵس و کەوتەکانی نوێژم دەخوێندەوەو دووبارەم دەکردنەوە، هەروەها ئایەتە قورئانیەکان و ئەو دوعایانەش کە دەبوا لەناو نوێژەکەما بیانخوێنم.. لەبەر ئەوەی کەبەشی زۆری ئەوانەی من دەمخوێندن بەزمانی عەرەبی بوون دەبوا دەقە عەرەبیەکەیانم لەبەر کردبا، و ئاگام لەواتا کەشیان بوایە بەزمانی ئینگلیزی، پێش ئەوەی متمانەی تەواوم بەخۆم هەبێ بۆ ئەنجامدانی یەکەم نوێژ چەند سەعاتێك بەخوێندنەوەی ئەو کتێبۆڵکەیەوە خەریك بووم، کات لە نیوەشەو نزیك دەبوەوە، بۆیە بڕیارم دا کەنوێژی عیشا بکەم، رۆیشتمە حەمامەکەو کتیبۆڵکەکەم بە کراوەیی لەلایەکی دەستشۆرەکەوە دانا، بەتایبەت ئەو لاپەڕەیەی باسی چۆنیەتی دەستنوێژگرتنی تیابوو، زۆر بەوردی و لەسەر خۆ ئەو دەستوورانەی لەناو کتێبەکەدا بوون هەنگاو بەهەنگاو جێبەجێم دەکردن، وەك چێشت لێنەرێك لە چێشتخانەکەیا بۆ یەکەمجار خواردنێکی نوێ لەسەر رەچەتەکەی دروست بکات.

کاتێ لە دەستنوێژگرتن بوومەوە بەلوعەکەم بەستەوەو گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم، و ئاو لەدەست و روومەوە دەتکا، چونکە لەرێنوێنی کتێبەکە دا ئەڵێ: خێرەکەی باشترە ئەگەر مرۆڤ پاش دەستنوێژ دەست و رووی وشك نەکاتەوە.. لە ناوەڕاستی ژوورەکەما هەڵوێستەیەکم کرد،و روومکردە ئەو لایەوە کە پێم وابوو قیبلەبێ، سەرنجێکی پاشەوەم دا تادڵنیابم لەوەی دەرگای ژوورەکەم داخستووە. ئینجا رووم کردە پێشەوە و خۆم رێکخست و هەناسەیەکی درێژم هەڵکێشا، پاشان دەستەکانم بەهەردوو لەپی کراوەوە بەرزکردەوە، تا پەنجەگەورەکانی دەستم نزیك بوونەوە

لەنەرمایی گوێم، پاشان بەدەنگێکی ئارام و هێواشی گوتم: ئەڵلاهو ئەکبەر..

هیواداربووم (جگە لەخوا)کەس گوێی لێم نەبووبێ، هەستم بەهەندێ هەڵچوون دەکرد، نەمدەتوانی لەو سەخڵەتییە رزگاربم کە: لەوانەیە یەکێ جاسووسی بکات وبیەوێ بزانێ چیئەکەم، ناکاو بیرم کەوتەوە کە پەردەکانم دا نەداوەتەوە.. لەخۆمم دەپرسی: چی دەبێ ئەگەر یەکێ لەهاوسێکان بم بینێ؟

وازم لەو کێشەیە هێنا، و بەرەو پەنجەرەکە رۆیشتم و چاوم گێرِ ا تا دڵنیابم کەس لەو ناوەدا نییە، کە دیتم حەوشەکەی دواوە چۆڵە هەستم بەرەحەتی کرد، پەردەکانم دادایەوە، و گەڕامەوە بۆ ناوەڕاستی ژوورەکە، و جارێکی دیش رووم کردەوە قیبلە و خۆم رێك کرد و دەستەکانم ئەوەند بەرزکردەوە تا هەردوو پەنجە گەورەی دەستەکانم لەنەرمایی گوێم کەوتن، ئەوسا بەئەسپایی گوتم: (ئەڵلاهو ئەکبەر)..

زۆر بەئەسپایی سوورەتی فاتیحەم خوێند لەوانەبوو کەس گوێی لێم نەبووبێ، بەڵاَم چ خوێندنێك زۆر لەسەرخۆ و بەزەحمەت، پاش ئەوە سورەتێ بچکۆلەشم بەعەرەبی خوێند، هەرچەند پێم وابوو ئەگەر هەرعەرەبێك لەو شەوەدا گوێی لەو خوێندنەم بوایە هیچ شتێ حاڵی نەدەبوو!!

**رکووع:**

پاشان جارێکی تر بەدەنگێکی هێواش گوتم: (ئەڵلاهو ئەکبەر)، وخۆم چەماندەوە بۆ رکوع تاتەواو پشتم رێکبوو، هەردوو لەپی دەستم خستبووە سەر هەردوو ئەژنۆمەوە، هەستم بە ئیحراجێك

دەکرد، چونکە لەژیانما پشتم بۆ هیچ کەس و هێزێك نەچەماندبوەوە، بەلاَم شادمان بووم چونکە لەژوورەکەدا تەنیا بووم.. لەو کاتەدا کەهێشتا لە رکووعا بووم چەند جارێك ئەم دەستەواژەیەم دووپات دەکردەوە: (سوبحانە رەببیەل عەزیمی)..

پاشان پشتم بەرزکردەوەو رێك راوەستام، و ئەم رستەیەم خوێندەوە: (سەمیعەڵلاهو لیمەن حەمیدە)، پاشان : (رەببەنا وە لەکەل حەمد). هەستەم دەکرد دڵەتەپێم پێکەوتووە، و کاتیَ بەگەردنکەچیەوە گوتم: (ئەڵلاهو ئەکبەر) هەڵچوونم بەرزبووەوە، چونکە کاتی سوجدە هاتبوو، لەجێی خۆما وشك بووم، لەگەڵ ئەوەدا چاوم برِیبوە ئەو ئەندازە جێگەیەی لەبەردەممایە، دەبیَ دابیەزمە خوارەوەو سوجدە بەرم لەسەر هەردوو دەستم وهەردوو ئەژنۆم، و ئینجا تەوێڵیشم بخەمە سەرخاك. نەمدەتوانی ئەوکارە بکەم، نەم دەتوانی برِۆمە خوارەوەو تەوێڵی خۆم بخەمە سەرخاك، نەمدەتوانی وەك ئەوعەبدەی لەبەردەم ئاغاکەیا خۆی زەلیل دەکات، خۆم زەلیل بکەم و لووتم بخەمە سەرخاك، وام دەهات بەخەیالاَ کە هەردوو لاقم بەستراونەتەوەو ناتوانن بنوشتێنەوە، هەستم بەعەیب و عارێکی زۆر دەکرد، قاقای پێکەنینی دۆست و ناسراوانم بەخەیالٌما دەهات کاتیَ چاودێرم ئەکەن و منیش خۆم وەك گێلێك لیَ بکەم لەبەردەمیانا، ئەوە دەهات بەخەیالٌما چەند بەزەییان دەورووشێنم ودەبمە گاڵتەجارِی نێوانیان! لەوانەبوو گوێم لێیان بیَ کەدەڵێن: ئای (جێفری) هەژار!! عەرەبەکان لەسان فرانسیسکۆ دەستیان لیَ وەشاند!! ئایا وانییە؟

ئالەویادا لەناخی دەروونمەوە لەخوا پارِامەوە یارمەتیم بدات، دوعام دەکرد و دەمگوت: تکات لێدەکەم، تکات لیَ دەکەم لەم

حاڵەدا یارمەتیم بدە، هەناسەیەکی درێژم هەڵکێشا، و خۆم ناچارکرد بڕۆمە خوارەوە، و ئێستا لەسەر هەردوو پێ و هەردوو ئەژنۆومم، وئەوساش کەمێ دوو دڵ بووم، پاش ئەوە زۆرم لەخۆم کردو تەوێڵم خستە سەر بەرماڵەکە، ومێشکی خۆمم لەهەموو خەیالاَتێ خاڵی کرد و سێ جار ئەم رستەیەم گوت: (سوبحانە رەببیەل ئەعلا)، ئینجا ئەڵلاهو ئەکبەرم کردو سەرم لەسوجدە بەرزکردەوە، و لەسەر سمت و ئەژنۆم دانیشتم، و مێشکم لەخەیالاَت خاڵی بوو، نەم دەهێشت هیچ شتێك مەشغوولّم بکات..جارێکی تریش ئەڵلاهو ئەکبەرم کردەوەو تەوێڵم خستەوەسەرخاك، لەو کاتەدا کە لووتم لەخاکەکەی دەدا، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك دەستەواژەی (سوبحانە رەببیەل ئەعلا)م دووبارە دەکردەوە، من بڕیام دابوو بەهەر نرخێ بووە دەبێ ئەم کارە بەئەنجام بگەیەنم.. ئەڵلاهو ئەکبەرم کردو هەستامەوە سەرپێ، بەخۆمم دەگوت: هێشتا سێ جاری تری وەك ئەم جارەت لەپێشەوە ماوە..

لەو ئەندازە نوێژەی کەمابووم دەستم دایە ملانێ لەگەڵ سۆز و خۆبەزلزانینما، بەلاَم لەهەموو رکاتێکی نوێدا کارەکە ئاسانتر دەبوو. تاوای لێهات لەدواین سوجدەدا گەیشتمە ئارامییەکی نزیکە تەواو. ئینجا لە دانیشتنی دوایندا تەحیاتم خوێند، و لەکۆتاییدا سلاَوم بەلای راست و چەپمدا دایەوە..

**پاش نوێژەکە:**

لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر شەکەت ببوم لەسەر زەوییەکە دانیشتبوم، و دەستم بەچاو پیاخشانەوەی ئەو نەبەردە کرد کەتیایا ژیابووم، هەستم بە ئیحراج دەکرد، چونکە من ئەو هەموو نەبەردەم

کردووه له پێناوی بەجێهێنانی نوێژێك تا کۆتاییەکەی، سەرم نەوی کرد و لەخوا پاڕامەوە کە لە نەزانین و خۆ بەزلزانینم خۆش ببێ، بێگومان لە جێیەکی دوورەوە هاتووم، تا ئێستاش بڕینی ڕێیەکی درێژم لەبەرە.. ئالەو کاتەدا هەستم بەشتێك دەکرد کە لەوەپێش بەسەرما نەهاتبوو، لەبەر ئەوە زۆرم پێ ئاستەمە بتوانم بەچەند وشە یا چەند دەستە واژەیەك باسبکەم. شەپۆلێك دایگرتبووم جگە لەوە کەبڵێم وەك فێنکاییەك وابوو ناتوانم وەسفێکی تری بکەم، وام بۆ دەردەکەوت کە لەخاڵێکی ناوچەی سنگمەوە دەدرەوشایەوە، شەپۆلێکی تەواو گشتگیربوو بۆ هەموو لەشم، لەسەرەتاوە وەك ناکاوێك وابوو، باش لەیادمە کە لەرز دایگرتم ، بەڵام زۆر لەوە زیاتربوو کە تەنیا هەستێکی جوستەیی بێ، بەشێوەیەکی سەیر و نامۆ کارکردی لە سۆزو عاتیفەما هەبوو، وا دیاربوو کە ڕەحمەت لەوێنەیەکی هەست پێکراودا قەوارەی گرتبوو، و دای دەپۆشیم و زیاتر خۆی بۆ هەموو قەوارەم دەکوتا، ئینجا دەستم بەگریان کرد، بێ ئەوەی هۆیەکەی بزانم، بەخوڕزم فرمێسك بەسەر گوناکانما دەهاتنە خوار، و بەتوندی کەوتبوومە هەنسکدان، هەتا گریانم زیاتر دەبوو، زیاتر هەستم بەوە دەکرد کە هێزێکی بێ سنوور لەلوتف و ڕەحمەت لەئامێزم دەگرێ، هەست بەتاوان پاڵنەری گریانەکەم نەبوو، لەگەڵ ئەوەدا کەدەشیا وایش بێ، یا بەهۆی پاڵنەرێ لەسەر شۆڕی یا شادمانی نەبوو، وا دەرەکەوت کە بەستێك دەرەکەی کردۆتەوەو پۆنگ خواردوویەکی زۆری ترس و تووڕەیی لە دەروونما بەرەلاَ کردبێ.

لەکاتێکا کە من ئەم دێرِانە ئەنووسم، دەڵێم لێبوردەیی خوا تەنیا بۆ چاوپۆشی لەتاوان نیەو بەس، بەڵکو بۆ چارەسەری دەردەکان و ئارامی و دامەزراندنی دڵانیشە. تاماوەیەك لەسەر هەردووئەژنۆم بەکوورِی دانیشتبووم هەنسکم ئەدا و سەرم لەنێوان هەردو بەری دەستما بوو.

لە دواییدا کاتێ گریانەکەم وەستایەوە، تەواو ماندوو ببوم، بێگومان ئەوەش تەجروبەیەکی لافاو مانەند و تا ئەندازێك نامۆ بوو، لەو کاتەدا رێی پێ نەدەدام تەفسیرێکی عەقلانی بۆ بکەم، ئەوکاتە وام دەبینی: ئەم تەجروبەیە نامۆترە لەوەی بتوانم کەسێکی تری لێ ئاگاداربکەمەوە.. بەلاَم گرنگترین شتێ لەوکاتا دەرکم کردبێ ئەوەبوو کە: من پێویستیەکی تەواو بەخوا هەیە، و بەنوێژیش.

پێش ئەوەی لەجێی خۆم هەستم ئەم دواین دوعایەم کرد: " ئەی خوایە! ئەگەر زاتی ئەوەم کرد جارێکی تر کافر ببمەوە بەتۆ، پێش ئەوە بم کوژە، و لەم ژیانی دنیایە رزگارم بکە. زۆر زەحمەتە بتوانم بەو هەموو عەیب و کەموکورِیانەمەوە بژیم. بەلاَم ناتوانم رۆژێك لەگەڵ ئینکاری بوونی تۆدا بژیم"..

**(#)** سەرچاوە: **1-گۆڤاری المجتمع. 2- http://meccacentric.co**

نۆموسڵمان: ٧٦٩ جار بینراوە، ٠ بۆچوون، لە ١٠/٢/٢٠٠٦ لەسایتی پێنجوێنی بلاوکراوەتەوە
http://www.penjweny.org/article/556

# 7

# دانیال سترایش

## ئەندامی سەرکردایەتی پارتی گەلی سویسری

## موسوڵمان بوو

وەرگێڕان و پێشەکی بۆ نووسینی

**د. حسن پێنجوێنی**

## پێشەکی:

مرۆڤی بانگخواز نابێ لە بانگێشەکەیا ماندوو ببێت، بەڵکو دەبێ زۆر پشوودرێژ و بەهیوا بێت، کەسانێك هەن لەرواڵەتا زۆر دژ بە ئیسلام و ئاینی یەکتا پەرستین، بەڵام خێرێکی زۆر گەورەیان تێدایەو هێشتا بواری پێویستیان بۆ هەڵنەکەوتووە تا وەك خۆی بەئیسلام ئاشنا ببن، شەپۆلەکان زۆر هەستیارن، وادەبێ ماوەیەکی زۆر دوگمەی شەپۆلی رادیۆ دەگێڕیت بۆ ئەوەی ئێزگەی دڵخواز بکەیتەوە، بەڵام تەشویشی شەپۆلەکانی تر کاریگەری لەسەری هەیەو وەری ناگرێ، دەبینی لەناکاوێکا وەری دەگرێ و ئێزگەی دڵخوازت دەست دەکەوێ..

دڵەکانیش هەروەهان ماوەیەکی زۆرلەتەك یەکێکدا قسەدەکەیت باسی بۆدەکەیت، بەڵام مل بادەدات نەك هەر ئەوە بەڵکو دژایەتییەکی گەورەو ناهەمواریشت دەکات، لێی مەئیوس مەبە، چونکە نموونەمان زۆرە لەوبارەوە، کێ دەیگوت ئەو دوژمنە گەورەو سەرسەختەی ئیسلام، کە هات بۆ ئەوەی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم بکوژێت، عومەری کوڕی خەتتابی لێ دەردەچێت؟ کێ دەیگوت ئەو خالیدی کوڕی وەلیدەی لەئوحودا گەورەترین زیانی بەموسوڵمانان گەیاند دەبێت بەو سەیفوڵڵایەی کەبوو؟!

لەمێژووی نوێیشماندا من خۆم چەند کەسی ئاوەها سەرسەخت و دژبەئیسلامم دیوەو پاشان نەك هەر موسوڵمانێکی سادە بەڵکو بوونەتە هەڵگری پەیامەکەو سەربازێکی گیان فیدا بۆ گەیاندنی ئەو نوورە بەخەڵکی تریش..

لەبییرتان دێت چەند ساڵێ لەمەوبەر هەڵمەتێکی دژ بە ئیسلام و ڕەمزی ئیسلامی لە سویسرا پەیدابوو، داوای ڕووخاندنی منارەی مزگەوتەکانیان دەکرد لەو وڵاتەدا؟! یەکێك لە سەر سەخت ترین نەیار و ناحەزانی ئیسلام (دانیال سترایش)بوو.. دەزانن ئەم پیاوە کێ بوو؟!

ئەندامی پێشووی پارتی گەلی سویسری(SVP) بوو، بەڵکو ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو پارتە بوو، یەکیك بوو لەراهێنەرە سەربازییەکان لەناو سوپای سویسرادا، و یەکێکیشە لە سیاسییە لۆکالییەکانی شاری (بازل)..

دانیال کە مەسیحییەکی پێبەند بوو بە ئاینەکەیەوە لەسالی 2009دا موسوڵمان بوونی خۆی ئاشکرا کرد، هەرچەند دووساڵ پێشتر واتە: لەسالی 2007دا موسوڵمان بووبوو، ویستی موسوڵمان بوونەکەی بەنهێنی بمێنێتەوە تا بەتەواوی لەئیسلام حاڵی ببێت..

دانیال لەگەل ئاشکراکردنی موسوڵمانبوونیدا وازیشی لە پارتی گەل هێنا، و نارەزایی خۆیشی بەرامبەر پڕوپاگەندەی دژبە ئیسلامی میدیاکان ڕاگەیاند.. لەبەر ئەوە هەمیشە گەش بین بن بەرامبەر بە داهاتوو، دڵنیاشبن کە ئاییندە بۆ ئیسلامە..

د. حسن پێنجوێنی
پێرس - ئوستراليا

**هەواڵی ئیسلامبوونی لە سەرەتاوە:**

سەرەتا هەواڵی ئیسلامبوونی دانیال سترایش لە پێگەی (Twenty Minutes Online) سویسریەوە بەم جۆرە بڵاو بوویەوە:" دانیال سترایش کە یەکیکە لەراهێنەرە سەربازییەکان لەناو سوپای سویسریدا، و یەکێکیشە لە سیاسییە لۆکالییەکانی شاری (بال) لە پارتی گەلی سویسری(SVP) وازی لەپارتەکەی هێنا، و هۆکاری وازهێنانەکەشی ئەوەیە کە موسوڵمان بووە، ماوەی دووساڵە هەواڵی موسوڵمان بوونەکەی بەنهێنی هێشتوتەوە، و نەیهێشتووە پارتەکەی پێی بزانێ، ئێستاش لەتوانایا نییە ئەو هەڵمەتە ریکلامیانەی دژ بەئیسلام قبووڵ بکات .."

کاتی خۆی سترایش ئەندامێکی گرنگی مەسیحی بو لەپارتی گەلی سویسریدا، ئینجیلی دەخوێند و بەشێوەیەکی رێك و پێك سەردانی کەنیسەی دەکرد، ئەندامی مەجلیسی لۆکالی شارەکەیە و راهێنەری سەربازیشە لە سوپادا، ئیستا سترایش بەرێکو پێکی رۆژانە پێنچ جار نوێژەکانی دەکات و قورئان دەخوێنێ و بەردەوام سەردانی مزگەوت دەکات..

لەبەر ئەوەی ئەو هەڵمەتە دژ بەئیسلامییەی پارتی گەلی بۆ قبوول نەدەکرا سترایش دوو هەفتە لەمەوبەر وازهینانی خۆی لەو پارتە راگەیاند.. (2009/11/10)، ئێستا سترایش دەیەوێت پارتێکی دیموکراتی سڤیلی پارێزکار پێك بێنێ..

## ئەم پیاوە چۆن موسوڵمان بوو؟

لەبارەی ئیسلامەوە دەستی بەخوێندنەوەو توێژینەوە کرد، چونکە زۆر رقی لێی بوو، دەیویست لە خودی خۆیا بەڵگەو دەلیل بەدەست بێنێ بۆ دژایەتیکردنی ئیسلام، و لەبەر چاو خەڵکیدا ناشیرینی بکات، بەڵام ئەو شتێکی ویست و ئیرادەی خوایش شتێکی تر بوو، کاتێ دەستی بەخوێندنەوە کرد دیتی ئەمە ئەو سیستەمەیە کە ئەو بەشوێنیا عەوداڵە!! وەك سیاسەت مەدارێکیش عەجولانە بڕیاری خۆی نەدا لەبارەی ئیسلام بونیەوە، دووساڵی تەواو بەسەر خۆشویستنی بۆ ئیسلام تێپەڕی و لەوماوەیەدا زیاتر لێکۆلینەوەو توێژینەوەی لەبارەی ئیسلامەوە دەکرد تا سەد لەسەد قەناعەتی تەواوی هێنا، و لە (2009/11/10)دا موسولمانبوونی خۆی ئاشکرا کرد، و لەگەڵ موسوڵمانبوونەکەشیا رایگەیاند:

ئیسلام وەڵامی ئەوپرسیارانەی دامەوە کە بەدرێژایی ژیانم بەشوێنیاندا دەگەڕام، و بەهیچ شێوەیەك لە مەسیحییەتا وەڵامیان نەبوو..

لەو دیمانانەی لەتك دانیالدا کراوە رایگەیاندووە، چەند دژمنایەتی لەتەك ئیسلاما کردووە لەمەودا دەبێ هەموو تەمەنی خۆم و ماڵو سامانم لەپێناوی ئیسلامدا بەخت بکەم..

پاك و بێگەردی بۆتۆیە ئەی ئەوزاتەی گۆڕینی دڵەکانت بەدەستە، چۆنیت بوێت وا دەیگۆڕیت بەدڵ دەلالێینەوە دڵەکانمان لەسەر ئیسلام و خۆش ویستنی خوت و خۆشەویستانت سەقامگیر بکە یارب!!

دانیال دەڵێ: من لەخۆم دەپرسم : من ماوەی سیی سال تەمەنی خۆمم لە خزمەتی ئەم وڵاتەدا سەرف کرد لەسیاسەت و کارکردنا بۆ ئەم سیستەمە سیاسییە کە نەیەڵین موسوڵمانان مزگەوتیان هەبێ؟ لەگەڵ ئەوەدا کەسویسرا پێویستییەکی زۆری بە مزگەوتی زیاتر هەیە!! بۆ وڵاتێکی وەك سویسرا شیاو نییە موسولمانان ناچار بکرێن دروشمە ئاینییەکانیان لە کۆڵانە کانی دواوەدا ئەنجام بدەن..

# # #

# 8

## قەشە کینس ئیل

# چۆن موسوڵمان بوو؟

وەرگێڕانی:

د. حسن پێنجوێنی.

## پێشەکی:

قەشەی پێشوو **[كینس ئێل جەنگیز]**، کەئێستا ناوی {عەبدوڵلا فارووق}ە، لەنامیلکەیەکدا باسی گەشتە ئیمانییەکەی خۆی دەکات کە چۆن خوا رێنوێنی کردووە؟ و بووەتە ئەندامێك لەم ئاینە هێژایە.. ئەم بابەتەی بەردەستیشتان لەراستیدا پاڵفتەیەکی ئەو نامیلکەی خۆیەتی، و لە بەرگی دەرەوەی نامیلکەکەدا دەڵێت: وەك قەشەیەکی پێشوو و پیاوێکی ئاینی لەکەنیسەدا ئەرکی سەرشانم رێ روونکردنەوەبوو بۆ خەڵکی، تا لەوتاریکییەی تیا دەژیان دەریان بکەم...

پاش ئەوەی خۆم موسوڵمان بووم، حەزێك لەناخمدا چەکەرەی کرد، کەتەجرەبەکەی خۆم لەگەڵ ئەم ئاینەدا بڵاو بکەمەوە، بەڵکو نوور وبەرەکەتەکەی برِژێ بەسەر ئەوانەدا، کەهێشتا نەیان ناسیوەو نازانن چییە.

من زۆر سوپاسی خودا دەکەم کە ئەومیهرەبانییە گەورەی لەتەکا کردم، و هیدایەتی دام، و خستمیە ناو ئیسلامەوە، و تا لە جوانی و گەورەیی ئەم ئاینە شارەزا ببم، بەوشێوەی کە پێغەمەری هێژا و هاوەڵە حەقرِەوەکانی شەرحیان کردووە..

تەنیا بە هۆی رەحمەتی خواوە دەگەینە ئەو هیدایەتە راستەقینەیە، و توانای شوێنکەوتنی ئەو رێ راستەمان دەبێت، کە سەر بۆ سەرکەوتنی دنیاو قیامەت دەکێشێت.. کاتێ رۆیشتم بۆلای شێخ عەبدول عەزیزی بن باز، و موسڵمانبوونی خۆمم راگەیاند ئەو رەحمەتە خواییەم بینی دەدرەوشایەوە، لەهەموو چاوپێکەوتنێکدا خۆشەویستی ئەوم لازیاتر دەبوو، باشتریش دەمناسی..

خەڵكێكی زۆر یارمەتییان دام بەهاندان و فێركردن بەلاَم لەبەر ترسم لەوان ناویان ناهێنم، ئەوەندە بەسە كە بڵێم: سوپاس بۆ خوای بالاَدەست كە ئەو هەموو براو خوشكانەی بۆ سازاندم تا یارمەتیم بدەن و دەورێكی بالاَ لەپەروەدەكردنی باوەر لەناخما ببینن، و وەك موسوڵمانێك پێم بگەیەنن، و من لەخوا دەپارِێمەوە بەو هەوڵە كەمە، سوود بەخەڵكێكی زۆر بگەیەنێ، و هیوادارم هەموو مەسیحییەك ئەو رێیە بدۆزێتەوە، كەبەرەو رزگاری دەبات.. بێگومان وەلاَمی ئەو موشكیلانەی ناو مەسیحییەت لەناو سنووری مەسیحییەتا دەست ناكەوێت، چونكە خۆیان هۆی موشكیلەكانیانن، بەلاَم چارەسەری هەموو موشكیلەیەكی مەسیحی و مەسیحیەت و هەموو ئەو ئاینانەی تری دنیا لە ئیسلامدایە.. هیوادارم خوا بەپێی نییەت ومەبەست و كردەوە كانمان پاداشتمان بداتەوە..

## سەردەمی منداڵیم:

سەرەتا من وەك منداڵێكی بچووك لەسەر ترسی خوا پێگەیشتم، و لەسەر دەستی داپیرەم كە باوەرِدارێكی بەهێز بوو پەروەردەكرام بەشێوەیەكی بەرفراوان بەرەو كەنیسە بردمی لەگەڵ ئەوەدا هێشتا من منداڵێكی بچووك بووم ئەوشوێنە ببوە بەشێكی تەواوكەری ژیانم، كاتێ تەمەنم گەیشتە شەش ساڵ باش دەمزانی كە چ نازو نیعمەتێكی بەهەشت چاوەروانیم دەكات، یا سزای ئاگری دۆزەخ.. داپیرەم ئەوەی فێر دەكردم كە درۆزنەكان بۆ هەمیشە بەرەو دۆزەخ دەرِۆن، دایكم لە دووشوێنا كاری دەكرد، بەلاَم هەمیشە ئەوەی یاد دەخستمەوە كە داپیرەم پێی دەگوتم.. خوشكە گەورەكەم و برا بچووكەكەم وانەبوون، ئەگەر داپیرەم تا ئێوارە

باسـی خۆشـی بەهەشـت و سـزای دۆزەخـی بـۆ بکردنایـە، هـیچ بایەخێکیان بەقسەکانی نەدەدا، وەك ئەوەی من بایەخم پێ دەدا!!

تائێستاش بەباشـی لەیادمـە کـاتێ منـداڵ بـووم، هەنـدێ کـات کـە رەنگـی مانـگ لەسوورەوە نزیك دەبوەوە سـەیری مـانگم دەکـرد دەستم بـەگریان دەکـرد، چونکـە داپیـرەم بـۆی بـاس کردبـووم کـە یـەکێك لەنیشانەکانی دنیا وێران بوون ئەوەیە کە رەنگـی مانـگ وەك خـوێن سـوور دەبێـت.. کـاتێ تەمـەنم گەیشـتە هەشـت سـاڵ ئاگادارییـەکی باشـم لـە مەسـایلی ئـاینی پەیـدا کردبـوو، ترسـێکی زۆرم لـە وێرانبـوونی دنیـا بـۆ دروسـت ببـوو، بیرکردنەوەیـەکی سـەیرم لـەرۆژی قیامـەت وحسـابی پاشـەرۆژ بـۆ دروسـت ببـوو، کەئایا چۆن دەبێ؟؟ ماڵمان لەسکەی شەنمەندەفەرکەوە زۆر نزیك بوو، شـەمەندەفەریش رۆیشتنی بـەردەوامی هـەبوو، بـاش لەیادمـە کـە چـۆن لەترسـانا بـە دەنگـی شـەمەنەفەرکەو هۆڕینەکەیـەوە خەبەرم دەبوەوە، وام دەزانی کە مردووم و زیندووبومەتەوە..!!

بــەهۆی ئــەو قســانەوە کــە داپیــرەم بــۆی دەکــردم و ئــەو چیرۆکانــەی کتێبــی پیــرۆزەوە کــە دەمخوێنــدەوە ئــەم بیرۆکانــە لـەزەینما دروسـت ببـوون.. لـەرۆژی یەکشـەممەدا دەرۆیشـتین بـۆ کەنیســە، و لــەو رۆژەدا باشـترین پۆشـاکی خـۆمم لەبــەردەکرد، گەیشـتنمان بـۆ کەنیسـە لەئەسـتۆی باپیرەمـدا بـوو.. لەیادمـە وەك دەیـان سـەعات لـەوێ کـات بەسـەر ببـەین ئاوەهـابوو، لـەیانزەی بەیانیـدا دەگەیشـتینە ئـەوێ، تـانزیکی سێی پـاش نیـوەڕۆ بـەجێمان نەدەهێشـت، لەیادمـە کـە هەنـدێکات لەباوەشـی داپیرەمـا خـەوم لێدەکــەوت.. هەنــدێ جــاریش داپیــرەم رێــی پــێ دەدام لەگــەڵ باپیرەمـدا بڕۆمـە دەرەوەو لـەوێ لەگـەڵ ئـەوا دابنیشـم، چونکـە

باپیرەم وەك داپیرەم دیندار نەبوو، بۆخۆمان پێکەوە دادەنیشتین چاودێریی شەمەنەفەرەکانمان دەکرد.. رۆژێکیان باپیرەم جەڵتە لێیدا و ئەمە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر رۆیشتنی عادەتیمان بۆ کەنیسە.. لەراستیدا ئەو سەردەمە لە ژیانمدا زۆر هەستیار وناسك بوو..

لەو ماوەیەدا هەستم دەکرد زۆر ئارەزوومەندم بۆ رۆیشتن بۆ کەنیسە.. هەرواش بوو بەتەنیا خۆم دەرۆیشتم، کاتێ تەمەنم بووە شانزەساڵ بۆ کەنیسەیەکی تر دەرۆیشتم، کەبریتی بوو لە خانووەیەکی بچکۆلە وباوکی هاورێیەکم سەرپەرشتی دەکرد، و ئەوانەی دەهاتن بۆ ئەوێ من و هاوەڵێکم و باوکی و چەند هاوەڵێکی قوتابخانەم بوون.. ئابەوجۆرە چەند مانگێك بەردەوام بووین پێش ئەوەی کەنیسەکە دابخرێ..

لەزانکۆدا:

پاش ئەوەی لەدواناوەندی دەرچووم و پێم نایە ناو زانکۆوە بیرم کردەوە من پێبەندم بەئاینەکەمەوە، و بۆیە لەبواری ئاینیدا بوومە یەکێك لەقوتابییە چالاکەکان، وپاش ئەوە تەعمید کرام، و وەك قوتابییەکی زانکۆ پاش ماوەیەکی کەم بوومە باشترین ئەندامێك لەکەنیسەدا، و خەڵکێکی زۆر خۆشیان دەویستم، و خۆیشم خۆمم بەبەختەوەر دەزانی، چونکە بڕوام وابوو لەرێی رزگاریدام.. لەهەرکاتێکا دەرگای کەنیسە بکرایەتەوە من دەرۆیشتم بۆ کەنیسە، بۆ چەندرۆژ و هەندێ جاریش بۆچەند هەفتە کتێبی پیرۆزم دەخوێندەوە، ئامادەی ووتاری ژمارەیەکی زۆری پیاوانی کەنیسە دەبووم، لەتەمەنی بیست ساڵیدا بوومە یەکێك لەئەندامانی کەنیسە، ئینجا خۆم دەستم کردە ئامۆژگاری.. بەکەسێکی بەدەست وبرد

ناسرابووم.. لەراستیدا من یەكێك بووم لە دەمارگیرەكان، و من بروام وابوو كە هیچ كەس ناتوانێ رزگاری بەدەست بێنێ تا نەبێتە ئەندام لەكەنیسەدا!! وهەركەسێكیش وەك خۆم پەروەردگاری نەناسیبا لێی نارازی بووم، من برِوام وابوو یەسوعی مەسیح وپەروەردگار بریتین لە تەنیا كەسێك، ئەوی راستی بێ من لەكەنیسەدا فێربوم كە بەسێدانان {تثلیث}دروست نییە، لەهەمان كاتا بروام وابوو كە باوك و یەسوع و رۆحول قودس تەنیا كەسێكن!! هەوڵم دەدا بزانم چۆن ئەم پەیوەندییە دروستە؟ بەلاَم لەراستیدا نەمتوانی بگەمە ئەنجامێكی تەواو لەبارەی ئەم بیروباوەرِەوە..!!

زۆر موعجەب بووم بە بالاَپۆشی ئافرەتان، و رەوشتجوانی پیاوان، من یەكێك بووم لەوانەی باوەرِم بەودەستوورە بوو كە پێویستە ئافرەتی خاوەن باوەرِ هەموولەشی دا بپۆشێ! ئیمانم بەوئافرەتە نەبوو كە دەمووچاوی پر لەمكیاج دەكات و دەڵێت من سەفیری مەسیحم!! لەوكاتەدا گەیشتبوومە ئەو دڵنیاییە كە ئەوەی من باوەرِم پێیەتی رێی رزگارییمە، هەروەها ئەگەرلەتەك یەكێك لەئەندامانی كەنیسەكانی ترا بكەوتمایەتە موناقەشەو دەمەتەقێوە بەبێدەنگبوونی بەرامبەرەكەم كۆتایی پێ دەهات..ئەوەش بەهۆی ئەوەوەبوو كە ئاگاداری تەواوم لە كتێبی پیرۆزدا هەبوو، چونكە سەدان دەقم لە ئینجیل لەبەر كردبوو، ئەمە یەكێك بوو لەوانەی منی لەهەندێ كەس جیاكردبوەوە..

لەگەڵ ئەو هەموو متمانەیەدا كە بەخۆمم هەبوو، هێشتا بەشێك لەقەوارەم بۆ شتێكی شاراوە دەگەرِا، بۆ شتێك دەگەرِا كە خۆیشم نەمدەزانی بۆچی دەگەرِێ؟! بۆ شتێك گەورەتر لەوەی من پێی گەیشتبووم.. بەردەوام لەپەروەردگار دەپارِامەوە كەبۆ ئاینی

راست ودروست رێنوێنیم بکات، و ئەگەر گوناهم هەیە لەگوناهم خۆش ببێت.. تا ئەم ساتە هیچ دیتن ودانیشتنێکم لەتەك موسوڵماناندا نەبووبوو، و هیچ شتێکم لەبارەی ئیسلامەوە نەدەزانی..

تاقمەکەی ئەلیجا:

ئەوەی من دەم ناسی تەنیا تاقمەکەی ئەلیجا موحەممەد بوو، کە پێیان دەگوتن: ئۆمەتی ئیسلام، ئەمەش کۆمەڵێك بوون لەرەش پێستەکان و ئاینێکی تایبەت بەخۆیان دروست کردبوو، ئەوانەش رەگەز پەرستبوون و جگە لەرەش کەسی تریان وەرنەدەگرت..بەلاَم ناویان لەتاقمەکەیان نابوو: " امة الإسلام " ، ئەمەش وایکرد من پێم وابێ کەئیسلام بریتییە لەمانە.. بناغە دانەری ئەم ئاینە ناوی ئەلیجا موحەممەد بوو، ئەو ئەم ئاینەی دامەزراند وتاقمەکەشی بە "موسوڵمانانی رەش " ناودەبرد.. لەراستیدا وتارخوێنێکی رەوانبێژیان هەبوو بەناوی " لویس فرقان " تائەندازێك قسەکانی سەرنجی راکێشام.. ئەمە لە حەفتاکانی سەدەی رابوردوودا، پاش ئەوەی لەزانکۆ دەرچووم من لەبواری کاری ئاینییدا تا ئەندازێك پێشرەویم کردبوو، ئالەوکاتەدا شوێنکەوتەکانی ئەلیجا موحەممەد بەباشی ئاشکرابووبوون، لەوکاتەدا دەستم کرد بەیارمەتیدانیان بەتایبەت ئەوان کەهەوڵیان بۆ باشکردنی حاڵی رەشەکان دەدا، و ئەوانیش معامەلەیەکی خراپیان لەتەکا دەکرا و وەزعیان زۆر شپرزەبوو. ئامادەی وتارەکانیان دەبووم تا بەتەواوی سروشتی ئاینەکەیان بناسم ، ئیتر من ئەو بیرۆکەیەم بۆم قبوڵ نەکرا کە پەروەردگار بریتی بێت لە پیاوێکی رەشپێست، ( هەروەك ئەندامانی ئۆمەتی ئیسلام باوەرِیان پێی هەبوو).. رێرەوە کەیانم پێ خۆش نەبوو لە

بەکارهێنانی کتێبی پیرۆز بۆ یارمەتی بییر وباوەڕیان، من شارەزایی باشم لەو کتێبە هەبوو، لەبەر ئەوە بۆ ئەو ئاینە بەپەرۆش نەبووم، لەو کاتەشدا بڕوام وابوو کە ئیسلام بریتییە لەو ئاینەی ئەوان..

دوای شەش ساڵ لەوسەردەمە بۆ ژێواری رووم لەشاری تەکساس کرد، زۆر بەگورجی توانیم ببمە ئەندام لەدوو کەنیسەی ئەو شارەدا، لەیەکێ لەوکەنیسانەدا لاوێکی کەم تەمەن کاری دەکرد کە هیچ خیبرەو تەجروبەیەکی نەبوو، بەلاَم خیبرەی من لە مەسیحییەتا زۆر گەشەی کردبوو، بگرە لەژوور ئاستی ئاساییەوە بوو، لەکەنیسەکەی ترا قەشەیەکی تەمەن گەورەی تیابوو، لەگەل ئەوەشدا ئەو شارەزاییەی منی لەکتێبی پیرۆزدا نەبوو، ئیتر وام بەباش زانی برۆمە دەرەوە تا ناخۆشی و ناکۆکی لەنێوانمانا روو نەدات، بۆیە رۆیشتم تا لەکەنیسەیەکی ترا و لەشارێکی ترا کاربکەم، بەلاَم ئەوشارەی تر کە بۆی رۆیشتم قەشەی کەنیسەکەی ئینسانێکی زیرەك و وریاو زانابوو، زانیارییەکی فراوانی هەبو، ڕێبازێکی سەرسوور هێنەری بۆ فێرکردن هەبوو، لەگەڵ ئەوەدا کە لەهەندێ بیرۆکەکانا هاوڕای نەبووم، بەلاَم لەکۆتاییدا پیاوێك بوو توانای کەسبکردنی خەڵکی هەبوو.. ئالێرەدا شتانێکم لەناو کەنیسەدا بۆ دەرکەوت کەلەوەبەر هەرگیز پێم نەدەزانی، و ئەمە وای لێکردم بییر لەو ئاینە بکەمەوە کە من هەمە..

رەوشتی شاراوەی ناوکەنیسە:

لەناو کەنیسەدا بەخێرایی بۆم دەرکەوت کە زۆر حاڵەتی بەخیلی و حەسوودی لەناو پلەکانی کەنیسەدا پەرەی سەندووە، زۆر شتی

تریش کەهزرو بیری گۆڕیم، ئەو بیرۆکانەی من عادەتم پێوە گرتبوو، بۆنموونە: ئافرەتان بەرگێکیان لەبەر دەکرد من پێم وابوو شەرمەسارییە، هەموان بایەخیان بە شکڵ و رواڵەت دەدا بۆ سەرنج راکێشانی خەڵکی تر، و جنسەکەی بەرامبەری نەك بۆ شتی تر.. بۆم دەرکەوت کە ماڵ وسامان چ دەورێکی گرنگی لەناو کەنیسەکاندا هەیە.. هەواڵیان دامێ کە ئەگەر هەر کەنیسەیەك ژمارەیەکی دیاریکراو ئەندامی نەبێ پێویست ناکات کاتی خۆتی لەگەلاَ بەزایە بدەیت ، چونکە ناتوانی بەرهەمێکی ماڵی گونجاوی لێ بەدەست بێنی، ئالەویا پێم گوتن: من لەبەر خاتری ماڵ و سامان نەهاتووم بۆ ئێرە.. من ئامادەم بۆ کارکردن بێ ئەوەی شتێ وەر بگرم، تەنانەت ئەگەر تەنیا ئەندامێکیشی هەبێت !!

ئالێرەدا بیرم لەوانە دەکردەوە کە من پێم وابوو حیکمەت وکارزانی لەکاریانا هەیە چۆن لەبەر خاتری پارە کار دەکەن؟! بۆم دەرکەوت کە ماڵ و دەسەلاَت و قازانج بەلایانەوە زۆر گرنگ ترە لە خەڵك ئاگادار کردنەوە لە حەقیقەت، بۆیە دەستم کرد بە هەندێ پرسیار لەو مامۆستایانە، بەلاَم ئەم جارەیان لەبەرچاو خەڵکیداو لە کاتی وتارەکاندا.. پرسیارم دەکرد: چۆن دەبێت یەسووع{عیسا سلاَوی لێ بێت} پەروەردگار بێت؟ هەروەها لەبارەی باوك و رۆحول قودس، و، و.. پرسیارم دەکرد؟! بەلاَم وەلاَمی زۆریان نەبوو.. بەشێکی زۆر لەو قەشانە پێیان دەگوتم: ئێمەش خۆمان نازانین چۆن تەفسیری بکەین؟! بەلاَم لەهەمانکاتا بروایان وا بوو کە داوایان لێ کراوە باوەڕیان پێی هەبێ..هەروەها دەرکەوتنی حاڵەتێکی زۆر لە زینا و داوێن پیسی لە ناو ژینگەی کەنیسەدا و بلاَوبوونەوەی مادەسڕکەرەکان،

و بازرگـانی پێـوەکردنی لەناوخۆیانـدا، و دەرکـەوتنی ژمارەیـەکی زۆر لە و قەشانەی کە شزووزی جینسییان هەیـەو کـاری قـەومی لـووت دەکـەن، ئەمانـە هـەمووی سـەریان کێشـا بـۆ ئـەوەی مـن رێـرِەوی بییرکردنـەوەم بگـۆرِم و بەشـوێن شـتێکی تـرا بگـەرِێم، بەلاَم ئەوشتە چییە؟

## گەشتەکەم بۆ سعوودییە:

لەورۆژانـەدا تـوانیم کـارێکی نـوێ لەشانشـینی سـعودییە بەدەسـت بێنم، ئەمەش بۆمن سـەرەتایەکی نـوێ بـوو، ماوەیـەکی زۆری پـێ نـەچوو سـەرنجم دا شـێوازی ژیـان لای مۆسـوڵمانان جیـاوازە، ئـەمان زۆر جیـاوازن لەشـوێنکەوتووە رەگـەز پەرستەکانی کـانی ئـەلیجا موحەممـەد کەهیچکەسێکی تریـان بێجگـە لـەرەش پێسـت وەرنـەدەگرت، ئەوئیسلامەی لەم وڵاَتەدایە لەهەموو چین ورەگـەز وجـۆرێکی تێدایـە، ئالـەویـا بـۆ شـارەزابوون لـەم ئاینـە جیـاوازە ئارەزوومەندییـەکی بـەهێزم لادروسـت بـوو، زۆر سەرسـام بـووم بەژیانی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم و دەمویست زیـاتر بزانم، داوای کۆمــەڵێ کتێــبم لەیــەکێ لەوبرایانــە کــرد کــە لــەبواری بانگەواز بۆ ئیسلامدا چالاك بوو..

هەموو ئەوکتێبانـەی داوام کردبوو بەدەستم گەیشـت و هـەموویانم خوێنـدەوە، پاشـان قورئـانی پیرۆزیشـیان پێـدام، لـەماوەی چەنـد مانگێکـدا چەنـد جارێـك خوێندمـەوە، پرسـیارێکی زۆرم دەکـرد، وهەمیشـە وەلاَمـەکان قەناعـەتیان پـێ دەکـردم، ئـەوەش کـە زیـاتر خۆشـەویستی ئـەو ئاینـەو هـەڵگرانی لام دروسـت کردبـوو، زۆر لەسەر وەلاَمدانەوەکە سوور نەبوون، بەڵکو ئەگـەر نـەیزانییا زۆر بەراشـکاوانە پێمــی دەگــوت نــازانم، و بــەلاَم بــۆت دەپرســم و

لەکاتێکی ترا ئاگادارت دەکەمەوە، بەزۆری لەرۆژی داهاتوودا وەڵامەکەی بۆ دەهێنامەوە، ئەوەش کە زۆر منی بەلای ئەواندا رادەکێشا زۆر لەخۆیان و ئاینەکەیان دڵنیابوون، شانازییان بە ئاینەکەیانەوە دەکرد، من سەراسیمە ببوم کاتێ ئافرەتانم دەبینی هەر لەتەوقی سەریانەوە تا نووکی پێیان داپۆشراو بوون!! پلەی ئاینیم لەنێویانا نەدەبینی، و لەناو خەڵکیدا مونافەسە بۆ بەدەستهێنانی خەڵکێکی زۆر تر بۆ کارکردن لەو پێناوەدا نەبوو، هەروەك لەئەمریكادا لەناو کەنیسەدا هەبوو..

موسوڵمانبوونی خۆمم راگەیاند:

هەموو ئەمانە زۆر جوان بون بەلاَم شتێکم زۆر بەلاوە زەحمەت بوو من چۆن دەتوانم واز لەئاینێك بێنم کەلەسەری پەروەردەبووم؟ چۆن واز لە کتێبی پیرۆز بێنم؟ من بڕوام وابوو کە هەندێ دروستی تیا هەیە، لەگەڵ ئەوەدا کە دەستکارییەکی زۆر کراوە، و ئەوپیادا چوونەوانەی لەسەری کراوە، ئالەویا نەوارێکی ڤیدیۆییان دامێ کە وتووێژێك بوو لەنیوان {شێخ ئەحمەد دیدات، و قەشە جێمی سواجارت}دا لەبارەی ئەوەوە ئایا ئینجیل قسەی خودایە؟ پاش گوێگرتن و سەیرکردنی ئەو نەوارە یەکسەر موسوڵمان بوونی خۆم راگەیاند.!!

پاش ئەوە بردمیان بۆ مەکتەبی شێخ عەبدولعەزیز بن باز تا لەوێ شایەتمان بێنم، وئیسلامبوونی خۆم ئاشکرا بکەم، لەوێش ئامۆژگارییەکی باشکرام، کە لەوانەیە لەداهاتوودا رووبەڕووی چی ببمەوە، و چی بکەم..

لەراستیدا پاش تاریکییەکی دوورو درێژ لەدایکبونێکی نوێ بوو، بییرم لەوەدەکردەوە ئاخۆ هاورێکانی پێشووی کەنیسەم، کاتێ

زانییان من موسوڵمان بووم چیم پێدەڵێن؟ کاتێکی زۆری نەبرد بۆ ئەوەی بزانم .. پاش ئەوەی بۆ وەرگرتنی پشوو گەرامەوە بۆ ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەهەموو لایەکەوە کەوتمە بەر لێشاوی رخنە، و بەکەم ئیمانی تۆمەتباریان دەکردم!!(بەقسەی خۆیان)و هەرشتێ بهاتایە بەدەمیاندا وەك خیانەتکار، و رەوشت نزم,.... ناوزەدیان دەکردم، سەرۆکی کەنیسەکانیش هەروایان دەکرد.. بەلاَم من هیچ بایەخێکم بۆئەوقسانەی ئەوان دا نەدەنا، چونکە من شادو دڵخۆش بووم بەونیعمەتەگەورەی خواپێی بەخشیبووم، کەئەویش نیعمەتی ئیسلام بوو..

ئێستا من دەمەوێ هەموو ژیانی خۆم بۆ خزمەتکردنی ئیسلام تەرخان بکەم، هەروەك پێشتر بۆ خزمەتکردنی مەسیحییەت تەرخانم کردبوو..بەلاَم لێرەدا جیاوازییەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە شارەزابوون لە ئایندا بۆ تاقمێکی دیاریکراو قۆرخ نەکراوە، بەڵکو هەموان داوای فێربوونیان لێکراوە..

مامۆستای وانەی قورئان کتێبێکی سەحیحی موسلیمی پێشکەشکردم، لەویا تێگەیشتم کە پێویستیم بە شارەزابوون لەژیانی پێغەممەر صلی الله علیە وسلم و فەرموودەکانی هەیە، و ئەوەش کەلەژیانیا ئەنجامی داوە.. بۆیە بەپێی توانا دەستم کرد بەخوێندنەوەی ئەوفەرموودانەی بەزمانی ئینگلیزی نووسرابوونەوە، هەرلەویاشا هەستم بەوەکرد کە خیبرەی من لەمەسیحییەتدا سوودێکی زۆری دەبێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسیحییەکان و بەڵگەهێنانەوەلەسەر کەم وکوورِییەکانیان..

بەشێوەیەکی تەواو ژیانم گۆرِا، گرنگترین شتێ فێری بووم ئەوەیە کەئەم ژیانی دنیایە جێی خۆئامادەکردنە بۆ ژیانی پاشەرۆژ.. هەروەها ئەوەش فێر بووم کە ئینسان لەئیسلامدا

لەسەر نیازی چاکەکاری پاداشت وەردەگرێ، واتە: کاتێ تۆنیازت هەبوو کارێکی چاکە بکەیت بەڵاَم بەهۆی بەربەستێکەوە نەت توانی ئەنجامی بدەیت، پاداشتی ئەو کارەت بۆ دەنووسرێ وەك ئەوەی ئەوکارەت کردبێ.. ئەمە زۆر جیاوازە لەوەی مەسیحییەتدا..

ئێستاش گرنگترین ئامانجم ئەوەیە فێری زمانی عەرەبی ببم بۆ ئەوەی زیاتر لەئیسلام شارەزابیم.. ئێستا من لەبەشی بانگەوازدا کاردەکەم، بەشی ئەوانەی ناموسڵمانن وئەوانەش کەعەرەبی نازانن..و دەمەوێ حەقیقەتی ئەو کتێبەش روون بکەمەوە کە ملیۆنەها مرۆڤ لەوجیهانەدا باوەڕیان پێیەتی.. (مەبەستی کتێبی پیرۆزە لای مەسیحییەکان) .. مسیحییەتی پێشووم ئەوسوودەشی پێگەیاندووم کە هەموو کون و کەلەبەرێکی لاوازی مەسیحییەت شارەزام، لەبەرئەوە هیچ کەسێك ناتوانێ لەوبارەوە بەهەڵەمدا ببات.. لەکۆتاییدا لەخوا دەپاڕێمەوە هەموومان بۆ رێی راستی خۆی هیدایەت بدات.. قسەکانی ئەو کۆتایی هات..

## ئێمەش دەڵێین:

خوا پاداشتی خێری مامۆستا بداتەوە، بەراستی ئەوقسانە لەدەروونی پیاوێکی راستگۆوە دێتە دەر کە خوای ناسیوەو باوەڕی پێ هێناوە.. و پاشان باوەڕ لەدڵیا گەورەبووە.. تا ئامانجی بووەتە هیدایەت دانی هەموو خەڵکی بەگشتی، هەر دەڵێی ئەم ئایەتە پیرۆزە لەبارەی ئەوەوە دابەزیوە کەدەفەرموێ: " لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُواْ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ قَالُوَاْ إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ* وَإِذَا سَمِعُواْ مَا أُنزِلَ

إِلَى الرَّسُولِ تَرَى أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ* وَمَا لَنَا لاَ نُؤْمِنُ بِاللّهِ وَمَا جَاءنَا مِنَ الْحَقِّ وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبَّنَا مَعَ الْقَوْمِ الصَّالِحِينَ "
سورة المائدة/ اية 82-84.

واتە: دەبینی جووەکان و ئەوانەی بت پەرستن لەهەمووکەس زیاتر دوژمنی باوەڕداران، و دەبینی ئەوانەش کەسۆزیان بۆ باوەڕداران زیاترە ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە: نەسارِاین، چونکە قەشەیان هەیە و خواپەرستیان تیایەو خۆیان بەزل دانانێن، کاتێ گۆێیان لەوقورئانە بێت کە بۆ پێغەممەر دابەزیوە چاوەکانیان پڕ لە فرمێسك دەبێت، چونکە چاك تێدەگەن و حەق وراستی دەناسن، و دەڵێن: ئەی پەروەردگار! ئێمە بڕوامان هێنا و لەریزی شایەتەکاندا ناومان توماربکە.. بۆچ ئێمە باوەڕی دامەزراو بەخوامان نەبێ؟ و بەوحەق وراستییەش کە بۆمان هاتووە؟ و بۆچ هیوادار نەبین کە پەروەردگار بمانخاتە ریزی پیاوچاکانەوە؟

# # #

سەرچاوە: موسوعة الإعجاز العلمي في القران والسنة .

١١٩٩جار بینراوە .

لە ٢٥/٧/٢٠٠٧ دا لەسایتی پێنجوێنی بڵاو کراوەتەوە:

http://www.penjweny.org/article/201

9

# جی میشێل

# سەرۆکی گرووپێکی بەگاورکردن موسوڵمان بوو

وەرگێڕانی

د. حسن پێنجوێنی

**پێشەکی:**

خوێنەری ئازیز ! گەورەیی ئیسلام لەوەدایە کە ئەوانەی بە هۆش و گۆشەوە سەیری دەکەن و دەیخوێننەوە ئەگەر سۆلسۆلەیەک ویژدان لە ناخیاندا ما بێت سەر لە ئیمان و شایەتومانەوە دەردێنن!! ئەم بابەتەی ئەمڕۆمان باسی کەسێکە ئاستی زانستی پزیشکی تایبەتمەندی چاوە، بۆ کاری بەگاورکردنی موسوڵمانان هەڵبژێراوە و بەسەرۆکی گرووپەکەش دانراوە!! بەڵام کاتێ حەقیقەت و راستەقینەی بۆ دەر دەکەوێت واز لە بەگاور کردن دێنێ و موسوڵمان دەبێ.. لە ناو موسولمانانندا کەسانێک هەن بونەتە گاور، بەڵام مەلایەکی تیا نەبووە! بەڵکو کەسانێک بوون یا زۆر نەزان، یان زۆر بێ ئاگا لە ئیسلام.. لەبەر ئەوە کاتێ تۆ ئەمجۆرە باسانە دەخوێنیتەوە زیاتر گەورەیی ئیسلامت بۆ دەردەکەوێت. چونکە ئەوانەی موسوڵمان دەبن ئالەم جۆرە کەسانەن!! فەرموون رووداوەکە بخوێننەوەو خۆیشتان حەکەم بن..

د. حسن پێنجوێنی

پێرس- ئوستراليا

# # #

**سەرۆکی گرووپێکی بەگاورکردن موسوڵمان بوو**:

گرووپێکی مەسیحی کەبۆ بەگاورکردنی ناوچەکانی شاخی ئەفریقا پلانیان دارشتبوو، وایان دانابوو لەسەرەتاوە بە خەڵکی سۆمال دەست پێبکەن.. ئەم گرووپەش پرۆژەیەکی خێرخوازیان کردبوە خێمەو لەناویدا مەبەستەکەی خۆیان ئەنجام دەدا.. پرۆژە خێر خوازییەکەشیان بریتی بوو لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی چاو.. تالەو رێگایەوە کاریگەری پتەویان لەسەر دڵ و دەروونی خەڵکی ناوچەکە دابنێن و بیانکەن بەگاور..

بەڵام ئەم گرووپە ئاست بەرزە تووشی شکستێکی گەورەبوو بەهۆی موسوڵمانبوونی سەرۆکی گرووپەکەیەوە.. هەرچەند گرووپەکە هەوڵێکی بێووچانی دا بۆگەڕاندنەوەی و تەنانەت هەڕەشەی کوشتنیشیان لێکرد بەڵام بێ سوود بوو!!

**ئەم چیرۆکە چۆن رووی دا؟!**

رێکخراوێکی بەگاورکردن لە ئەڵمانیای رۆژئاوا {جی میشێل-J.Michel}ی پسپۆڕ لە پزیشکی چاودا هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی ئەوگرووپە بەگاورکەرە لە سۆمالدا، لەتەک کارەکەی خۆیدا وەک پزیشکێکی چاو بۆ ئەو مەبەستە کاربکات!!

پاش پێنج مانگ رێکخراوەکە راپۆرت گەلێکی پێدەگات کە " جی میشێل "لە کارە پزیشکییەکەیدا هەوڵی بێ ووچان دەدات، بەڵام ئەرکە پێ سپێرراوەکەی تری- واتە: بەگاورکردنە کەی- پشتگوێ خستووە..

له سەرۆکایەتی رێکخراوەکەیەوە "جی میشێل" بروسکەیەکی پێدەگات کە داوای لێ دەکات کەپێویستە بۆخولێکی راهێنان ماوەی مانگێک لە بەریتانیا بەسەربەرێ و پاشان لەوێشەوە بەرەو تەنزانیا سەفەر بکات..

"جی میشێل" خۆی دەیگێڕیتەوەو دەڵێ: لەبەریتانیا هاوڕێیەکی نوێم پەیداکرد بەناوی "محمد باهور"، کە موسوڵمانێکی سۆمالی بوو لەتەک ئەم هاوڕێ نوییەدا پەیوەنیمان زۆر پتەوبوو، تاوای لێهات رۆژێکیان دەعوەتی کردم بۆ ماڵ خۆیان،و لەلایەن خۆی و خێزانەکەیەوە پێشوازییەکی گەرمم لێکرا.. لەکاتی سەردانەکەم لەوماڵەدا پیاوێکی بەتەمەنم بینی کە بەئینگلیزییەکی زۆر ڕەوان قسەی دەکرد، پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەمە باوکی محمدی هاوەڵمە، زۆر پێی شاد و دڵخۆش بووم، وئاواتە خواز بووم بیکەمە گاور، تا بەوکارە ئامانجەکەم بێنمەدی!!

لەتەک پییرە پیاودا باسەکەی خۆمم دەست پێکرد بەو هیوایەی بەرەو مەسیحییەت رای بکێشم، لەبارەی ئاینی مەسیحییەوە قسەی زۆرم بۆکرد و ئەویش زۆر بەباشی گوێی بۆ گرتبووم، پێم وابوو کە قەناعەتی تەواوی بەقسەکانم هێناوە! بۆیە زۆر پێی دڵخۆش بووم، وام دەزانی دەبێتە کلیلی بەگاورکردنی هەموو ناوچەکە!!

**جی میشێل درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ:**

پاش ئەوە کەمن زۆر بەدرێژی باسی پلەوپایەی ئایینی مەسیحیم بۆ کرد کە ئاینێکی بێ وێنەیە و حەزرەتی مەسیح کوڕی خوایەو ئینجیلیش پەیامەکەیەتی. ناکاو باوکی هاوەڵەکەم نوسخەیەک

قورئانی بەدەستەوە گرتبوو لێی پرسیم: ئەم کتێبە دەناسیت؟ دەزانیت ئەم کتێبە چییە؟

منیش بزەیەکم گرت وهیچم نەگوت.. نەوەک بیووروووشێنم، یا هێمایەک بە کارەکەم بکات، کەمن پزیشکم و کارێکی تر دەکەم!! بەڵام هەستم کرد کەئەم پیاوە دەزانێ چی لە مێشکما دەخولێتەوە.. بۆ رزگاربوون لەو تەنگەلانییە بوارێکی بۆ رەخساندم..و خۆی باسێکی جوانی لەبارەی ئینجیل و مەسیحەوە دەست پێکرد..

لەناو قسەکانیەوە بەباشی ئەوە حاڵی بووم کە موسوڵمانان هەموویان مەسیحیان خۆش دەوێ و بە پێغەمەری دەزانن، بەتایبەت خودی ئاینی ئیسلامیش داوای لە ئیماندارانی کردووە کە باوەڕیان بە مەسیح و پێغەمەرانی پێش خۆیان هەبێت.. نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەو باوەڕبوونەی کردۆتە بەشێک لە پایەکانی ئیمان بە ئیسلام..

"جی میشێل" درێژە بەباسەکەی دەدات و دەڵێ:" ئینجا باوکی هاوەڵەکەم داوای لێکردم چ پرسیارێکم لەبارەی قورئان و ئینجیلەوە هەیە ئاڕاستەی بکەم..!!

گوتم: چۆن؟ شتی وادەبێت؟

ئەویش گوتی: لەقورئاندا هەموو شتێک هەیە!!

کەمێ بێدەنگ بوو وەک ئەوەی بیەوێ ئەو دیمەنانە بێنێتەوە پێشچاوی خۆی کە لەکاتی سەردانی یەکەمجاریا بۆماڵی هاوەڵەکەی روویان دابوو!! چۆن باوکی هاوەڵەکەی بینی و چۆن بەباشی گوێی بۆ شل کردبوو، چۆن ئەمیش دەیویست بەرەو

مەسیحیەتی بێنێ!! وئەویش چۆن وەڵامی دایەوەو چۆن بەچڕو پڕی باسێکی ئیسلامی بۆ کرد، و بەڵگەی عەقڵی و ژیربێژی بەکاردەهێنا؟! پاش ئەو ماوە بێدەنگییە گوتی:

" پاش ئەوە کە بۆم دەرکەوت پیاوێکی تێگەیشتووە وقسەکانی مەنتیقین زیاتر سەردانم دەکرد.. لەم لایشەوە لەلایەن گرووپەکەی خۆیشمەوە خرابوومە ژێر چاودێرییەوە، و داوایان لێکردم کە ئیتر سەردانی ئەو خانووە نەکەم، ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو پاش ئەوداواکارییەیان لەمن هاوەڵەکەمیان نەقڵ کرد، و پاشان بەبێ هیچ هۆیەک دەستگیریان کرد..!! ئینجا داوایان لەخۆم کرد بڕۆم بۆ کینیا تا وەک خۆیان نووسیبوویان پشوویەکی خۆش بەسەر بەرم!! دوابەدوای ئەوە نامەیەکم لە باوکمەوە پێگەیشت کە داوای لێکردبووم بەزووترین کات بگەڕێمەوە بۆ ئەڵمانیا "

بەڵام "جي میشیل" سەرۆکی گرووپی بەگاورکردن داخوازی سەرۆکایەتی رێکخراوە ئەڵمانییەکەی نەدایەوە، هەروەک وەڵامی نامەکەی باوکیشی نەدایەوە، بەڵکو لەجیاتی ئەوە ئەم بروسکەیە بۆ هەردولا نارد: "بەتەواوی دڵنیابن.. هەموو شتێک بە پێی دڵخوازە.. و لەمەولا دەبمە موسوڵمان "!!

"جي میشیل" بڕیاری دا بەتەواوی توێژینەوەیەکی خەست و خۆڵ لەبارەی ئیسلامەوە بکات، و لەرێنوێنییەکانی شارەزابێت، ئەم بڕیارەشی بردە سەر وپاش تەواو دڵنیابوونی خۆی یەکلایی کردەوەو موسوڵمانبوونی خۆی راگەیاند و ناوی خۆی نا "عبد الجبار"..

"عبد الجبار" له سۆمالدا مایەوەو بەردەوام بوو لەخزمەتی خەڵکی سۆمالدا و وەک پزیشکێکی موسوڵمان پەیامەکەی خۆی دەگەیاند،موسوڵمانێ کە بزانێ حەقی خوای خۆی چییە لە سەری و حەقی نەخۆشەکانی چییە؟**!** و بەو ئەدەبە ئیسلامییەی خوو و رەوشتی خۆی پێ رازاندبووەوە لەتەک خەڵکەکەدا مامەڵەی دەکرد..

لە٢٢/١/٢٠١٤ لەسایتی پێنجوێنی دا بڵاو کراوەتەوە:

http://www.penjweny.org/article/941

# # #

10

# ملقاه فەقادو

## باسی موسوڵمانبوونی خۆیمان بۆدەکات

نووسینی

د. حسن پێنجوێنی

**ئەم قەشەیە چۆن بوو بەموحەممەد سەعید؟**
**پێگەیشتنی:**
فەقادۆ لەدایکێکی فەڵە و باوکێکی جوو لەیەکێك لە دیهاتەکانی ئەسیوپیا لە دایك بووە،و هەر لەمنداڵیدا تەورات وئینجیلی خوێندووە،و لەتەمەنی پێگەیشتنا بڕیاری داوە لەسەر ئاینی دایکی بێ و مەسیحی بێ، چونکە بەشی زۆری خەڵکی ئەو وڵاتە مەسیحین، و بەیەکێ لە قەڵاَکانی مەسیحیەت لە ئەفریقا دادەنرێت.
فەقادۆ لەتەمەنی منداڵیدا حەز لەتەورات ناکات وەك ئەوەی بەسروشتی خۆی هەست بەوە بکات پڕکراوە لە شتی ناهەق بەرامبەر بە پێغەممەران سلاوی خوایان لێ بێ، لەبەر ئەوە روو دەکاتە ئەوئینجیلەی دایکی باوەڕی پێی هەبوو، لەوێشدا نەسازییەکی زۆر لە دەقەکانی ئینجیڵدا دەبینێ لەتەك دژە وشەی زۆردا، و نابینێ کە ئیش وکاری ژیانی دنیایی و قیامەتی مرۆڤ رێك بخات، دەرك دەکات کە ئەمە ئەو ئینجیلە نییە خوای باڵاَدەست ناردوویەتی.. بەڵاَم لەبارەی ئیسلامەوە هەر بییر ناکاتەوە کە لێی بکۆڵێتەوە، چونکە ئەوەندە درۆ و هەڵاتیان بەدەم ئیسلامەوە هەڵبەستبوو ئەسڵەن ئیسلامی لێ ببوە دێو و درنج، و بگرە بەدوژمنایەتی ئیسلام پەروەردە کرابوو، ئیتر رووی کردە کەنیسەو رێگای قەشەیەتی هەڵبژارد تا ببێتە قەشە، چونکە ئەگەر بووە قەشە مانگانەیەکی باشی دەبێ, و لەلایەن جەماوەریشەوە جێی رێز دەبێ، و خەڵکی دەستی ماچ دەکەن و بانگی دەکەن باوکە. تەورات لەبەر بوونیشی یارمەتییەکی باشی دا تا ببێتە قەشەو بەپەنجەی دەست هێمای بۆ بکرێت..
شەش ساڵ لەکەنیسەدا کاری بەردەوامی کرد، لەم ماوەیەدا زۆر بەدڵسۆزی هەوڵی بێ ماندووبوونی بۆ کەنیسە دەدا وخەڵکی بۆ مەسیحییەت بانگ دەکرد، فەقادۆ متمانەی تەواوی کەنیسەی پێدرابوو لەبارەی ئەو چالاکییانەوە بۆ بەگاورکردن ئەنجامی

دەدا، تا گەیشتە بەرزترین لووتکەی کەنیسە. بەڵام کاتێ کتێبێکی خوێندەوە کەتەفسیرو واتای چەند ئایەتێکی قورئانی دەکرد شك و گومانێکی زۆری بۆ دروست بوو.. کەئەوەش خاڵی وەرچەرخان بوو لەژیانیدا و یەکەم هەنگاوی رێی باوەڕهێنانی بوو بەخوای تاك وتەنیا و پەیامی ئیسلام. با گوێ لەخۆی بگرین بۆمان باس بکات:

**دروستبوونی گومان:**

من زۆر حەزم لەخوێندنەوە هەبوو، هیچ کتێبێکم نەدیوە لەبارەی ئینجیلەوە نووسرابێ و نەمخوێندبێتەوە. تا جارێکیان تووشی ناکاوێکی سەیربووم کە هەندێ کتێبی ئینجیلیم خوێندەوە، ئەم کتێبانە نەقدیان لەئیسلام دەگرت، و یەکێکیان پرسیارێکی کردبوو: ئایا ئەمە ئاینێکی ئاسمانییە یان نە؟ کاتێ گەیشتمە ئەم خاڵە جارێکی تر پرسیارەکەم خوێندەوە، رۆژگار هات و چوو، کتێبێکم دی کە بەزمانی ئەمهەری نووسرابوو و تەفسیری چەند ئایەتێکی قورئانی دەکرد، ئینجا دەستم کرد بە بەراوردکردن لەنێوان ئەم کتێبەو ئەوکتێبانەی پێشتر خوێندبوونمەوە، کە وەرگێڕراوی ئینجیلی بوون و باسی ئاینی ئیسلامیان دەکرد. هەستم بەجیاوازییەکی زۆر گەورەکرد لەنێوانیاندا. ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی گومانێك لەناودەروونمدا، ودیتم دەستکارییەکی زۆر گەورەی تیاکراوە و شتەکان لەبارەی ئیسلامەوە ئاوەژۆ کراونەتەوە، و راستییەکان شاراونەتەوە.

" بە لێ، ساڵانێکی زۆر لەگومان ودوو دڵیدا ژیام، ونەمدەزانی قەدەر چی بۆ شاردوومەتەوە؟ بەهەموو توانای خۆمەوە خزمەتی مەسیحییەتم دەکرد، و بەپلەکانی کەنیسەدا سەرکەوتم، تا گەیشتمە بەرزترین پلە، و بووم بەیەکێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی کەنیسە.

**رێنموونی خوایی:**

تاشەوێك لەخەوما خەوێکی سەیرم بینی کە بووەهۆی گۆڕینی ئاوەڕۆی ژیانم.. لەخەوما دیتم پیاوێك بەدەنگی "لا إله إلا الله ،

محمد رسول الله "وه لێم نزیك دەبێتەوە و، و سوورەتی ئیخلاسم پێ دەڵێ : " قل هو الله أحد * الله الصمد * لم يلد و لم يولد * و لم يكن له كُفُواً أحد " " بانگی دەکردم.. منیش بەشپرزەیی لەخەوەکەم راپەڕیم، نەمدەزانی چۆن تەفسیر و تەعبییری بکەمه وه، بە تێگەیشتنی خۆم بەخراپم لێك دەدایەوە.. دووشەوی تر ئەم خەوەم دووبارە بووەوە، و لەشەوی سێ هەمدا دیتم وا نوورێك لەبەر دەممەوە رێگەکەم بۆ روون دەکاتەوە،و پیاوێکیش شایەتمانم پێ دەڵێت، و سوورەتی ئیخلاسم پێ دەخوێنێتەوە. ئالەویادا تێگەیشتم کە ئەم خەوەم خەوێکی هەققە ولەلایەن خواوەیە.

ئەو نوورەی بەردەممی رووناك کردەوە خۆی خزاندە ناو ویژدانمەوەو چاوی دڵی رووناك کردمەوە، بۆ بەیانییدا باوەڕێکی تەواو پتەوم بۆ دروستبوو، کە بیرو باوەڕی ئیسلامی حەقەو جگەلەو باتڵە، بەجۆرێ یەقینم بۆ دروست بوو کە ئاینی ئیسلام ئاینی راست و راستەقینەیە، ماوەیەك لە بییرکردنەوەدا بووم، بە ڵام بییرکردنەوەکەم زۆری نەخایاند، چونکە بەحوکمی ئەو دیراسەتە لاهووتییەی هەمبوو ئاگام لەو بەشارەت و مژدانەبوو کە لەبارەی پەیامی حەزرەتی موحەممەدەوە صلى الله عليه و سلم لە کتێبە ئاسمانیەکانی پێشوودا هەبوون، لەبەر ئەوە بەقەناعەتی تەواوەوە مووسوڵمان بوونی خۆمم راگەیاند، کاتێ بەسەر هاتەکەی خۆم بۆ خێزانم گێڕایەوە ئەویش هەڵوێستی ئەرێ یی بوو، بووە هاورێم لە عەقیدەی خوا بە یەکناسیندا، و هەرسێ مناڵەکەشم موسوڵمان بوون..

پاش ئەوە بەماوەیەك موسوڵمان بوونی خۆم ئاشکرا کرد، و ناوی خۆیشم لە { ملقاه فقادو} کرد بە موحەممەد سەعید فەقادۆ، و رۆژی لەدایکبوونی خۆیشم گۆڕی بۆ ئەو رۆژەی تیا موسولمان بووم، بۆسوپاس گوزاری خوا لەسەر ئەونیعمەتی هیدایەت وئیمانەی پێی بەخشیم..

ئینجا: دانیشتم تا لێکۆڵینەوەیەك ئامادە بکەم بۆ روونکردنەوەی ئەو هۆیانەی لەموسوڵمان بوونمدا کاریگەرییان هەبوو، و حەقیقەتی ئەو زانیارییە هەلآنەی لەکتێبە ئینجیلییەکاندا بلآو کراونەتەوە یەك بەیەکیانم نووسی وراستییەکەیانم روون کردەوە و ناردنم بۆ بەرزترین کۆڕی ئیسلامی لە ئیسیوپیادا.

**کاردانەوەی کەنیسە:**

هەواڵی موسوڵمان بوونم بوو بەهۆی گرژی وتووڕەییەکی گەورەی کەنیسەی ئەسیوپی، پاش ئەوەی کە تەمەنێکم لەوێدا بەسەر بردووەو ئێستا عەیب و عەورەتەکانیان دەردەخەم، پیاوانی کەنیسە دانەنیشتن وەك تەماشا چی سەیری من بکەن، زۆر بەپەلە کەوتنە خۆیان و نەك تەنیا مووچەی زۆر و ترومبێلی گرانبەها و جێگەی خۆشیان لێ برِیم، بەڵکو هەوڵێکی بێ وچانیان دا تا راپێچی زیندانم بکەن، و جۆرەها سزاو ئازارم پێ بچێژن، بۆیە هانی لایەنگرانیان دا لە ناورژێمی مەنگستۆی کۆمۆنیستیدا تا بمخەنە زیندانەوە، بەڵێ، لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە دەزگیر کرام، و بۆ ماوەی سێ مانگی تەواو خرامە زیندانەوە تا لە سەر عەقیدەی خوا بەیەك ناسین پەشیمانم بکەنەوە، و بمکەنە پەند وعیبرەت بۆ هەرکەسێکی تر کە بییەوێ واز لەمەسیحییەت بێنێ و موسوڵمان ببێ.. تەنیا تاوانم ئەوە بوو کە بووم بەموسوڵمان و خوا بە یەك دەناسم**!!**

**کاریگەری لەموسوڵمانبوونی خەڵکیدا:**

فەقادۆ دەورێکی بالآی لەبانگەوازی ئیسلامیداهەبوو باگوێ لەخۆی بگرین بۆمان باس بکات:

پاش ئەوەی کە لەزیندان هاتمە دەرسوودم لەپەیوەندی کەسایەتی خۆم وەرگرت، و توانیم دوو سەد کەسی نوێ بێنمە ناو ئاینی ئیسلامەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوە {کارلوس}ی سەرۆك قەشەکانی ئەسیوبیا ئارامی لێ هەڵبگیرێ، و نەتوانێ بەئاسانی دابنیشێ، تا ئەندازێك بەرتیلی دا بە دەزگاکانی سەرکوتکردن لەرژیمی مەنگستۆدا، و بۆ جاری دووەم راپێچی زیندانیان کردم، و

ئەمجارەیان لەوە دڵنیا بوو کە جارێکی تر خۆر نابینم، ودەبێ لەکونجی زیندانا برزێم، بەتایبەت کە پیاوانی کەنیسە هەمووی ببوونە دوژمنم، بەڵام قەدەری خوا وابوو، دکتۆر "عبد الله عمر نصیف " ئەمینداری گشتی پەیوەندییەکانی جیهانی ئیسلامی لەسەردانە کەیا بۆئەسیوپیا زیارەتی مەنگستۆ دەکات و ئەو بەوەزعەکەمی زانیبو، لای مەنگستۆ داوای بەربوونم دەکات، ئەویش داواکەی جێبەجی دەکات..

فەقادۆ هەموو ئەوانەی لەپێناو خوادا قبوولکرد و لەرێ لای نەدا.. وهیوای بەپاداشتی خوایی هەبوو، زمانی بەوشەی خوابەیەکناسین " لا إله إلا الله.. " پاراو دەکرد..

کاتێ کە سزاو ئازاردان هیواو ئاواتی ئەوانی نەهێنایە دی، ناچار بون وازی لێ بێنن، تا فەقادۆ لەژێر ئازار وسزادا نەمرێ و نەبێتە رەمز وهێمای خۆگری بۆ ئەو شوێنکەوتووانەی کەنیسە کە لەمەولا موسوڵمان دەبن..

فەقادۆ لەزیندان هاتە دەر بەڵام بەهێز ترو بەتواناتر لە پێش زیندانییەکەیا، و زیاتر لەسەر گەیاندنی پەیامی ئیسلام بە خەڵکی چاوبەسراو و چەواشە کراو سووربوو، و خۆی وای دانابوو لەوە پێش چەند هەوڵی بۆ مەسیحییەت داوە دەبێ لەمەولا زیاتر هەوڵ بۆ ئیسلام بدات.. هەر هۆی ئەم بروا پتەوەی بوو کە بووە هۆی هیدایەتی 280 کەس، و لەسەردەستی فەقادۆدا ئاینی ئیسلام وەرگرن..

هەروەك فەقادۆ خۆی باسی دەکات لەدیراسەکردنی تەورات وئینجیلا سوودی باشی وەرگرتبوو بۆ دەرخستنی بەشێکی زۆر لەشێوەکانی ئیعجازی قورئانیدا، هەروەها بەهۆی کارەکەی پێشوویەوە وەك قەشەیەك لەوشێوازە نادروستانە دەکۆڵییەوە کە بەگاورکەرەکان پەنایان پێ دەبرد و بەکاریان دەهێنا بۆ راکێشانی هەژارو نەدارەکان بۆ ئاینی مەسیحی.

فەقادۆ هەوڵی زۆری دەدا تا قورئان لەبەر بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ خەڵکی بۆ ئیسلام بانگ بکات، و لەو بارەوە زەحمەتی

زۆریشی دەبینی، چونکە ئەو زمانی عەجەمی بوو قورئانیش بە عەرەبی، لەبارەی شێوازی بانگخوازییەوە دەڵێت: " ئەوەی من قسەی بۆ دەکەم وبانگی دەکەم بۆ ئیسلام دەبێ بزانم عەقیدەکەی چییە، پێشان لەبارەی عەقیدەکەیەوە موناقەشەی دەکەم، و بۆی روون دەکەمەوە کە ئەو عەقیدەی ئەو هەیەتی نابەجێیەو پێچەوانەی سروشت و ژیرییە، پاشان ئیسلامی بۆ شرۆڤەدەکەم، و لەچەند روویەکەوە بۆی دەسەلمێنم کە ئەم ئاینە ئاینی سروشتە و خوا بۆ مرۆڤی هەڵبژاردووە، و ئیسلام واتە: تەسلیم بوون بە خوا، لەبارەی بەدیهێنان و لەبارەی پەرستنەوە، و لەبارەی گوێ رایەڵی و فەرمانبەرداری بۆ فەرمانەکانی، و دوور کەوتنەوە لە قەدەغە کراوەکانی.
لەبارەی هیواو ئاواتەکانیەوە دەڵێ: " ئاواتی تایبەتیم ئەوەیە کە خوا هیدایەتی دایك و باوکم بۆ ئاینی حەق بدات، و هیوای گشتیشم ئەوەیە بتوانم ببمە سوارچاکێکی بانگەوازی ئیسلامی، و خوا کۆمەکم بکات بۆ بەدیهێنانی ئەوەی خێری ئیسلام و موسوڵمانانی تێدایە و ئەم ئاینەی خۆی شکۆمەند تر بکات ".
بەڵێ، هیواو ئاواتەکانی فەقادۆ بەڵگەی دامەزراوی باوەڕ و راستی ئیمانەکەیەتی، قەشەی پێشوو ناوی خۆی گۆڕی بۆ موحەممەد لەخۆشەویستی پێغەمەری ئیسلامەوە، و بەرامبەری کردووە بەسەعید تا بیسەڵمێنێ بەم ئاینە نوێیەی بەختەوەرە..
**پیلانەکانی کەنیسە:**
کاتێ پیاوانی کەنیسە دەرکیان بەمەترسی فەقادۆ کرد کەوتنە هەوڵی تۆڵە لێ سەندنەوەی، کاتێ نوسینگەی پەیوەندی ئیسلامی بەمەی زانی، بەهاوکاری ئەمینداریەتی گشتی پەیوەندی ئیسلامی لەمەککەدا ویزەیان بۆ وەرگرت تارێی پێ بدرێ بروات بۆ سعوودیە و لەمەترسی پیاوانی کەنیسە پارێزراو بێت لەلایەکەوە، و لەلایەکی ترەوە سەرەتاکانی ئاینی ئیسلام شارەزا ببێت، و ئاگادارییەکیش لەزمانی عەرەبیدا پەیدا بکات..

ئەم کارەی بۆ ئەنجامدراو رۆیشتە مەککە، و لەبەر ئەوەی هیچ عەرەبی نەدەزانی، خستیانە پەیمانگەی فێربوونی زمانی عەرەبی زانکۆی ئوممول قورای مەککە، لەبەر ئەوەی زۆر زیرەك بوو، بە ماوەیەکی کەم و کاتێکی کورت شتە بنەرەتییەکانی زمانی عەرەبی فێربوو، و لەتوێژینەوەی ئیسلامیدا رۆچوو، نیشانەی سەلاح وتەقوا لە روویا بەدی دەکرا، چەند جزمێکی قورئانی پیرۆزی لەبەر کرد، و دلی زۆر ناسك بوو، زۆر دەگریا، گریانی شادی کە خوا هیدایەتی داوە و نیعمەتی ئیسلامی پێ بەخشیوە.

**تیرۆرکردنی فەقادۆ:**

لەم کاتەدا کە لەمەککەدا بوو کچی چاودێری کەنیسە لەئیسیوپیاوە بەگریانەوە هات بۆلای، و ئیددیعای ئەوەی دەکرد: کە موسوڵمان بووە، و باوکی دەیەوێ بیکوژێ، بۆیە هەڵهاتووە و پەنای بۆ ئەو هێناوە، و ئەگەر بتوانێ مارەیشی بکات بۆ ئەوەی لەتەکیا بێت و زیاتر سوودی لێ وەربگرێت، ئافرەتەکەش ئافرەتێکی جوان و پێکەوتووبوو، ئەویش داواکەی جێ بەجێ دەکات و مارەی دەکات و لەشاری جیددە خانووی بۆ دەگرێ و خێزانەکەی تریشی لەمەککە، ئیتر بێ ئەوەی بزانێ کە چ پیلانێکی جەهەننەمییان بۆ دارِشتووە، ئەوەی کە نەیان توانی لە ئیسیوپیا ئەنجامی بدەن، دەبێ لەدەرەوە ئەنجامی بدەن.

بۆیە ئەم ئافرەتە جوان و پێکەوتووەیان بۆ نارد کە تووشی ئایدزی پلە یەك بووە، و ئەو دەردەش دەگوێزێتەوە بۆ فەقادۆ وخێزانی یەکەمی، پاش ئەوەی ئافرەتەکە دەرکی کرد کە ئەرکی سەرشانی ئەنجامداوەو پیلانەکەی جێبەجێ کردووە، بێ ئەوەی پێی بزانن هەڵدێتەوە بۆ ئیسیوپیا, وفەقادۆ بەجێ دێڵێت تا بە خۆی وئایدزەکەیەوە بتلێتەوە.

نەخۆشییەکە مۆڵەتی زۆری نەدا، و ژنەپێشووەکەی بەونەخۆشییە وەفاتی کرد، وپاش ماوەیەك ئەمیش جوستەی لاوازبوو، هێزی کزبوو، بە پیلانی کەنیسە تیرۆرکرا، و بەرەحمەتی خوا رۆیشت

و لەمەككە بەخاكیان سپارد. هیوادارین خوا رەحمەتی خۆی بەسەرا برِژێنێ، و بیخاتە بەهەشتی بەرینی خۆیەوە..

**سەرچاوەی باسەكە:**

1- صحيفة " المسلمون" عدد 2 أكتوبر 1991.
2- مجلة الفيصل عدد أبريل 1992.
3- الشبكة الإسلامية.
4- مفكرة الإسلام .

نۆموسڵمان: ١١٧٣ جار بینراوە، ٠ بۆچوون، لە ٣/١٢/٢٠٠٧ لەسایتی پێنجوێنی بڵاوكراوەتەوە :
http://www.penjweny.org/article/239

# # #

# 11

# براین هوێت ی

# مۆزیکزان موسڵمان بوو

وەرگێرانی

د. حسن پێنجوێنی

**مۆزیكزانی بەریتانی: براین هویت**

مزگەوتەكانی بەریتانیا وەك گەڕەكێكی ئاسیەوەییەكانی لێ هاتووە، موسڵمانانی رەش وسپی وەك یەك سەردانیان دەكەن. مۆزیكزانی بەریتانی (براین هویت) بە ژیانێكی عادی و ئاسایی دەژیا، شتێكی تیا نەبوو سەرنجی رۆژنامەنووسان بەرەو خۆی رابكێشێ، تا ناوی كەوتە سەر لوتكەی لاپەرەی رۆژنامەیەكی ئەو ناوچەی ئەوی تیا دەژیا. ئەو رۆژنامەیە هەواڵێكی لەبارەی (براین)ەوە بلاَوكردەوە بەناونیشانی:" براین پەنا بۆ خوا دەبات" و بەوەش موسوڵمان بوونی خۆی رادەگەیەنێ، وئاینی ئیسلامی وەك ئاین بۆ خۆی هەڵبژاردووە.. ئابەو جۆرە گۆڕانكاری گەورە لەژیانی براینا دەستی پێكرد، و ژیانەكەی لەژیانێكی سادەوە بۆ ژیانێكی تر گۆڕی..

**موسڵمانبوونی براین هویت:**

لەم ئەڵقەیەدا شوێن ئەوگەشتە باوەڕییە دەكەوین كە (براین)ی بەرەو ئیسلام برد، و ناوی لە( براین هویت) ەوە گۆڕی بۆ ئیبراهیم هویت، و پاش ئەوەش وازی لەمۆزیك و شەراب وشەوانی سوور هێنا و بەرەو كاركردن وهەوڵدان بۆ شوینكەوتنی فرمانەكانی خوا و دوور كەوتنەوە لەوەی خوا پێی ناخۆشە هەنگاوی دەنا.

براین هویت لەساڵی 1981 دا بڕیاری دا ببێتە موسَلمان وئاینی ئیسلامی وەرگرت. تا بڕواتە ناو لیستی ئەو دەیان هەزار موسوڵمانە بەریتانییەی تر كەلەماوەی ئەم دوو دەیەی دواییندا

موسوڵمان بوون، و ژیانی پڕ جەنجاڵی مۆزیکی واز لێ هێنا. هویت کە مۆزیکزانێکی لێهاتوو بوو، و لەناو دەستەیەك موزیکزانی سەربازیدا کاری دەکرد، وازی لەموزیك هێنا، هەروەها لە کومپانیایەکی تەئمیندا کاری دەکرد، وازی لەوەزیفەکەشی هێنا، تەنیا بۆ ئەوەی دەست بەتاڵ بێ بۆ فێربونی زیاتری دەستوورەکانی ئیسلام و ڕێبازەکانی، و بانگیشە بۆڕێی خوا.

هویت لەدایکبووی (سۆرس شێڵدز )ە و بەلاَم هیچ شتێکی لەبارەی کۆمینیتی یەمەنییەوە لەو شارەدا نەدەزانی، کە ئەویەمەنیانە کۆنترین کومۆنیتی ئیسلامین لەبەریتانیادا. و ئەمانەش لەسەرەتای کۆچیاندا یەك سەدە لەمەوبەرلەباکووری ڕۆژهەلاَتی بەریتانیادا جێگیر بوون..

هویت باسی خۆی دەکات و دەڵێت: پێ دەچێت من ڕەگەز پەرستێك بووبم، ڕەگەز پەرستێکی سەرپەڕ پێش ئەوەی بڕۆمە ناو ئاینی ئیسلامەوە، ئەو ئاینەی فێری چاوپۆشی وبەزەیی هاتنەوە لەنێوان خەڵکیدا کردم، و لەشەڕ وخراپەی سەرپەڕی و بوغز ودڵڕەقی دووری خستمەوە..

هویت دەڵێ: لەو باوەڕدام لەبەر توندڕەویەتیم لەرەگەزپەرستیدا لەماوەی بیست و یەك ساڵی ژیانمدا قسەم لەگەڵ کەسێکدا نەکردووە کە سپی پێست نەبووبێ، من کەسێك بووم زیاد لەپێویست بایەخم بەخۆم و ڕەنگی پێستم دەدا، ولەژیانێکی پاك و بەرزدا دەژیام، وەك هەر باکوورییەکی بەریتانی بۆکارەکەی خۆم تێکۆشەربووم و هەوڵم دەدا، من پێم وابوو کە دنیا لە نزیك

شاری (مێدلس بەرەی بەریتانیا)وە کۆتایی دێت، ئەو شارەی تیا پێگەیشتم و پەروەردە بووم.

گەشتەکەم بۆ خوارووی ئەفریقا:

هویت روونی دەکاتەوە و دەڵێ: وەك مۆزیکژەنێکی بەئەزموون لەگەڵ تیپێکی مۆزیکی سەربازیدا لەگەڵ چەند تیپێکی گۆرانی ناسراودا بەشداریم لەمۆزیك ژەنییدا کرد، تیپی (مۆزێکی ستینگ) یەکێك لەوانە بوو کە لەساڵی 1975 دا لەهۆڵی (ئەلبرت هۆڵی لەندەن) داو لەئاهەنگێکی گۆرانیدا مۆزیکم تیا دەژەند، ئەو ئاهەنگەش بۆ کێبەرکێی دیاریکردنی باشترین تیپی مۆزیك بوو لەئاستی بەریتانیادا..

پاش هاوبەشیکردن لەوئاهەنگە مۆزیکییەدا هویت گەشتێك بۆ جۆهانسبۆرگ دەکات لە خوارووی ئەفریقادا، تاسەر لەعەبدە بدات، کەلەمەودوا بووەتە خێزانی.. لەوێوە مەشخەڵی گەشتە ئیمانییەکەی دەستی پێکرد، کاتێ کەسەری لە یەکێك لە مزگەوتەکانی جۆهانسبۆرگ دا، و دیتی نوێژخۆێنەکان لە هەموو توخم و نەتەوەو رەنگێك پێکەوە نوێژ دەکەن، هویت دەڵێ: کاتێ ئەم دیمەنە سەرسوورهێنەرەم بینی، بەخۆمم گوت: دەبێ ناوەرۆك وحەقیقەتی ئیسلام چی بێ؟ئەم ئاینەی توانیویەتی ئاوەها لەخوارووی ئەفریقادا خەڵکی لەهەموو ناوچەیەکی جیهان ولە هەموو توخم ورەنگێك کۆبکاتەوە؟ کاتێ گەڕامەوە بۆ بەریتانیا بەجیددی دەستم کرد بە خوێندنەوە لەبارەی ئاینی ئیسلامەوە.

**موسوڵمان بوونەکەی:**

هویت دەڵێ: پاش کاری گەری ئەودیمەنەی کە لەیەکێ لەمزگەوتەکانی جۆهانسبۆرگا دیم خۆم بەخۆمم گوت: ئەشێ

نهێنییەكی گەورە لەم ئاینەدا هەبێ كە توانیویەتی ئەو هەموو خەڵكە جیاوازە لەسەر خۆشەویستی خوا و پێغەمەرەكەی ێلی الله علیه وسلم كۆبكاتەوە، جیاوازی ونەسازی نێوانیان لەبییر بەرێتەوە، پاش لێكۆلینەوەو خوێندنەوەیەكی باش بریارم دا موسوڵمان بوونی خۆم رابگەیەنم، و هەستم بەئاسوودەیی وئارامییەكی تەواو دەكرد كە خوای تەعالا هیدایەتی داوم ئەم بریارە بدەم كەتایبەتە بە ئاشكراكردنی موسوڵمان بوونم، بەگورجی كەرەسە موزیكییەكانم هەڵواسی، و وازم لە عەرەق خواردنەوە وسەردانی بارِەكان هێنا، بەتەواوی پێم لە مەلهەو كابارەكان برِی، پاش ئاشكراكردنی موسوڵمان بوونم و ژیانی تازەم تەنیا كۆسپێك لەرێمدا ئەوەبوو كە باوكم لەم برِیارەی من زۆر دڵگران و نارِەحەت بوو..

**ئیسلام ئاینی خوایە بۆ هەموان:**

هویت دەڵێ: كاتێ باوكم بەم برِیارەی منی زانی كە من موسوڵمان بووم، و ئاینی ئیسلامم كردۆتە ئاینی خۆم پێی خۆشحاڵ نەبوو، بگرە پێی سەخَلەت و نارِەحەت بوو، پێی وابوو من بووم بە پاكستانی، نەك بەموسوڵمانێكی بەریتانی.. ئەو پێی وابوو هەر بەریتانییەك موسوڵمان ببێت دەیەوێت ببێتە پاكستانییەك، ئیتر ئەوەی نەدەزانی كە ئیسلام ئاینی خوایە بۆ هەموان، پاكستانی تێدایەو بەریتانیشی تیدایە، و هەموویان لای خوا وەك دەمی شانە یەكسانن، بەپێی پارێزكاری نەبێ رێزی هیچیان بەسەرهیچیاندا نادرێت، لەكۆتاییدا لەتەك باوكما رێكەوتین كە لەسەر موسوڵمان بوونی من رێك نەكەوین، هوێت

وتی: ناتوانم بڵێم کەلەپێش موسوڵمان بوونم لەساڵی 1981دا هاوەڵێکی پاکستانیم هەبووبێ..

هوێت لە باکووری لەندەن دەژی، بۆماوەی دووساڵیش یارمەتیدەری تایبەتی بانگخوازی ئیسلامی بەناوبانگ یۆسف ئیسلام بووە، بەلاَم ئێستا هوێت لە ئەنجومەنی خوێندنی ئیسلامی لەبەریتانیا کار دەکات..

**سەرچاوە:**

[ صفحة العائدون إلى الله، من إسلام أون لاين].لە ٢٣/٤/٢٠٠٧ دا لەسایتی پێنجوێنی بڵاو کراوەتەوە:

# # #

12

# پەرلەمانتەری هۆڵەندی

# ئەرناود فان دۆرن

**کە دوژمنێکی سەرسەختی ئیسلام بوو، و لەسەر لیستی پارتی ئازادی دەستەڕاست لەپەرلەمانی هۆڵەندیدا پەرلەمانتەر بوو، لەدیمانەیەکدا باسی موسوڵمان بوونی خۆی دەکات.**

**وەرگێڕانی**

**د. حسن پێنجوێنی**

( ئەرناود فان دۆرن- arnaud van doorn)ی تەمەن (47ساڵ)ی ئەندامی پارتی دەستە راستی دوژمن بە ئیسلام کە گیرت فیلدەرزی توندرەو سەرۆکایەتی دەکات، ئەو پیاوەی کە لەسەر لیستی پارتی ئازادی دەستە راست لەپەرلەمانی هۆڵەندیدا پەرلەمانتەر بوو، و پاش ئەوەی لەکۆتایی ساڵی 2011 لەو پارتە توندڕەوە وازی هێنا، وقەوارەیەکی تایبەت بەخۆی پێکهێناو بەنوێنەری ئەوقەوارەیە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی لاهای بوو، لە 27 شوباتی 2013دا لەسەر لاپەرەی تایبەت بەخۆی لەتویتەردا شایەتمانی هێناو موسوڵمان بوو، و بەعەرەبیش نووسیبووی: أشهد أن لا إله الا الله وأشهد أن محمدا عبده و رسوله. پاشان بڵاوی کردەوە کە دەستی بەقۆناغێکی تازە لەژیانیا کردووە..

بەڵێ، ئەوسیاسەتمەدارە هۆڵەندییەی کەتاسەر ئێسقان دوژمنی ئیسلام بوو، ولەهەموو هەڵبژاردنێکا رقبوون لەئیسلامی کردبووە دروشمی سەرەکی خۆی، لەسەرئاستی هەڵبژاردنی پەرلەمان، یا هەڵبژاردنی هەرێمەکان، یا هەڵبژاردنی ئەورووپی، خوا هیدایەتی دا و شایەتمانی هێنا و داوای لێبوردنی کردووە لەو هەڵە گەورانەی کە بەنەزانین لەبەرامبەر ئیسلامەوە ئەنجامی داوە.. بەڵێ بەزمانی عەرەبی شایەتمانەکەی لەتویتەردا بڵاو کردەوە..

سایتی ئەلجەزیرە لەبارەی (فان دۆرن)ەوە دەڵێ:لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە تا سەر ئێسقان دوژمن بوو بەئیسلام کاتێ هەواڵی موسوڵمانبوونی بڵاو بوویەوە هەموو سایت و رۆژنامەکان گومانیان لەموسوڵمان بونیدا هەبوو،ئەلجەزیرەش بۆ ئەوەی لەسەرچاوەکەوە هەواڵەکە بزانێت یەکسەر پەیوەندی بەخۆیەوە کردو لێی پرسی: ئایاهەواڵی موسوڵمان بوونەکەت راستە؟! یائەوەی کەرەسەی راگەیاندنەکان باسی دەکەن و گومانێکی زۆریان بۆ موسوڵمانبوونت دروستکردووە؟

(فان دۆرن)یش دەڵێت: ناهەقیان مەگرن، چونکە لێم دوورن و منیش زور دوژمنی ئیسلام بووم بۆیە ئەوان بەگومانەوە هەواڵەکەیان بڵاو کردۆتەوە، بەڵام ئەوانەی کە نزیکم بوون دەزانن کەماوەی ساڵێك زیاترە من لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕم لەبارەی ئیسلامەوە دەست پێکردووە، بەخوێندنەوەو دانیشتن و پرسیار و وەڵام..

لەئەنجومەنی شارەوانیدا هاوکارێکی موسوڵمانم هەبوو پاش تاوتوێیەکی زۆر رێنوێنی کردم بۆ ئەوەی سەردانی مزگەوتی سوننە بکەم، لەوێش ئەوپەڕی سۆزو لوتوفیان بەرامبەرم نواند، و پاش ئەو ماوە زۆرە لە خوێندنەوەو تاوتوێکردن بەهەموو ئازادییەکەوە بڕیاری موسوڵمان بوونم دا، ئەمەش بڕیارێکی تایبەت بەخۆمەو نامەوێ کەس لەوبارەوە موناقەشەم بکات..

لەبارەی ئەوەوە کە پاڵنەر چی بوو بۆ هەڵبژاردنی ئیسلام: رونی کردەوەو گوتی: من کەسێکم نامەوێ لەرێی بیستن و وتی وتییەوە حوکم بەسەر شتەکاندا بدەم.. من بیرم کردەوە و گوتم: من کەدوژمنایەتی ئیسلام دەکەم بابزانم ئەم ئیسلامە چییە؟ لەبارەیەوە شت بخوێنمەوە.. دەستم بەخوێندنەوە کردو سەرەنجام دیتم من هەڵەیەکی زۆر گەورەم کردووە، کە کوێرانە دوژمنایەتی ئیسلامم کردووە، و هەموو کەسێکیش قابیلی هەڵەیە، و پێم وایە تەجروبەم لە پارتی ئازادیدا رۆڵێکی گەورەی بینی بۆئەوەی ئەم هەڵبژاردنە نوێیەم هەبێ و موسوڵمان ببم.. ئەمەش تەجروبەیەکی نوێیە لەژیانمدا و لەخوا داواکارم تەوفیقم بدات و سەرکەوتووبم تیایا..

بەڵێ ئازیزان! هەروەك رۆژنامەی عوكازی سعوودی لە رۆژی 2013/4/23 بڵاوی کردەوە ئەم برا نوێیەمان پاش موسوڵمانبوونی زۆر ئارەزومەند دەبێت مەناسیکی عەمرە بەجێ بێنێت و بەتایبەت بچێت بۆ مەدینەی شاری پێغەمەر صلی الله علیە وسلم و سەردانی مزگەوتەکەی بکات،و دوای نوێژکردن

لەبەرامبەر گۆڕی موبارەکی پێغەممەرەوە صلى الله عليه وسلم دەوەستێ و بەگریانەوە داوای لێ بوردنی لێدەکات..

لەکۆتاییدا:

ئازیزان! هەروەك پێغەممەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: " دڵەکان لەنێوان دوو پەنجەی دەسەڵاتی خوادان چۆنی بوێت وای دەگۆڕێت" کەوابوو بائێمەش بۆ خۆمان و ئەم برا نوێیەمان بپاڕێینەوەو بڵێن: ئەی خودای میهرەبان! ئەی لەهەموو دلۆڤانێك دلۆڤانتر، ئەی لەهەموو تواناداروو دەسەڵاتێك بەتواناو بەدەسەڵات تر! ئەی بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکان! ئەی هەڵسووڕێنەری دڵەکان! دڵی ئێمەو ئەم برانوێیەشمان لەسەر ئیسلام سەقامگیربکە! زیاتر ڕێنوێنی ئێمەو ئەویش بکە، ئەی بگۆڕی حاڵەکان! حاڵی ئێمەو ئەم برانوێیەشمان بۆ باشترین حاڵ بگۆڕە!

## سەرچاوەکان:


http://www.okaz.com.sa/new/Issues/20130423/Con20130423592919.htm

http://www.aljazeera.net/home/print/f6451603-4dff-4ca1-9c10-122741d17432/6f597d9b-27b8-45f3-a805-ef80199f81ef

13

# کونگرس مانێکی پارتی کۆماریی بووه هەڵگری ئیسلام

سیلجاندر  ئەو کونگریس مانەی پارتی کۆماری کە تا سەر
ئێسقان دوژمنی  ئیسلام و موسوڵمانان بوو ، دڵی بەنووری
ئیسلام رووناک بوویەوە

وەرگێرانی
**د. حسن پێنجوێنی**

ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم مرۆڤە پێی وابووە ئیسلام  بریتیە لە شەڕ و وێرانکاری، و قورئانیش لە شەیتانەوە هاتووە بۆ موحەممەد- صلى الله عليه وسلم-، و پێی وابووە دژایەتییەکی زۆر بنەڕەتی لەنێوان مەسیحیەت و ئیسلامدا هەیە، و جگە لەوەی هەوڵێکی سەر و مڕی بدرێ بۆ لەناو بردنی موسوڵمانان ئەویش بە کردنیان بە مەسیحی چارێکی تر نییە، و لەسەر ئەم بیرۆکەوە، لە سەر ئەم ئایدیاو بۆ چوونەوە، کاری خۆی دەست پێ کردووە، و زۆر بە چالاکی لەناو پارتی کۆماری پارێزگار دا کاری کردووە، و  دەورێکی باڵای بینیوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، و هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ڕووخاندنی هەموو پردێك لەنێوان جیهانی ئیسلامی و جیهانی ڕۆژئاوادا.. و لەو سێ دەورەیەی کە پەرلەمانتەر- کۆنگریس مان- بووە ئەم  بۆچوون و بیرو باوەڕەی لە قسەو کردەوەکانیا ڕەنگی داوەتەوە..

بەلاَم قەڵەمی قەدەر بەجۆرێکی ترە و دەمەقاڵەی لەگەڵ  پەرلەمانتەر- کۆنگریس مانێك-ی ترا دەبێتە هۆی ئەوە ئەو شتانەی کەڵەلای ئەم جێگیر وسەلمێنراو بوون یەك لەدوای یەك لەق ببن و بڕووخێن و ئاوەڕۆی ژیانی بەجۆرێکی تر بگۆڕێ و لەبارەی  سەرچاوەی ڕەسەنی ئینجیل و قورئانەوە دەست بەلێکۆڵنەوەیەکی جیددی بکات.. لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا  بۆی دەردەکەوێ کە لەسەر هەڵەیەکی گەورەبووە، بۆیە کتێبێك لەدوای ئەوگەشتەی لێکۆڵینەوەکەی  بەناوی{ خراپ حاڵی بوونێکی کوشندە} دەنووسێ، ئەم کتێبە هەوڵە بۆ دروستکردنی پردێك لەنێوان جیهانی ئیسلامی و جیهانی مەسیحییەتا..

لەم رۆژانەدا نوێنەری کەناڵی ئەلجەزیرە لە واشنتۆن دیمانەیەکی لەتەکا سازدا ئەویش بەسەتەلایت لە فلۆریداوە ئامادەی دیمانەکە بوو، و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، کە بەراستی **جوامێریی** و ئازایەتی ئەوەیە کاتێ مرۆڤ هەستی بە هەڵەی خۆی کرد لەسەر هەڵەکەی بەردەوام نەبێت.. ئەڵبەت جگە لە دیمانەکەی ئەلجەزیرە، کۆمەڵێ وتاریشم لەو بارەوە خوێندەوە، بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەمەسەلەکە..

هەروەك روونە پارێزگارەکانی ئەمریکا و بەتایبەت ئایندارە دەستە راستەکانیان رۆڵێکی گرنگیان لە وێرانکردنی پەیوەندی نێوان جیهانی رۆژئاوا و جیهانی ئیسلامیدا بینی، و بەڵکو شەڕێکی بێ سەر و بەری وایان داگیرساند کە خۆشیان لە ئەنجامیا سەراسیمەن، و بوونە هۆی وێرانکارییەکی زۆر لە هەردوولا، و بێ ئەنجامیش، بێگومان ئەوان شەڕەکەیان لەبەرگی ئاینییەوە ئاڵاند و وایان حسێب دەکرد کە ئەمە درێژەی هەمان شەڕە کە لە سەدەکانی تاریکستانیدا ئەورووپییەکان ئەنجامیان دەدا..

یەکێك لەوانەی ئەستێرەیەکی درەوشاوەی لەناو پارێزگارەکاندا هەبوو د. مارك دیلی سیلجاندر بوو، کە یەکێك بوو لە بیریاری پارێزگارە نوێیەکان، ونەیارە سەرسەختەکانی ئیسلام، وهەمیشە لەهەوڵی بەمەسیحیکردنی موسوڵماناندا بووە،و لەقاڵبێکی ئاینییدا ئەمەشی بە کارێکی رەوا زانیوە.

جا گرنگی ئەم باسە لە ناسنامەی نووسەری کتێبەکەدایە، مارك دیلی سیلجاندر" Mark Deli Siljander " ئەم پیاوە لە{ساڵی 1951} لە شیکاگۆ لەدایکبووە، و لەساڵی 1972 بەکالۆریۆسی لە زانیارییەکانی زانکۆی میشیگان وەرگرتووە، وپاشان ماستەری لەئادابی هەمان زانکۆدا ورەگرتووە، ودواتر لەلایەن زانکۆی مەعمەدانی فلۆریداوە دکتۆرای فەخری پێ بەخشراوە، و پاشان دکتۆرای لە بازرگانی نێو دەوڵەتیدا وەرگرتووە. و لە ساڵی 1987دا و لەسەر دەمی {رۆناڵد رێگان}دا نوێنەری ئەمریکا بووە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، و نوێنەری ویلایەتی مێشیگانی ئەمریکابووە لەپەرلەمان {کۆنگریس}ی ئەوولاتەدا، لەپارتی کۆماری ویلایەتی مێشیگاندا سێ دەورە بۆ گۆنگریس

هەڵبژێرراوەتەوە. ئێستا لەویلایەتی فێرجینیا دەژی. سیلجاندر بەیەکێك لەبیریاری پارێزگارە نوێیەکان دادەنرێ.

سیلجاندر هەروەك لەبارەی خۆیەوە باس دەکات زۆر رقی لە ئیسلام و قورئان بووە، بە ئەندازەیەکی وا لەساڵی 1998دا سەرکۆماری ئەمریکا ئاهەنگێکی بەربانگکردنەوەی گێراوە بۆ نوێنەری رەوەندە موسوڵمانەکانی ئەمریکیا، بۆ نارەزایی دەربرین لە کۆرەکە هەڵدەستێ و خوانەکە بەجێ دێڵێت کە چۆن بیل کلینتۆن رێگەی داوە ئایەتی قورئان لە ئاهەنگی ئەو بەربانگەدا بخوێنرێتەوە کە بۆ نوێنەری رەوەندە موسوڵمانەکان دروستی کردووە!!

رووداوێکی سەرپێ یی بەشێوەیەکی بنەرەتی ئاوەرۆی بیری ئاینی و سیاسی سیلجاندری گۆری، کەسایەتییەکی مەسیحی پشت ئەستوورانە بە سیلجاندری دەڵێ: ئەوەی ئێوەی دەستەراستی مەسیحی توندرەو باوەرتان پێیەتی- کە خەڵکی بکرێت بە مەسیحی بۆ ئەوەی لە نەفرینی هەمیشەیی رزگاریان ببێت - لەئینجیلدا نییە، **من** تەحەددات دەکەم تۆ بتوانە لەو بارەوە تەنیا وشەیەك لەئینجیلا بدۆزیتەوە، ئەم داخوازییە پرلە تەحەددایە چ گۆرانکارییەکی لەژیانی مارك سیلجاندردا بەدی هێنا؟

دەست بەلێکۆڵینەوەیەکی سەرو مری دەکات و سەرەنجام ئەمساڵ{ 2009 } کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوی "خراپ حاڵی بوونێکی کوشندە" **و** لەسەر ئەو کتێبەی خەڵاتی زیوینی پێ بەخشرا..

پاش بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی کەناڵی "ئەلجەزیرە" دیمانەکەی لەتەکا ئەنجام دا و کۆمەڵێ پرسیاری وروشێنەری کرد و ئەویش وەلآمی دایەوە..

**خراپ حاڵی بوونێکی کوشندە**:

پاش بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە نوێنەری کەناڵی "ئەلجەزیرە" لە ئەمریکا دیمانەکەی لەتەکا ئەنجام دا ئامادەکاری بەرنامەی {لەواشنتۆن}ەوە شەوی

2009/9/21 پرسیاری لێدەكات و ئەویش بەسەتەلایت لە {فلۆریدا}وە وەڵاَمی دەداتەوە. ئەمەش كورتەیەكی ئەو دیمانەیە:

**نوێنەری ئەلجەزیرە**: بێ زەحمەت كورتەیەكی ئەو كتێبەتمان بۆباسبكە كە ئەندامێكی پێشینی كۆنگرس دەیەوێت پردێك بدۆزێتەوە بۆ ئەو دەربەندەی لەنێوان ئیسلام و مەسیحییەتا دروست بووە.

**مارك سیلجاندر**: لەئاستی لاهووتییەوە من هێشتا پەروەردگارمم خۆش دەوێت، و پێم وایە ئێمە بانگكراوین بۆ خۆشویستنی خوا و خۆشویستنی دراوسێ و خۆشویستنی پێغەمبەران، من ئەو عیسایەی  مەسیحم خۆش دەوێت كە قورئان بە رێی راست ناوی دەبات، كە ئەویش حەققە و رۆحی خوایە.. - سیلجاندر جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە هەڵوێستی جیهانی ئێستای مەسیحی بەرامبەر بە ئیسلام لە بێ ئاگایی بوونیانەوەیە لە حەقیقەتی قورئان، و بۆ پشت راستكردنەوەی ئەم قسەیەی دەڵێ: - مەسیحییەكان پێیان وایە: موسوڵمانان باوەڕیان بەوە نییە كە مەسیح  حەق و رێی راست و نوور بێت، لەكاتێكدا ئەو سیفەتانە پیت بەپیت لە قورئاندا هەیە، بەلاَم لەبارەی پرسیارەكەتەوە دەڵێم: ئەو دۆزینەوەیەی من بۆچوونی ستراتیژی منی گۆڕی، چونكە بەدرێژایی ژیانم من باوەڕم وابوو كە دەبێ خەڵكی هەمووی{ بە موسوڵمان و بوودایی و جگە لەوانیشەوە} بكرێن بە مەسیحی، پاشان بۆ ئەم بۆچوونەم گەڕام لە ئینجیلا ئایا مەسیح داوای شتی وای كردووە، لە ئاینەكانی ترەوە بخرێنە سەر ئاینی مەسیحی؟ لەسەرەتاوە دەڵێم: مەسیح باسی وشەی ئاینی هەر نەكردووە، بە تەنیا وشەیەكیش.. پاش ئەوەش باسی مەسیحییەت و مەسیحی بەهیچ شێوەیەك نەكردووە.!

من دەمەوێت روونی بكەمەوە كە دژ بە مسیحی نیم، و دەڵێم: عیسا باسی خاچی سوور و حیزبی كۆماری و حیزبی دێموكراتی و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكای نەكردووە، لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە وڵاتی خۆمم خۆش دەوێت، با هەرگیز عیسایش باسی نەكردبێت.. بۆیە من وەك كەسێكی باوەڕدار بەمەسیح - لەومەسەلانەدا كە ئاینین- هەوڵ دەدەم كارێك ئەنجام بدەم كە مەسیح داوای لێكردبین، ئەو هەرگیز نەیگوتووە هەمووكەسێك بخەنە ناو ئاینەكەوە. چەند جارێك باسی وشەی هیدایەت

دراو، و قبوڵکەری کردووە، و کاتێك من بە هاوەڵە مەسیحییەکانم دەڵێم: بە زمانی ئارامی ئەوە چۆن دەگوترێ؟ تووشی سەدمە دەبن، چونکە ئەو وشەیە بەئارامی زۆر نزیکە لە وشەی {موسلیم}ەوە، بەواتای ئەوکەسەی تەسلیم دەبێت،و ڕوودەکاتە خوای تاقانە، ئەمەش بەواتای ئینکاری ئەسڵ، و ئینکاری کاڵچەر، و ئینکاری مافی باوك و دایك نییە، و ئەوە ناگەیەنێ کە خۆمان بلکێنین بەئاینێکی نوێوە.. عیسا ئاینێکی نوێی نەهێناوە، بەڵکو داوای بزافێکی نوێی کردووە کە دەروونەکان بەرەو خوای تاك و تەنیا ببات..

**نوێنەری ئەلجەزیرە**: تۆ لە ناونیشانی کتێبەکەتدا باس لە خراپ حاڵی بوون دەکەیت، لەنێوان جیهانی ئیسلامی و جیهانی مەسیحیدا، ئایا مەسەلەکە پەیوەندی بە خراپ حاڵی بوونە لەنێوان هەردوو کاڵچەرەکەدا، یا پەیوەندی بە کێبەرکێ یەکەوە هەیە کە لەنێوان جیهانی ئیسلامی و جیهانی مەسیحی ڕۆژئاوادا هەبووە؟

**مارك سیلجاندر**: ئەمە پرسیارێکی زۆر ماقووڵە، ئەو خراپ حاڵی بوونە –هەروەك دەڵێیت- بەشێوەیەکی کورت و پوخت کاڵچەرییە، چون ئەگەر یەکێك دەقێکی زۆر وروشێنەر بۆ تاو توێکردن بەنیسبەت مەسیحییەکانەوە لەقورئانا بخوێنێتەوە لەروانگەی کاڵچەری مێژوویی عەرەبییەوە، و هەمان کاریشمان بەرامبەر دەقێکی ئینجیلی کرد کە بەزمانی ئارامی هاتووە، لەروانگەی ئەو زمانەوە کە عیسای مەسیح پێی دوواوە، جێی سەر سوورمانە کە ئەو شتەی ماوەیەکی زۆر بە کوفرو دەرچوون لەدینمان زانیوە لە حەقیقەت و ڕاستەقینەدا ببێتە جێی یەکبوون و ئیتفاقی هەردوو ئاینەکەمان، شتانێك هەیە ناکۆکییەکی گەورەی لەنێوان مەسیحییەکان وموسوڵمانانداا دروستکردووە و بووەتە هۆی دوژمنایەتییەکی بەهێز وبگرە گەیشتۆتە سنووری یەکتر کوشتن لەنێوان موسوڵمانان و مەسیحییە کاندا.

**نوێنەری ئەلجەزیرە**: لەکتێبەکەتا باسی دەکەیت لەساڵەکانی هەشتادا قسە بۆ کۆمەڵێك لەو ڕاست ڕەوانە دەکەیت کە خەڵکی بۆ بوون بەمەسیحی بانگ دەکەن لێرە لە ئەمریکادا، و لەسەرەتای قسەکانتەوە پێیان دەڵێیت: من

دەمەویٚ لە کتێبی پیرۆزەوە شتێکتان بۆ بخوێنمەوە، و ئەوانیش بە تەبیعەت نەیان زانیوە ئەو کتێبە پیرۆزە کام کتێبی پیرۆزە؟ وادەزانن تۆ لەئینجیلەوە شتیان بۆدەخوێنیتەوە، ئینجا واتای ئەم ئایەتانەی سوورەتی ئالی عیمرانت بۆ خوێندونەتەوە  کە دەفەرمویٚ: " إِذْ قَالَتِ الْمَلآئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ وَجِيهاً فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ، وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَمِنَ الصَّالِحِينَ، قَالَتْ: رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ؟ قَالَ: كَذَلِكِ اللّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ، إِذَا قَضَى أَمْراً فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ: كُن، فَيَكُونُ. " آل عمران: 45-47، واتە: کاتێ فریشتەکان بە مەریەمیان گوت: ئەی مەریەم خوا مژدەت دەداتێ بە وشەیەك لە خۆیەوە و ناوی مەسیح عیسای کوڕی مەریەمە، لەدنیا و قیامەتدا شکۆمەند، ولەنزیکانی خوادەبێت، لەناو لانکەدا و بەگەورەییش قسە لەتەك خەڵکیدا دەکات، و لە ساڵحان و پیاوچاکانیش دەبێت، ئەویش گوتی: ئەی خودایە! من لە کویٚ کوڕم دەبێت؟ هیچ مرۆڤێك دەستی لەمن نەکەوتووە؟ خوا فەرمووی: ئەوەی خوا مەیلی لێ بێت دروستی دەکات، هەرشتێکی ویست پێی دەڵێت: ببە، دەبێت.. تەبعەن تۆ لە قورئانەوە ئەم بابەتەت بۆ خوێندنەوە، ئایا پەرچەکرداری ئەوان چی بوو، کاتێ پێت گوتن: ئەمەی بۆم خوێندنەوە قورئان بوو نەك ئینجیل؟!

**مارك سیلجاندر**: ئەمەش خاڵێکی پەسەندە، ئەمە لەدەورو بەری ساڵی 2000دا رووی دا نەك لە هەشتاکاندا، لەوکاتەدا تازە ماوەی نوێنەرایەتیم لەگۆنگرسدا تەواو بووبوو، دەستم کردبوو بەلێکۆڵینەوە لە قورئان، منیش لەبەردەم ئەو عەشاماتەدا وەستاوم کە 250 قەشەو پیاوانی ئاینی مەسیحی بوون ئەوانەی خەڵکی بۆ مەسیحی بوون بانگ دەکەن، زۆر بە حەماسەوە گوێیان بۆ گرتبووم، سروشتییە وایان دەزانی کە لەئینجیلەوەیە، چونکە ئەمەی کە ئێستا خوێندتەوە هەروەك لە قورئانا هەیە لەئینجیلیشدا هەیە، کاتێ کە ئەو ئایەتانەم بۆ خوێندنەوە کە عیسا وشەی خوایە، و دروستکردنەکەی یەکێکە لە موعجیزەکانی خوا، و نەخۆش چاك دەکاتەوەو کوێری زکماك بیینا دەکاتەوە، و مردو زیندوو دەکاتەوە، حەماسەتیان بەرزبووەوەو سوبحانەڵلاو سوپاسگوزاری خوایان دەکرد.. کاتێ ئاگادارم کرنەوە ئەوئایەتانەی بۆم خوێندنەوە لەقورئانەوە بوو ماتی و بێدەنگییەکی

سامناك باڵی بەسەریاندا كێشا، هۆلەكە لەتەهلیل و تەكبیرەوە بووبە هۆلێكی بێدەنگی خامۆش، چونكە جیهانی مەسیحی تێ ناگات هەروەك پێش ئەم لێكۆڵینەوەیە منیش تێ نەدەگەیشتم.. من ئێستا بەردەوام لەسەرەتای هەوڵدانام بۆ ئەوەی بزانم قورئان لەبارەی عیسا مەسیحەوە چی دەڵێت؟

**نوینەری ئەلجەزیرە**: باشە لەم حاڵەدا كە بەمەسیحی كەرەكانت ئاگادار كردەوە پوختەی ڕوودانەكە چی بوو؟ لەگەڵ ئەوەدا ئەوان خەڵكی بۆ مەسیحی بوون بانگ دەكەن دەبوا بیانزانیبا ئینجیل چی دەڵێت؟ ئەوەی لەتەك ئەوانەدا ڕوویدا بەڵگەیە لەسەر چی؟

**مارك سیلجاندر**: بەڵێ، ئەوەی ڕوویدا وەك ئەوەبوو بۆ من ڕوویدا، كە بەشێوەیەكی تەدریجی گۆڕانكاری لە بۆچونمدا دروست كرد، بەڵكو گەیشتە سنووری گۆڕانكاری تەواو لە تێڕوانینمدا بۆ مەسیح و بۆ موسولمانان، و بۆ ئینجیل و بۆ كاڵچەری ڕۆژهەڵات وقورئانیش. من ئاواتم ئەوەبوو ئەو گۆڕانكارییەی لە دڵی مندا دروست بووە بەو برایانەی خۆمی بگەیەنم، پێم وایە زۆرێكیان تووشی سەدمەبوون لە بیركردنەوە و تێڕوانینیاندا بۆ واقیع.. پاش دەرچوونی ئەم كتێبە وتارێكی زۆر نووسراو كۆمێنتێكی زۆر نەگەتیڤ بڵاوكرایەوە، بەتایبەت لە دەوروبەری مەسیحییەوە، بەڵام گۆڕان دەستی پێكردووە، چونكە ئەم كتێبە كتێبێكی عادەت پێكراو نیە، و پێشكەشكردنێكی عادەت پێكراو نییە، ئەو كتێبە موسوڵمانان بانگ ناكات بۆ ئەوەی ببنە مەسیحی، و مەسیحییەكان بانگ ناكات بۆ ئەوەی ببنە موسوڵمان، بەڵكو هەردوولا بانگ دەكات بۆ ئەوەی چاوێ بەخۆمانا بخشێنینەوە، سەرنجێكی خۆمان بدەین جیاواز لەوسەرنجانەی پێشوومان بۆیەكتر.

**نوێنەری ئەلجەزیرە**: ڕێزدار سیلجاندر خەڵكێكی زۆر لە ئێمەی موسوڵمان كە ئم قسانە لە ئێوە دەبیستن، لەوانەیە بپرسن بۆچ سیلجاندر موسوڵمانبوونی خۆی ڕا نەگەیاندووە؟

**مارك سيلجاندر**: جارێكیان رۆیشتم بۆ قوتابخانەیەكی لاهووتی مەسیحی لە بنسلڤانیا، قوتابیانی ئەو قوتابخانەیەش زۆر پارێزگاربوون، پرسیارم لێكردن: لەناو ئێوەدا موسوڵمان هەیە؟ پێیان وابوو من شێتم، و گوتیان: لە قوتابخانەیەكی لاهووتی مەسیحیدا چۆن بۆ موسڵمان دەگەڕێیت؟ منیش پێم گوتن: ئایادەزانن وشەی موسلیم چ واتایەكی هەیە؟ یەكێكیان دەستی بەرزكردەوەو گوتی: بەكەسێك دەگوترێ موسلیم كە تەسلیم بووبێ بەخوا، پێم گوتن: ئایا دەزانن قورئان كەباسی عیسا دەكات بە موسلیم وەسفی دەكات؟ هەروەها وەسفی مووسا و ئیبراهیم و نووح یش دەكات، ئەوان موسلیم بوون پێش هاتنە خوارەوەی قورئان و پەیدابوونی ئاینی ئیسلام، و دەركەوتنی سوننەت و فەرمووده.. هۆیەكەیشی ئەوەیە وشەی موسوڵمان ناوە بۆ ئەوكەسەی تەسلیم بەخوا بووبێت، ئینجا پرسیارم لە قوتابییەكان كرد: كێ لە ئێوە دەیەوێت تەسلیم بەخوا بێت؟ بێ هەڵبواردن هەموویان دەستیان بەرزكردەوە بەمامۆستاكانیشیانەوە.. ئێمە لەبارەی ناوەرۆكەوە هەموومان موسوڵمانین، بەم واتایە ئێمە دەمانەوێ تەسلیمی خوای تاك و تەنیابین، و باوەڕمان بەپێغەمەران و پاشەڕۆژ هەبێت، ئەوەی كە من هەوڵ دەدەم بیڵێم ئەوەیە، پێم وانییە ئێمە جیاوازبین، ئەگەرمەسیحییەكان هەوڵیان دا سەرلەنوێ ئینجیل بخوێننەوەو بەراوردی پێبكەن لەتەك قورئانا، وەك من لەم كتێبەدا كردوومە، ئەو كاتە ملیۆنەها مەسیحی دەبینیت دەڵێن: ئەمە یەك ئاینە، ئاین پەیوەندی بە دامەزراوەوە نییە بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندی بە عەقیدەو بیر وباوەڕی شەخسی ئێمەوە هەیە، من پێم وایە عەقیدەی موسوڵمان و عەقیدەی مەسیحی زۆر لێكەوە نزیكن، بە شێوەیەكی وا سەدمە بۆخەڵكێكی زۆر دروست دەكات..

**نوێنەری ئەلجەزیرە**: سیلجاندری بەرێز! خەڵكی لێرە – لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا- دا بەتایبەت دەستە راستییە ئاینداەرەكان مۆركی مەسەلەی توندو تیژی دەلكێنن بەئیسلامەوە،و بەتایبەت پاش رووداوی11 سیبتەمبەر، بەشێوەیەكی عادی لەمیدیاكانی ئەمریكییەوە دەبینین ودەبیستین كە ئیسلام خەڵكی هاندەنێ بۆ توندو تیژی و بەڵگەش بەو ئایەتانەی سوورەتی ئەلتەوبە لە قورئانا دێننەوە..

**مارك سيلجاندر:** هەروایە: کاتێ ئەو ئایەتانەی سورەتی ئەلتەوبە وهەندێ سوورەتی تریشم بۆهاوڕێ مەسیحییەکانم باس دەکرد پێیان وابوو خەڵکی بۆ توندوتیژی هان دەدات، پێم دەگوتن: باشە خۆ ئێمەش لە کتێبی پیرۆزماندا چەندەها دەقمان هەیە کە باس لەتوندو تیژی دەکات لەسەردەمی دێرین و نوێدا، واتە لە تەورات و ئینجیلا!! لەوەڵامدا دەیانگوت: ئەو دەقانەی ئێمە لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا هاتووە، و هەزاران ساڵ لەمەو بەر بووە، یا دەیان گوت: ئەوانە سوورەتێکی راگەیاندنیان هەبووە و مەبەست لە خودی کوشتن نەبووە، کەوابوو ئەو دەقانە یا دەقێکی مێژوویین و پەیوەندییان بەئێستاوە نییە، یاوێنەیەکی راگەیاندنە. منیش پێم دەگوتن: باشە بۆ بەهەمان دید سەیری  دەقەکانی قورئانیش نەکەین؟ چونکە ئەو سوورەتەی تۆ خوێندتەوە دەقێکی مێژووییە و هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەر دابەزیوە، و هیچ پەیوەندییەکی بەئەمڕۆوە نییە، وەك ئەو ئایەتانەی لە سیفری یەشوعدا هاتووە کە دەفەرموێ: بڕۆ بۆ ئاوایی کەنعان و پیاو و ژن ومنداڵیان بکوژە، و تەنانەت ئاژەڵەکانیشیان.. ئاساییە کە مەسیحییەکانی ئەمڕۆ ئەو دەقە جێ بەجێ ناکەن هەروەك 99 لە سەدی موسوڵمانەکان جێ بەجێی ناکەن، وە ئەو بارو دۆخەی ئەمڕۆ زۆرجیاوازترە لەوبارو دۆخەی ئەو ئایەتانەی تیا دابەزیوە.. لە لێکۆڵینەوەکەمدا بەشوێن واتای وشەی جیهادا دەگەڕام، ئەم وشەیە لەبنچینەدا وشەیەکی ئارامییە، و لە سیفری دانیال دا بەواتای هەوڵدان لە گەڵ دەروونەدا بەکارهێنراوە، تا هانی بدات بۆ باشتر و چاکتر.. مەبەست لەو وشەیە هەوڵێکی دەروونییە تێکۆشانێکی بەهێزە بۆ سەرکوتکردنی سەرکێشیەکانی دەروون، و بەشێوەیەکی سنوردار لەبواری توند و تیژیدا بەکارهێنراوە، و بە زۆری لەچوارچێوەی بەرگریدایە.. من پێم وایە تەفسیرێکی هەڵە لە واتاکەیدا کراوە.. بەڵام جارێکی تریش دەڵێم: من تەنیا قوتابییەکی زانیاریم لە دیدی خۆمەوە بۆی دەڕوانم، بەلاَم پێم وانییە قورئان بەوشێوەیە توند و تیژبێ کە مەسیحی و موسوڵمانە توندڕەوەکان لێی حاڵی بوون..

**نوێنەری ئەلجەزیرە** : کاتێك لێرەدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەمە بۆ دەستە راستییە ئاینداڕەکان باس دەکەیت، بۆ نموونە باسی سیفری

سەمۆئیلیان لەسەردەمی دێرین{لەتەورات}دا بۆ دەکەیت کە دەڵێت: " ئێستا بڕۆ لە میللەتی عەمالیق بدەو پیاو و ژن و منداڵی شیرەخۆرەشیان بکوژە مەڕو مانگاو وشتر و کەریشیان لەناوبەرە، هیچی لێ دەرمەکە.. کاتێ لەم بابەتە دەقانەی تەورات کە پەیوەندییان راستەو خۆ بە توندو تیژییەوە هەیە باس دەکەیت، ئایا لەلایەن بەگاورکەرەکانەوە بۆنموونە لەلایەن ئایندارە دەستە راستییەکانەوە تۆمەت بار ناکرێیت بەوە کە تۆ بەرگری لە ئیسلام دەکەیت؟ و یا لەزمانی ئیسلامەوە مەعزەرەت بۆ خەڵکی دێنیتەوە؟!

**مارك سیلجاندر**: من نامەوێ مەعزەرەت بێنمەوە، بەڵکو من دەمەوێ حەقیقەتی واقیعی باس بکەم بەو شێوەی کە خۆم لێی حاڵی دەبم، بیرت دێ کاتی خۆی کە لەواشنتۆنی پایتەختا لەئاهەنگێکی ساڵانەی بەربانگدا قورئانی تیا خوێنرا من نارەزایی خۆمم دەربڕی کە چۆن دەبێ قورئانی تیا بخوێنرێ؟ پاشان قەناعەتی تەواوم پەیدا کرد قورئان بەو شێوەیە نییە کەمن دەی بینم، و گوایە خەڵکی بانگ دەگات بۆ رق و توندوتیژی و دوژمنایەتی مەسیح.. بەنیسبەت منەوە وا لەقورئان حاڵی بووم کە بە شێوەیەکی تازە تەورات و ئینجیلی دارشتۆتەوە لە بەرگی نیوەدورگەی عەرەبیدا، -مەبەستم سوکایەتی نییە – هەروەك خێزانم دەیگوت کە پێشینەیەکی کاسۆلیکی هەیە: ئەمە دەبێ بە چاکە بۆ محمد حسێب بکرێ، کە بەرەنگاری کاڵچەرێکی بت پەرستی بووەتەوە و دەستی بۆ یەك خوا پەرستی گرتوون و گەیاندوونیەتە ئاینی خوابەیەکناسین و خۆشویستنی هەموو پێغەممەران..و لەنێویشیاندا عیسا، ئەو عیسایەی کە یانزە جار قورئان بە مەسیح ناوی هێناوە..

www.penjweny.org

# # #

1- http://www.aljazeera.net/NR/exeres/26B38AE2-7ABD-401A-85E0-A60708EDF11F.htm

2- http://www.adeadlymisunderstanding.com/book.php
3- http://www.thebeautifulheresy.com/2009/06/deadly-misunderstanding-book-review.html
http://www.jihadwatch.org/2008/01/spencer-on-siljander-a-congressman-for-jihad.html
http://bioguide.congress.gov/scripts/biodisplay.pl?index=S000409
http://www.veteranstoday.com/modules.php?name=News&file=article&sid=8670

٠ بۆچوون، له ٦/١٠/٢٠٠٩ له سایتی پێنجوێنی دا بڵاو کرایەوە:

http://www.penjweny.org/article/523

# # #

14

# دووەمین

# گەورەترین قەشەی ولاتی غانا

وەرگێرانی

**د. حسن پێنجوێنی**

## دووەمین گەورەترین قەشەی ولاتی غانا

ئەم قەشە یەی باسي دەکەین لەبنەماڵەیەکی هەژار و نەداردا هاتۆتە دنیاوە، خاچ هەڵگرەکان لە پەناگاکانی خۆیاندا پێیان گەیاندووە، و لە قوتابخانەکانی خۆیانا پێیان خوێندووە،و کاتێ هەستیان بەوە کردووە کە بلیمەتی و وریاییەکی تێدایە زیاتر بایەخیان پێ داوەو خستویانەتە پێشەنگی بایەخدارەکانیانەوە.. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بەبۆچوونی ورد و زیرەکییەکی تیژەوە هەڵبوێراو بووە، و زۆر بەخێرایی رێی فێر بوونی بڕیوە، تا بە گەورەترین شەهادە گەیشتووە...

هەرلە منداڵییەوە ئەمەشی زانیوە کە ئەم موسوڵمانە و لەبەر هەژاری و نەداری خستویانەتە ئەم قوتابخانەیەوەو ئەوانیش کردوویانە بە گاور، بەلاَم لەوکاتەدا ئەگەر بەلای راست و چەپی خۆیدا لای دەکردەوە جگە لە وانەی خەڵکی بە گاوردەکەن کەسی تری نەدەبینی، لەوکاتی هەژاری و نەدارییەدا ئەوان بوون دەستی نان وئاویان بۆ درێژکرد.. تا لە ئەنجامدا بووە قەشەیەکی ناودار و ئەستیرە درەوشاوە.. زمانێکی پاراو و شێوازێکی کێشندەی هەبوو، رواڵەتێکی جوان وپاکی هەبوو، ئەوەی دەیبینی خۆشی دەویست، وکاریگەری لەسەر دڵ ودەروونی دادەنا، مەیدانەکەیشی بەگاور کردنی خەڵکی بوو، ئای چەندەها موسوڵمانی کردە گاور لەو ولاتەیاندا!!

کاتێ هیدایەتی خوایی هات دەیخاتە بیرکردنەوەوە، رۆژێکیان دادەنیشێ و بیر لەخۆی دەکاتەوە، و دەڵێ ئایا من لەبەر ئەوەی قەناعەتم بە ئاینی مەسیحی هەبووە بوومەتە مەسیحی، یا لەبەر

نەداری و برسیەتی و هەژاری؟من هەست دەكەم لەگەڵ ئەوەدا كە لەژیانێكی پڕ لەناز و نیعمەتدام، لەگەڵ ئەوەدا كە لە هیچ شتێكم كەم نیە، بەلاَم هەست بە دڵتەنگی دەكەم و دڵم ناكرێتەوە، و خۆم بە بەختەوەر نازانم، ئارامی و ئاسوودەیی دەروونیم نییە، لەپاشە رۆژی پاش مردن دەترسم، هیچ دڵنیاییەكم لە پاشەرۆژم نییە..

بۆ من توێژینەوەیەك لەبارەی ئیسلامەوە دەست پێ نەكەم؟ بۆچ راستەو خۆ قورئان نەخوێنمەوە؟ خۆ من لەبارەی ئیسلامەوە هیچ شارەزاییەكم نییە، جگە لەو قسانەی كە لەسەر چاوەكانی كەنیسەوە وەرم گرتووەو پێم گەیشتووە.. لەوانەیە حەقیقەتی ئەو ئاینەم وەك خۆی پێ نەگەیشتبێ.. ئێستا من منداڵ نیم و خاوەنی خۆمم، با خۆم توێژینەوەو لێكۆڵینەوە دەست پێ بكەم..

ئالێرەوە دەستی بە خوێندنەوەی قورئان و لێی وردبوونەوەی كرد، قسەكانی قورئانی بەكتێبەكانی خۆیان بەراورد دەكرد، كەم كەم هەستی دەكرد خەریكە دڵگوشادی و ئارامی و سنگ فراوانی بۆ دروست دەبێت.. تا زیاتر رۆدەچوو زیاتر دڵخۆش دەبوو، ناوچاوی دەكرایەوەو رێی راستی بۆ دەر دەكەوت..

" يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ، قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ، يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ وَيُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ " المائدة/ 16. ئەی ئەوانەی خاوەن كتێبن دڵنیابن كە پێغەممەرمان بۆلاتان هاتووە، و زۆرێ لەو شتانەتان بۆ روون دەكاتەوە كە لەتەورات و ئینجیلا شاردووتانەتەوە، وچاوپۆشی لە زۆرێكیشی دەكات، بێگومان

لەلای خواوە ڕووناکی و کتێبێکی ئاشکراتان بۆهاتووە، وخوا بەهۆی ئەوقورئانەوە هیدایەت ورێنوێنی ئەوانە دەکات کەشوێن ڕەزامەندی خوا کەوتوون، و بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتی و ئاسوودەیی دەیانبات، و لەتاریکاییەکان دەریان دێنێت ورزگاریان دەکات، بەفەرمانی خۆی ڕێنوێنیان بۆ سەر ڕێ ورێبازی ڕاست دەکات.

پاش لێکۆڵینەوەیەکی باش بڕیاری یەکلاییکەرەوەی خۆی دا، کە هیچ شتێ ناتوانێ ڕێگر و کۆسپ و تەگەرەبێت لەبەردەم ئیسلام بوونیا.. ئاخۆ چ کارێکی پێ بکرێت؟

دەروات بۆ کەنیسە،و قەشەی یەکەمی دەبینێ کە پیاوێکی سپی پێستی ئەورووپی بوو، و گەورەی هەموویان بوو، لەبارەی بڕیارەکەی خۆیەوە ئاگاداری کردەوە، ئەویش لەسەرەتاوە پێی وابوو شۆخی دەکات، بۆیە بێ موبالات بوو، بەلام ئەم بۆی ڕوونکردەوە کە ئەم بڕیارەی ڕاستەو بێ گاڵتەیە.. ئای کابرا چۆن ئاگری تێبەربوو، و وەخت بوو شێت ببێ، ئەوەندەی پێ ناخۆش بوو، هەڕەشەی دەکرد و دەی نەڕاند و کەفی دەچەراند!! پاشان کەمێ دامرکایەوەو وەزعی پێشووی خۆی بیير خستەوە کە لە چ هەژاری و نەدارییەکا بووەو ئێستاش لە چ ناز و نیعمەتێکا دەژی؟!! زۆر هەوڵی دا تا بەماڵ و سامانی زیاتر بیخڵەتێنێ، پێی گوت: معاشەکەت بۆ زیاد دەکەم، و بەخششی سالانەت بۆ دوو بەرابەر دەکەم، و دەسەلاَتی زیاترت پێ دەبەخشم، و ...وهەتاد.. بەلاَم بێ سوود بوو، چونکە نووری ئیمان ڕۆیشتبووە ناو دڵ و دەروونیەوە، کاتێکیش ئەو چێژی ئیمانە لە دلاَ جێگیر بوو، بەهیچ شتێ نایەتە دەرەوە، ئەگەر لەتلەتیش بکرێ..

قەشەی گەورەی ئەورووپی کەزانی بەراستیەتی و بەهیچ شێوەیەك لە بڕیارەکەی پەشیمان نابیتەوە پێی گوت: کەوابوو ئێمە هەرچیمان پێداوی و هەرچیمان بۆ کردوویت دەبێ بۆمان بگێڕیتەوە!! ئەویش پێی گوت: ئەوەی نەماوە ئەوە دەسەلاَتم بەسەریا نییە، بەلاَم ئەوەی کە لام ماوە هەمووی بۆ ئێوە، کۆشکێکی گەورەی بۆ کرابوو، چوار ترومبێل لە خزمەتیا بوو، هەمووی بۆ گێڕانەوە، و بگرە بۆی مۆرکردن کە واز دێنێ لە هەرچی هەیە لەماڵ و سامان و خان و بەرە..

بەم کارەی بەسەرهاتەکەی حەزرەتی سوهەیبمان یاد دەخاتەوە لەکاتی کۆچکردنیا بت پەرستەکانی قورەیش وتیان تۆ بەهەژاری هاتویتە ناومان، نایەڵین ماڵ و سامان لەم شارە بەریتە دەرەوە، ئەویش هەمووی پێدان لە بری ئەوەی رێی بدەن کۆچ بکات.. کاتێ گەیشتە مەدینە پێغەممەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ئەبو یەحیا کڕین و فرۆشتنەکەت قازانج بەخش بوو، و خوایش دەفەرموێ: " إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ "التوبة/111.. بێگومان خوا ماڵ و گیانی لەئیمانداران کڕیوەو بەهەشتی پێ داون..

بەڵێ، گەورە قەشەی ئەورووپی لەم هیممەتە کەم وێنەیەی برای تازە موسولمانمان زۆر ئێشی پێ گەیشت، بۆیە تەنانەت بەرگەکانیشیان لێ سەندەوە.. گەورە قەشەی ئەورووپی وایدەزانی هەژاری و نەداری لەماوەی دوو رۆژا وای لێدەکات بەداوای لێبوردنەوە بگەڕێتەوە، چۆن پێی وانابێ کە هەموو

ژیانی خۆیان ژیانێکی ماددیه، و بەو چاویلکەیەوە سەیری هەموو شتێك دەکەن..

برای تازەموسوڵمان لە کەنیسە هاتە دەرەوەو گوتی: مادام من خاوەنی ئەم ئاینە هێژایە بم، هیچ شتێکم ناوێت جگە لە شتێ کە عەورەتمی پێ داپۆشم، هەروەك خۆی باسی دەکات و دەڵێت: ئاڵەوکاتەدا کە فانیلەو دەرپێ کورتێکم لەپێدا مابوو هەستم دەکرد من بەختەوەرترین کەسم لەم سەرزەوییەدا..

بەپێ بەرەو مزگەوتی گەورەی ناوشار رێکەوت، و خەڵکیش کە لەپەنایەوە دەڕۆیشتن سەرسام بووبوون، هەندێکیان بەهەندێکیانی دەوت: لەوانەیە قەشە شێت بووبێت.. بەڵام ئەو لای نەدەکردەوە بەلای کەسەوە تاگەیشتە مزگەوت، کاتێ ویستی بڕواتە ژوورەوە ویستیان نەیەڵن و لێیان پرسی: بۆ کوێ؟ ئاڵەویادا وەڵامەکەی وەك هەورە بروسکەیەك وابوو کە گوتی: هاتوووم موسوڵمانبوونی خۆم رابگەیەنم!!

خەڵکەکە هەموو سەرسام ببون دووەم گەورەترین قەشەی وڵات و ناودارترین پیاوی کەنیسە، کە هەفتانە دوو رۆژ لەسەر تەلەفزیۆنەوە ئامۆژگاری دەکات و خەڵکی بانگ دەکات بۆ ئەوەی ببنە مەسیحی، و سەدان کەس لەسەر دەستیا بوونەتە مەسیحی، و نموونەی مەسیحییەکانی ئەم وڵاتە هاتووە موسوڵمان ببێت!! بەراستی ئەمە بەختەوەرییەکی بێ وێنەیە، و خۆشییەکە بە وشە دەر نابڕێت، برگەو دەستەواژە توانای دەربڕینی ئەو واتایان نییە، وەك ئەو حاڵەتە دەهاتە پێشچاوی خەڵکی و ئەودەنگەی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم لە گوێیاندا دەزرنگایەوە کە

دەیفەرموو: خوایە ئەم ئاینەی خۆت بەیەکێ لەو دوو عومەرە سەر بخە.. ئەڵبەت لەگەڵ جیاوازی لێکچووەکاندا..

گومان لەوەدا نییە هەندێ جار موسوڵمانبوونی تەنیا کەسێك دەبێتە هۆی موسوڵمانبوونی سەدان کەس و رزگارکردنی دەیان کەس لەزەلکاوی نەگبەتی و کوفر و سەرگەردانی.. بەڵێ موسوڵمانان زۆر دڵشاد و دڵخۆش بوون بەم هەواڵە.. یەکێ کراسی خۆی پێ دەبەخشی و ئەوی تر پانتۆڵی پێ دەدا، و ئەوی ئەولا جبەکەی خۆی پێ دەدا، تا رۆیشتە ناو مزگەوتەوە، و لەوێدا وتارێکی بێوێنەی بۆ موسوڵمانان دا و موسوڵمانبوونی خۆی تیا راگەیاند، و دەنگی ئەڵلاهو ئەکبەر لەهەموولایەکی مزگەوتەوە بەرزبووەوە، گریانی خۆشی و پێکەنینی شادی تێکەڵ بوون.. بەخۆشی وشادی موسوڵمانبوونی کەسێك ماوەیەکی زۆر خەڵکی گومرا کردبوو، بەرەو سەرلێشێواوی دەیبردن، وا ئێستا خۆی موسوڵمان بووەو خەڵکی بەرەو ئیسلام بانگ دەکات.. تەنیا لەماوەی دوورۆژا ژمارەیەکی زۆر زۆر لەوانەی ببونە گاور پەشیمان بوونەوە، و گەرانەوە بۆ باوەشی گەرمی ئیسلام.. " الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ، أَلا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ "الرعد/28. ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و دڵیان بەیادی خوا دڵنیا بووە، بیداربن دڵەکان بەیادی خوا ئارام و دڵنیا دەبن..

پاش دوو رۆژ لە راگەیاندنی موسوڵمانبونی خۆی، ئەوانەی لەناو گاورەکانا داخ لەدڵ بوون، هەڕەشەیان دەکرد و کەفیان دەچەراند،و بەشوێنیا دەگەڕان تا بیکوژن، بەڵام موسوڵمانان بە نهێنی بردیان بۆ ووڵاتی{سیرالیۆن}، و لە رادیۆی لێژنەی موسوڵمانانی ئەفریقاوە بڵاو کرایەوە کە بەبۆنەی موسوڵمان بوونیەوە وتارێك بۆ ئوممەتی ئیسلامی دەدات، خەڵك هەمووی بە

موسوڵمان و مەسیحییەوە چاوەڕوانی ئەو وتارە بوون، کەنیسە واچاوەڕوان بوو لەوتارەکەیا هێرش بکاتە سەر مەسیحییەکان، و نهێنییەکانی دەربخات، و رازیان ئاشکرابکات، لەبەر ئەوە کەنیسە بەیانێکی پێشەکی ئامادەکردبوو کە باسی ئەوەی تیا بکات: کەنیسە ئەم پیاوەی لەمردن و برسیەتی رزگار کردووە، و هەستاوە بەیارمەتیدانی و بەخێوکردنی و پەروەردەکردنی، و بەخوێندەوارکردنی گرتە ئەستۆ تا گەیاندییە بەرزترین لووتکەی زانیاری، ئێستا ئەویش نمەك نەناس و سپڵە دەرچووە، و خیانەتی لەو ئەمانەتە کردووە کە پێی سپێرراوە، و پاداشتی چاکەمان بە خراپە دەداتەوە، و لەبیرخۆ بردنەوەی ئەوانەی جێگەو لانەیان دایێ، وچاودێری و سەر پەرشتیان کرد..

بەلاَم خوای بالاَدەست ئاواتەکەی نەهێنانە دی، و برای تازە موسوڵمان ئەو دەرگایەی لەسەر داخستن،و وتارێکی بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی ئەوان دا، بەڵکو پێش هەموو شتێك دەستی بەسوپاس کردنی هەموو ئەوانە کرد کە چاکەیان لەتەکا کردوە، و یارمەتییان داوە، و جێیان بۆ دابین کردووە و ناردویانەتە بەر خوێندن، و بەدرێژی باسی هەموو چاکەکانی کردن، و گوتی لەپاش خوا فەزڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی ئەو چاکانەیان لەتەکا کردم.. بەلاَم بیرو باوەڕ و ئازادی لە ئاین وەرگرتنا بەپێی سۆزو عاتیفە و رێی کوێرکوێرانە ناڕوات بەڕێوە، و فەزڵی خوایش لەژوور هەموو فەزڵ و چاکەیەکەوەیە، و نیعمەتەکانی خوا لە ژوور هەموو نیعمەتێکەوەیە، بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە دایڕشتبوو، تا ئەوانەی بەهۆی خزمەتکردنی کەنیسەوە بوونەتە مەسیحی، چاوێ بەخۆیانا بخشێننەوەو خزمەتکردن و چاودێری کردن نەکەن بەپێوەر بۆ دروستی یان نا

دروستی ئاین، و ئەمانە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە نین بۆ ئاین هەڵبژاردن.. هەروەها گوتی: ئیسلام شوێنکەوتوانی فێردەکات وەفایان هەبێ و نمەك ناسبن، بەڵام رازیی نابێ کە هەست و هۆش و ژییری و بیریان دابخەن!! بێگومان لەوەدا چەند نیشانەیەك هەیە لەسەر گەورەیی ودەسەلاَتی خوا بۆ ئەوانەی ژیرییان هەبێت " إِنَّ فِي ذَلِكَ لأَيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ " النحل/12.. ئەم وتارە لەسەر دڵ و دەروونی خەڵکیدا زۆر کاریگەربوو..

پاش دوو رۆژ لەم وتارە ئاهەنگی کردنەوەی مزگەوتێك لە زانکۆی سیرالویۆن هەبوو، ئەم ئاهەنگەش لە باخچە گەورەکەی زانکۆدا بەرێوە دەچوو، سەر کۆماری سیرالیۆن، و کۆمەڵێك لێپرسراوان و ژمارەیك لەپیاونی کەنیسەش لەلایەن زانکۆوە بانگکرابوون، تا پیشانی بدەن ولاَتەکەیان لێ بووردەیی ئاینی تیدایەو رەنگە جیاوزازەکان دەخوێنرێنەوە.. لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی هەوای دەورو بەر ئاسایی بکرێتەوە، بەتایبەتی پاش وتاری برا تازە موسوڵمانە کەمان..

پاش کردنەوەی ئاهەنگەکە بەچەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز نوێنەری لیژنەی موسوڵمانانی ئەفریقا کە کردنەوەی مزگەوتەکەی گرتبوە ئەستۆی وتارێکی جوانی دا، تیایا هێمای بە موسوڵمانبوونی ئەو گەورە قەشەیە کرد و ئەم ئایەتە پێرۆزەی خوێندەوە کە دەفەرموێ: " وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَوَدَّةً لِلَّذِينَ آَمَنُوا الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لا يَسْتَكْبِرُونَ (82) وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَى أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَا آَمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ (83) "المائدة. دەبینیت نزیکترینیان لەسۆزو خۆشەویستیدا بۆ ئەوانەی باوەڕدارن ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە

نەسرانین، و مەسیحین، ئەوەش هۆی ئەوەیە لەناویانا هەندێك قەشەی دیندار و گۆشەگیر و رەبەندی دێری هەیە، و ئەوانەش خۆبەزلزان نین، خۆ ئەگەر گوێیان لەو قورئانەوە بوو کە بۆ پێغەممەر هاتووە، دەبینیت بەهۆی ئەوەوە کە حەقیان ناسیوە چاویان پڕ لەئاو دەبێت و فرمێسك دەڕێژن، و دەڵێن: پەروەردگارا ئێمە ئیمانمان هێناوەو لە ریزی ئاگاداران و شاهیدانا بمان نووسە..

کاتێ ئەم بانگخوازە بەو شێوەیە باسی قەشەی مەسیحییەکانی کرد کە کت و مت خوا لەوەسفی قەشەی مەسیحییەکانا باسی دەکات، و شەرحی ئایەتەکەیشی کرد، موتەرجیمەکەیش راستەوخۆ وەری دەگێڕا هەندێ لەوقەشانەی ئامادەبوون دەستەسڕەکانیان دەر دەهێنا و فرمێسکی چاویان پێ دەسڕی، بەلاَم ئەوە تەنیا خۆیان و خوا دەزانن ئایا بەهۆی کاریگەری ئایەتەکەوە بوو یا بەهۆی موجامەلەوە بوو، ئەوە تەنیا خوا دەزانێ و بەس.

بەڵێ،خوێنەری بەڕێز! خوا خۆی خاوەنی ئەم ئیسلامەیە و هەر خۆشی دەیپارێزێ،" إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ" الحجر/9. ئەوەی ویستی خواویستی تێدابێت، و بییەوێت بە هەق و راستەقینە بگات خوا هیدایەتی دەدات و رێی راستی خۆی پیشان دەدات. وەك هیدایەتی ئەم گەورە قەشەیەی دا، و بووبەهۆی ورە بەرزبوونەوەی موسوڵمانانی ئەو وڵاتەی کە رێژەی موسوڵمانانی شانزە تا بیست لە سەدە.. موسوڵمانبوونی ئەم قەشەیەو دەیانی تریش هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوە کە پاشە رۆژ بۆ ئەم ئیسلامەیە..

سوپاس بۆ ئەو خوایەی پشتیوانی ئاینەکەیەتی، ولەهەموو مەزنێك مەزنتر، و لەهەموو خاوەن دەسەڵاتێك بە دەسەڵات ترە.

**نۆموسڵمان:** ٨١٧ **جار بینراوە، ٠ بۆچوون، لە ٢٦/٨/٢٠٠٩**
لەسایتی پێنجوێنی بڵاو کرایەوە:

http://www.penjweny.org/article/489

# # #

15

# بانگخوازی

## ناوداری (جامایکا)یی بیلال فلیپس

### چیرۆکی موسوڵمانبوونی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە

وەرگێڕانی

**د. حسن پێنجوێنی**

**بانگخوازی ناوداری (جامایکا)یی بیلال فلیپس:**

ئەم بانگخوازە لەساڵی ١٩٤٧ لە وڵاتی جامایکای ئەمریکای ناوەڕاست لە دایک بووە، و لەکەنەدا پێگەیشتووە و هەڵگری رەگەزنامەی کەنەدایە، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا موسوڵمانبوونی خۆی راگەیاندووە، ئەوەش لە ساڵی ١٩٧٢ دا بوو..

بیلال پاش موسوڵمانبوونی هەوڵی داوە شارەزایی لە زمانی عەرەبی و علوومی شەرعیا پەیدا بکات.. لەبەر ئەوە رۆیشتووە بۆ سعودیە ودەستی بە خوێندن کردووە و لەزانکۆی ئیسلامی شاری مەدینە دیپلۆمی لە زمانی عەرەبیدا وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٧٩دا بەکالۆریۆسی لە تویژینەوە ئیسلامییەکاندا وەرگرتووە.. و لەساڵی ١٩٨٥لەزانکۆی ریازدا ماجستێری لە ئوسولی دیندا وەرگرتووە. پاشان لە ساڵی ١٩٩٤دا لە زانکۆی وێلز دکتورای لە ئوسولی دیندا وەرگرتووە..

**چیرۆکی موسوڵمان بوونی**

پاش ویستی خودا هۆی سەرەکی موسوڵمان بوونی بیلال دەگەڕێتەوە بۆ حەزی زۆری لە خوێندنەوە وگەڕان بەدوای حەقیقەتەکاندا، ئەمەش وای لێدەکات کە هەرچی دەست بکەوێت لەبارەی ئیسلامەوە کە بە زمانی ئینگلیزی نووسرابێت بیخوێنێتەوە، و کاتێ قەناعەتی تەواو پەیدا دەکات کە ئیسلام چارەسەرێکی سەرکەوتووە بۆهەموو کێشەکانی مرۆڤایەتی، بڕیاری موسوڵمانبوونی خۆی رادەگەیەنێ،و بەلای خۆیشییەوە ئەم بڕیارە گرنگترین بڕیارێک دەبێت لە ژیانیدا..

**بەشداریکردنی لەگەیاندندا:**

هەمیشە هەوڵی داوە ئەوەی لەبارەی ئیسلامەوە فیربووە بیگەیەنێت بە کەسانی تر، لەبەر ئەوە دە ساڵێک لە قوتابخانەکانی ریازی سعوودیەدا دەرسی ئایین و زمانی عەرەبی وتووەتەوە، هەروەها ماوەی سێ ساڵ لە زانکۆی ئیسلامی لە مەندیناوەی فلیپین دەرسی بە قوتابییەکانی ئوسولی دین گوتووەتەوە. لەساڵی ١٩٩٤دا دکتۆر بیلال لە شاری دوبەی (ئیماراتی عەرەبی) سەنتەرێک بۆزانیارییە ئیسلامییەکان دروست دەکات، بەناوی: Discover Islam.

هەروەها بەزمانی ئینگلیزی کۆمەڵێ نووسراوی لەبارەی بیر و باوەڕی ئیسلامی، و بانگەواز، و نوێژ، و رۆژوو، و زەکات و بابەتی تریشەوە هەیە..

ئێستاش دکتۆر بیلال چەندەها دەرسی لەبارەی ئەدەبی عەرەبی وئوسوولی دینەوە هەیە لە هەردوو زانکۆی عەجمان، وزانکۆی ئەمریکی لە دوبەی(ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو)..

دکتۆر بیلال فلیبس لە ٢٠٠٧دا بانگ دەکرێت بۆ ئوسترالیا تالە شاری (مێڵبۆن) وتارێک لە کۆنگرەی ئیسلامیدا پێشکەش بکات، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی ئوسترالیا رێ نادەن بەم بانگخوازە گەورەیە پێ بنێتە ناو خاکی ئوسترالیا، و بەشداری لەو کۆنگرەیەدا بکات.. بەبیانووی ئەوە کە گوایە ئەم بانگخوازە پەیوەندی بە هێرشەکانی ١١ ئەیلولەوە هەبووە**!!**

بە رای بەندە مەنعکردنی دکتۆر بیلال لە چوونە ناو خاکی ئوسترالیا لەبەر ئەوە نەبوو کە دکتۆر بیلال لە هێرشەکانی یانزەی ئەیلوولدا بەشدار بووبێت، بەڵکو دەوڵەتی ئوسترالی

لەبەر ئەوەی لەبازنەی وڵاتانی رۆژئاوادا دەخولێتەوە،و شوێنکەوتەی سیاسەتی ئەمریکایە لە جیهاندائەوکارەی کرد..

لەبەر ئەوەبوو ئەو پیاوە خوا توانایەکی پێ بەخشیوە کاتێ قسە دەکات زۆر کاریگەرە لە دڵ و دەروونەکاندا، و هەروەك مەشهوورە هەر وتارێکی لەناو جەماوەرا دابێت کەسانێکی ناموسوڵمان موسولمان بوونی خۆیان راگەیاندووە.. لەتەنیا وتارێکیدا 17 زانا موسوڵمان بوونی خۆیان راگەیاند.. سەیری ئەم (یو تیوبە )بکە: https://www.youtube.com/watch?v=oUdgWD6i4rE

لەم لینکەشدا باسی موسوڵمانبوونی خۆی دەکات بەدەنگی خۆی:

http://gate2islam.com/wp/?p=1471

دکتۆر بیلال هەروەک کاسێتێکی زۆری هەیەو لەوتارەکانیدا بابەتی جوان جوان و پێویستی باسکردووە، کتێبێکی زۆریشی هەیە و نووسینی بە پیزی خستۆتە بەردەست خوێنەران، لە هەندێ لەو کتێبانەیدا بەتوندی رەخنە لە رژێمە رۆژئاواییەکان بەسەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگرێت و بە دوژمنی ئیسلام و موسوڵمانان لە قەڵەمیان دەدات.. هەر لەبەر ئەوەشبوو کە دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەساڵی ٢٠٠٤دا لەو وڵاتە وەدەریان نا..!!

بەڵام ئەگەر هەزاران بانگۆوازی وەک ئەویش دەربکەن بەڵێنە خوداییەکە دێتە دی کە ئەم دینەی خۆی بەهەموو دنیا دەگەیەنێت " يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ، وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ، وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (8)"

# # #

16

# موسوڵمانبوونی

# دکتۆر قەشە بەدیعی میسری

وەرگێڕانی

**د. حسن پێنجوێنی**

## پێشەكی:

لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتەی دكتۆردا ئەوە هات بە خەیاڵمدا كە ئەم ئیسلامە چەند گەورەو هێژایە، و چۆن لەهەموو سەردەمێكا كاریگەری خۆی هەیە! كەسانێك هەن كە لەئیسلامەوە ببنە مەسیحی، هەروەك لەمەسیحییەوە خەڵكانێك دەبنە موسوڵمان بەڵاَم جیاوازی نێوان ئەم دوو گۆڕانە زۆر گەورەیە، چونكە ئەوانەی كە لەئیسلامەوە دەبنە مەسیحی یا نەخوێندەوارێكن كە ئاگایان لە بنچینەو بناغەی ئاینەكەیان نییە، یا كەسێكە هەژاری ونەدارییەكی زۆر رووی تێكردووە، و دەیەوێ بەو بۆنەوە سكی خۆی تێر بكات، یاكەسێكە خاوەن بیرو باوەڕێكی دۆڕاو، هەر لەمنداڵییەوە بەدوژمنایەتی ئیسلام پەروەردەكراوە، و ئێستاش كە دەبینێ ئۆردوگای بیرو باوەڕەكەی خاپوور بوەو، و باڵەخانەكەی هەرەسی هێناوە، و هەست بەلێقەومانێك دەكات پەنا دەباتە بەر مەسیحییەت بەخەیاڵی خۆی تا لەو بۆشاییە هزرییە رزگاری ببێت.. بەڵاَم ئەوانەی كە لە مەسیحییەوە دەبنە موسوڵمان بەشێكی زۆریان خوێندەوارن، و بەلێكۆلینەوە و لەئەنجامی توێژینەوە و تێڕامانێكی زۆرا دەبنە موسوڵمان ولەنێوانیانا خاوەن شەهادەی بەرز و پیاوی كۆمەلاَیەتی بەناوبانگ و بگرە قەشەیەكی زۆر هەیە، و ئەم دكتۆر قەشەیەی ئەمڕۆمان یەكێكە لەو پیاوانەی كە تەمەنێكی زۆری لە مەسیحییەتا بردۆتە سەر و بانگخوازێكی ئەو ئاینە بووەو، ئێستا خوا رێنوێنی كردووە، و رێی راستی دیوەتەوە، و بووەتە بانگخوازێكی ئیسلامی، لەگەڵ ئەو هەموو

دوژمنایەتییەی میدیاکانی جیهان لەدژی ئیسلام بەرپایان کردووە، رۆژ بەرۆژ دەخوێنینەوە قەشەکانیان موسوڵمان دەبن.. ئایا ئەمە بەڵگەیەکی تری گەورەیی ئەم ئاینی ئیسلامە نییە؟! لەگەڵ ئەوەدا تائیستا نەبیستراوە تەنیا مەلایەکی موسوڵمان بووبێتە مەسیحی..

فەرموون ئەوە ئێوە و بەسەرهاتی ئەم دکتۆر قەشەیە کەباسی ژیانی خۆی دەکات، با باش گوێی لێ بگرین و سوپاسی خوا بکەین کە ئەم ئاینە گەورەیەی پێ بەخشیوین..

د. حسن پێنجوێنی

پێرس- ئوسترالیا

# # #

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگار لەسەر نیعەتی ئیسلام، کەئەویش نیعمەتێکی گەورەویە،و هیچ نیعمەتێکی پێ ناگات، چونکە لەم سەر زەوییەدا کەسێك نییە خوا بەتەنیا بپەرستێ، جگە لە موسوڵمانان..

گەشتێکی درێژم کرد، و نزیکەی 40 ساڵێکی خایاند، تا خوا هیدایەتی دام و رێنوێنی کردم، لەمەولا رۆژگاری ئەم گەشتەی تەمەنی خۆمتان قوناغ بەقۆناغ بۆباس دەکەم:

## 1- قۆناغی منداڵی:

باوکم لە ئەسکەندەرییەدا لەکۆمەڵەی هاوەلاَنی کتێبی پیرۆزدا واعیزبوو، کاری باوکم ئەوەبوو خەڵکی هەژار لەناوچە موسوڵمان نشینە هەژارەکانی دەوروبەر بکات بە مەسیحی..

باوکم زۆر سوور بوو لەسەر ئەوە من کاری شەمماسە( ) بکەم لەکاتێکا تەمەنم شەش سالاَن بوو. وبرِۆم بۆ دەرسی قوتابخانەکانی یەکشەممە، لەوێ تۆوی رق وقینی رەشیان لە ژیری و هۆشی مندالاَنا دەچاند.. بۆنموونە: پێیان دەگوتین:

- موسوڵمانان میسریان لە مەسیحییەکان داگیر کردووە، و سزای مەسیحییەکانیان داوە..
- موسڵمانەکان لە گاپەرست و بوودابیەکان کافرترن..
- قورئان پەیامێکی خوایی نییە، بەڵکو داهێنراوی خودی موحەممەدە..و چەندەها بوختانی تریش لەو تۆوانەی کە رق و قینی رەشی دژ بەموسوڵمانانی لەدڵی مندالاَنا سەوز دەکرد..

لەم قۆناغەدا باوکم بەنهێنی بۆی باس دەکردین چۆن کەنیسە لەمەسیحی راستەقینە لایداوە، ولەمەسیحی راستەقینەدا دانانی

وێنە و پەیکەر لە عیبادەتخانەدا حەرامە، و سوجدە بردن بۆ بەتریارك و ئیعتیراف كردن بەتاوان لای قەشەكاندا حەرام و گوناهە!!

## 2- قۆناغی لاوی :

كاتێ تەمەنم 18 ساڵان بوو لەیەكێ لە قوتابخانەكانی یەكشەممەدا بووم بە مامۆستا، و دەبوا دەرسم بۆ ئامۆژگاری كەنیسە و سەردانە وەرزییەكانی دێرەكان بەتایبەت لەهاوینا ئامادە بكردایە، لەم وەرزانەدا ئەوانە دەعوەت دەكران كە دوژمنی سەرسەختی ئیسلام بوون و شارەزاییەكی باشیان لە هێرشكردنە سەر ئیسلام و تانەدان لەقورئان و موحەممەد پێغەمەر{صلی الله علیه وسلم}دا هەبوو..

## 3- ئەوەی لەم كۆبوونەوانەدا باس دەكرا:

1- قورئان پڕیەتی لە نەسازی، بۆ نموونە نیوە ئایەتێكی وەك ئەمەیان باس دەكرد :{ ولا تقربوا الصلاة...}..نزیكی نوێژ مەكەونەوە...
2- قورئان پڕیەتی لە وشەی سیكسی و وشەی (نیكاح)یان بەواتای زیناو نێربازی لێ دەدایەوە.
3- دەیان گوت: موحەممەد پێغەمەر{صلی الله علیه وسلم} ڕێنوێنییەكانی قورئانی لە بوحەیرای راهیب وەرگرتووە، و پاشان خوار وخێچی كردۆتەوە و ئاینی ئیسلامی لێ دروست كردووە، و پاشان ئەو راهیبەیشی كوشتووە تا نهێنییەكەی دەرنەكەوێ.. و لەم گاڵتە ولاقرتێیانەی بەرامبەر بە ئیسلام و قورئان زۆر دەگوترا و باس دەكرا.

## 4- چەند پرسیارێکی سەرسوورهێنەر :

لاوان لەو تەمەنەدا منیش یەکێك بووم لەوان پرسیارگەلێکمان لە قەشەکان دەکرد کەسەرسامیان کردبووین:

پ: لاوی مەسیحی دەی پرسی: رات بەرامبەر بە موحەممەد {صلى الله عليه وسلم} چییە؟

و: قەشە لەوەلاَمدا دەیگوت: ئینسانێکی زیرەك وعەبقەری بووە.

پ: عەبقەری زۆر هەبووە لەمێژوودا وەك:(ئەفلاتۆن، وسۆقرات ، و حامورِابی..) بەلاَم نەشوێن کەوتەیان هەیە، و نەئاینێك بەوشێوەیە تائەمرِۆیش هەر بلاَوەبکات؟ بۆچ؟ قەشە لەولاَمدا سەرگەردان دەبوو..

پ: لاوێکی تر دەیپرسی: رات بەرامبەر بەقورئان چییە؟

و: کتێبێکە چیرۆکی پێغەممەرانی تێدایە، و خەڵکی هان دەدات بۆ کردەوەی جوان، بەلاَم پرِە لە هەڵە..

پ: بۆچ دەترسن ئەگەر بیخوێنینەوە؟ و ئەوەش بەکافر دادەنێن دەستی لێ بدات یا بیخوێنێتەوە؟

و: قەشە لەسەر قسەی خۆی سووربوو: ئەوەی بیخوێنێتەوە کافرە، بێ روون کردنەوەی هۆیەکەی!!

پ: یەکێکی تر دەی پرسی: ئەگەر موحەممەد{صلى الله عليه وسلم}کەسێکی درۆزن بووە، بۆ خوا وازی لێ هێناوە 23 ساڵ بانگەوازەکەی بلاَو بکاتەوە؟ بەڵکو تائێستاش ئاینەکەی هەر بلاَو دەبێتەوە؟ کەچی لە کتێبی مووسا{کتێبی ئەرمیا}دا نووسراوە:

بێگومان هەر کەسێك ئیددیعای پێغەمەرایەتی بکات خوا بەڵێنی داوە لەماوەی ساڵێکدا ئەو کەسەو خاو خێزانەکەی لەناو ببات؟

و:قەشە لەوەلاَما دەیگوت: (لەوانەیە خوا  بییەوێ مەسیحییەکان بەوە تاقی بکاتەوە)..

## 5- چەند هەڵوێستێکی سەرسورِهێنەر :

1-لەساڵی 1971 پەتریارك (شنۆدە) برِیارێ بێبەشکردنی (راهیب رۆفائیل) راهیبی دێری مارمینیای دەرکرد، بێبەشیکرد لە نوێژ و پارِانەوە، چونکە لە پارانەوەکەیا ناوی ئەوی نەهێناوە، هەرچەند راهیب سەموائیل ویستی قەناعەتی پێ بکات کە ئەم لەخوا دەپارِێتەوە، وعیبادەت بۆ خوا دەکات، نەك بۆ پەتریارك، بەلاَم قەناعەتی نەکرد، و ترسی ئەوەشی هەبوو ئەگەر زۆر لەسەری برِوات لە بەهەشتیش بێ بەشی بکات!!

2-راهیب سەموائیل پرسی: ئایا دروستە شێخی ئەزهەر موسوڵمانێك لەنوێژ بێبەش بکات؟ شتی وا مەحاڵە..

3-ئەوەی کە زۆر سەراسیمەی کردبووم ئاگام لێبوو هەر تایەفەیەکی مەسیحی ئەوی تریانی بەکافر داناوە، و لە (قەشە میتاس رۆفائیل)م پرسی: ئایا ئەو بەکافر کردنەی ئەوان چ کارکردێکی دەبێ؟ ئەویش جەختی لەسەر ئەوە کرد ئەو بەکافر کردنە لەئاسمان وسەرزەویدا جێ بەجێ دەبێ!!

4-منیش بەسەر سامییەوە لێم پرسی: مەعنای وایە ئێمە کافرین، چونکە پاپی رۆما ئێمەی بەکافر کردووە.. لەوەلاَمدا گوتی: بەداخەوە بەڵێ..

5- لێم پرسی: لەبەر ئەوەی کە پەتریارکی ئەسکەندەرییە تایەفەکانی تری کردووە بەکافر، ئەوانیش کافرن؟ لەوڵاَمدا گوتی: بەداخەوە بەڵێ..

6- لێم پرسی: ئەی رۆژی قیامەت هەڵوێستی ئێمە چ دەبێ؟ لەوەلاَمدا گوتی: خوا رەحممان پێ دەکات..

## 6- سەرەتای رووکردنە ئیسلام :

کاتێ رۆیشتمە ناو کەنیسەوە وێنەو پەیکەرەکەی مەسیحم بینی، وێنەی هەڵواسینەکەی بەسەر خاچەوە بەرزتربوو بەسەر پەیکەرەکەیا، من لەخۆمم پرسی: ئەم ئینسانە لاوازەی کە سوکایەتی پێکرا، وگاڵتەی پێکرا وسزاو ئازاردرا چۆن دەبێ پەروەردگار و خوا بێ؟!

من دەبێ پەروەردگاری ئەم لاوازەی لەدەست دەسەلاَتی جووەکان هەڵهاتوە بپەرستم. و زیاتر سەرم سوورِما کە زانیم تەورات لەعنەتی لە خاچ و بەخاچ هەڵواسراودا کردووە، و بە پیسی داناوە، و ئەوخاکەش پیس دەکات کە تیا هەڵواسراوە .. (تەسنیە 21، 22، 23) .

لەساڵی 1981 دا زۆر موناقەشەم لەتەك هاوسێ موسوڵمانەکەم (ئەحمەد دەمرداش حیجازی)دا دەکرد، رۆژێکیان لەبارەی دادگەری لەئیسلامدا وە باسێکی بۆ کردم، لە میراتا، لە تەلاَقدا، لە تۆڵە سەندنەوەدا.. ئینجا لێمی پرسی: ئێوە شتی واتان هەیە؟

گوتم: نەخێر.. شتی وامان نییە..

پاشان لەخۆمم پرسی: چۆن تەنیا پیاوێك ئەم هەموو شەریعەتە کامڵ و پتەوەی بەبێ ئیختیلاف لە عیبادات و موعامەلاتدا دانا؟ و

چۆن ملیارێ جوولەکە و مەسیحی نەیانتوانی ئەوە بسەڵمێنن کە داهێنراوە؟!

لەساڵەکانی 1982 – 1990 دا من لە خەستەخانەی (سەدر کۆم شەقافە) پزیشك بووم، و دکتۆر موحەممەد شاتبی هەمیشە لەبارەی قسەکانی موحەممەدە{صلی الله علیه وسلم} وە قسەی لەگەڵ هاوکارەکاندا دەکرد, من لەسەرەتاوە هەستم بەئاگری غیرەت دەکرد، و داخم لێ دەهات ئەو بەوشێوە باسی پێغەمەری ئیسلام دەکات، بەلاَم بە رۆیشتنی رۆژگار حەزم لەوەدەکرد گوێ لەقسەکانی بگرم، {ئەو فەرموودانە وشەی کەم ومانای زۆر و دارِشتنێکی جوانیان هەبوو}، ئالەوکاتەدا هەستم کرد کە ئەوپیاوە پێغەممەرێکی گەورەیە..

### 7- ئایا باوکم موسوڵمان بوو؟

ئەو کارکردە نهێنییانەی لەهیدایەتدانمدا کاریگەر بوون، ئەو هەڵوێستانەی باوك و دایکم بوو بەرامبەر بە کەنیسە و ئەوەی پەیوەندی بەکەنیسەوە بوو. بۆنموونە:

1-وازهێنانیان بەتەواوی لەکەنیسەو ئامۆژگاری کەنیسەو کۆمەڵە بەگاورکردنەکان.

2-هیچ کات دەستی کاهین وقەشەکانیان ماچ نەدەکرد، ئەمەش بەلای مەسیحییەکانەوە شتێکی زۆر گەورەبوو.

3-باوەرِی بەخۆین ولاشە نەبوو، کە بریتییە لە (شەراب و نان)، واتە: باوەرِی بەوە نەبوو خوا لەجوستەی مەسیحدا خۆی نواندبێ.

4-لەجیاتی ئەوەی بەیانی رۆژی یەك شەممە بڕوات بۆ نوێژ، دەخەوت و پاشان خۆی دەشۆرد، و لەكاتی نیوەڕۆدا هەڵدەستا.

5-بۆ دابەزین لەكاتی عەسردا و گەڕانەوەی درەنگ لەكاتی عیشادا مەعزەرەتی دەهێنایەوە..

6-پێی خۆش نەبوو كچەكان بۆ سالۆنی سەرچاكردن بڕۆن..

7-وشەی نوێی بەكار دەهێنا وەك پەنا بەخوادەگرم لەشەیتان (أعوذ بالله من الشیطان)، و هیچ هێزو توانایەك نییە جگە لەخواوە (لا حول ولا قوە الا بالله)..

8-پاش مردنی باوكم لە 1988 دا ئەو ئینجلەی تایبەت بەخۆی بوو وردە كاغەزی بچكۆلەی تێدا بوو كە هەندێ هەڵەی ناو ئینجیلەكەی تیاراست كردبوەوە.

9-ئینجیلەكەی باپیرەم {باوكی باوكم}م دۆزییەوە كە لەساڵی 1930دا چاپكرابوو، روونكردنەوەیەكی تەواوی لەبارەی ئەو گۆڕانكارییانەوە تیابوو، كە مەسیحییەكان تیایا بەدییان هێنابوو، لەوانە گۆڕینی وشەی {ئەی مامۆستا!} و {ئەی گەورە!} بۆ {ئەی پەروەردگار!} تا وا بەخوێنەر پیشان بدەن كە پەرستنی مەسیح هەر لەكاتی لەدایكبونیەوە بووە..

### 8- رێگای مزگەوت:

لەنزیك عەیادەكەمەوە مزگەوتی {هودەل ئیسلام} هەبوو، لێی نزیك بوومەوەو سەیرێكی ناوەكەیم كرد، دیتم ئەمە هەرگیز لەكەنیسە ناچێ، {نە كورسی تێدایە، نە وێنەو پەیكەر، نە شەمعدانی گەورە، نەفەرشی نایاب، نە كەرەسەی موزیك، نە

گۆرانی وچەپلە لێدان}، دیتم عیبادەتکردن لەم مزگەوتانەدا بریتییە لە رکوع و سجود بۆ خوا و بەس، جیاوازی لەنێوان دەوڵەمەند و هەژارا نییە، و هەموو لەیەك ریزی رێك و پێکدا دەوەستن، و ئەمەم بەراورد کرد لەتەك ئەوەی لەکەنیسەکاندا دەکرێ، دیتم بەراوردییەکە هەمیشە لەقازانجی مزگەوتایە..

### 9- لەپەنای قورئانا:

ویستم قورئان بخوێنمەوە، بۆیە رۆیشتم نوسخەیەکم کڕی، و بیری ئەحمەد دەمرداشی هاوەڵم کەوتەوە کە دیگوت: قورئان کەس دەستی لێ نادات جگە لەپاکان (لا یمسه إلا المطهرون)، منیش رۆیشتم بەئاوی سارد غوسڵێکم کرد، چونکە لەوکاتەدا جگە لەوە ئامادە نەبوو، ئینجا دەستم بە خوێندنەوەی قورئان کرد، زۆر دەترسام ئەو جیاوازییەی لەتەورات وئینجیلا بووە هۆی بێ متمانە بوونم پێیان، لەمیشدا هەبێت، لەدوو رۆژا تەواوی قورئانم خوێندەوە، بەلاَم هیچم لەوانە نەبینی کە لە کەنیسەدا لەبارەی قورئانەوە پێیان دەگوتین..

لەوە سەیرتر ئەوەبوو ئەوەی قسە لەتەك موحەممەدا{صلی الله علیه وسلم} دەکات ئاگاداری دەکاتەوە کە لەمەولا دەمرێت، کێ جورئەتی هەیە جگە لەخوا شتی وابڵێ؟؟ ئالەویادا لەخوا پاڕامەوە رێنوێنیم بکات و هیدایەتم بدات..

### 10- خەو :

رۆژێکیان خەو زۆری بۆهێنام و خەوتم، قورئانەکە لەتەنیشتمەوە بوو، لەنزیك بەرەبەیانا روناکییەکم لەدیواری ژوورەکەما بینی، پیاوێکی روونووارانی دەرکەوت، و لێم نزیك بووەوە، و هێمای

بۆ قورئانەکە کرد، منیش دەستم درێژکرد تاسلاَوی لێ بکەم، بەلاَم نەما وخۆی ونکرد، کەوتە دڵمەوە کەئەوپیاوە موحەممەد پێغەممەر {صلى الله عليه وسلم} بووبێ، و هێمای بۆ قورئانەکە کردبێ کە ئەوە رێگەی نوور و هیدایەتە..

## 11- لە کۆتاییدا تەسلیم بەخوا بووم :

لەپارێزەرێکم پرسی: ئەگەر موسوڵمان بم چیبکەم؟ ئەویش رێنوێنی کردم برۆم بۆ بەرێوەبەری ئاسایش –بەشی کاروباری ئاینی- و ئەو شەوە خەوم لێ نەکەوت، و شەیتان زۆر بۆلام دەهات، و پێمی دەگوت: {چۆن بەم ئاسانییە واز لەئاینی باوك و باپیرانت دێنی}؟

لەسەعات شەشی بەیانیدا لەماڵ دەرچووم و رۆیشتم بۆ کەنیسەی {جرجس و ئەنتۆنیۆس}، و نوێژیان دابەستبوو، هۆڵەکە پڕبوو لە وێنەو پەیکەری مەسیح و مەریەم و یاریدەرەکانی مەسیح، و کەسانی تریش وەك {کیرلس}ی پەتریکی پێشوو، رووم تێکردن وگوتم(ئەگەر ئێوە لەسەر حەقن، و کاری موعجیزە ئەکەن، هەروەك لەکەنیسە ئێمەیان فێر دەکرد، شتێك بکەن، نیشانە یا هێمایەکم بۆ بکەن تا من حاڵی ببم کە لەسەر رێی هەڵە دەڕۆم.)، خۆ هیچ وەلاَمێك نەبوو.

پاش ئەوە ماوەیەکی باش گریام بۆ ئەوتەمەنە زۆرەی لە عیبادەتی وێنە و پەیکەردا بەفیڕۆم دا، پاش گریانەکە هەستم کرد لەچڵکی بت پەرستی پاك بوومەتەوە، و رێیەکی دروستم بۆ پەرستنی خوای تاك وتەنیا گرتۆتە بەر..

ڕۆیشتم بۆ بەڕێوەبەرایەتی و دەستم بەبڕینی ئەو کاروانە درێژەی ڕۆتین کرد، و ناڵاندن بەدەست دەرد و داوی بێرۆکراتییەوە، وگومانی خەڵکی.. پاش دەمانگ لە مانگی ئۆگستی 1992 دا موسوڵمان بوونی خۆمم ئاشکرا کرد..

ئەی خودایە! لە سەر ئیسلام بم ژییەنە، و بەئیمانەوە بم مرێنە.. ئەی خودایە! پاش خوم نەوەکانم لەسەر تاعەت و عیبادەتی خۆت بپارێزە، لە سەرپێچی فەرمانت بترسن و بەپەرستنت خۆ لە تۆ نزیك بکەنەوە..

و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

سەر چاوە : سایتی دکتۆر وەدیع ئەحمەد

http://wade3.jeeran.com/story.html

١٢٢٦ جار بینراوە ، ٠ بۆچوون، لە ١٠/١٢/٢٠٠٦ دا لە سایتی پێنجوێنی بڵاوکرایەوە :

http://www.penjweny.org/article/192

# # #

17

# دکتۆر

# ئەکۆیا و موسوڵمان بوونەکەی

وەرگێڕانی

**د. حسن پێنجوێنی**

**چی ئاوەڕۆی ژیانی گۆڕی؟**

ئەمڕۆ بەسەرهاتی مامۆستایەکی زانکۆی ئەمریکیم خوێندەوە، دەزانن یەکەم هۆکار لەگۆڕینی ئاوەڕۆی ژیانیا چی بوو؟ یەکەم هۆکار سەرپۆشی قوتابییەکی موسوڵمانی ئەمریکی بوو، کە زۆر بەڕێزەوە سەیری ئاینەکەی خۆی دەکرد و شانازی پێوە دەکرد، و سەرپۆشەکەی خۆی لا بەنرخ بوو، بەڵێ هۆکاری سەرەکی وراستەوخۆ بۆ موسوڵمانبوونی ئەو مامۆستایەی زانکۆ و حەوت کەسی تر{ سێ مامۆستای دکتۆ، و چوار قوتابی ئەو زانکۆیە} بەهۆی سەرپۆشی ئەو خانمەوە بوو. ئێستاش خۆیان بوونەتە بانگخواز بۆ ئەو ئیسلامە.. درێژە بەم پێشەکییە نادەم و لەسەر زمانی ئەو مامۆستایەوە کە ناوی خۆی گۆڕی بۆ {محمد ئەکۆیا}رووداوەکەتان پێشکەش دەکەم..

**دکتۆر محمد ئەکۆیا بەم جۆرە رووداوەکە دەگێڕێتەوە:**

چوار ساڵ لەمەوبەر گێژەلووکێکی گەورە لەزانکۆکەمان پەیدابوو، ئەویش بەهۆی هاتنی کیژێکی موسوڵمانی ئەمریکی یەوە بوو کە لەو زانکۆیەدا ببوە بەقوتابی و باڵا پۆش بوو.. لەناو مامۆستاکانی زانکۆدا پیاوێکی دەمارگیر هەبوو، کە زۆر رقی لەئیسلام بوو، هەمیشە هێرشی دەکردە سەر ئاینی ئیسلام، و دژایەتی بۆ ئەوانەی شوێنکەوتەی ئەو ئیسلامەشن لەسنوور تێپەڕی بوو، هەرکات ئەم قوتابییەی دەبینی بە هەلی دەزانی هێرش بکاتە سەر ئیسلام..

شەڕێکی بێسەر وبەری لەگەڵ ئیسلام و شوێنکەوتەکانیا بەرپاکردبوو، کاتێ دەیبینی کیژەکە زۆر بەئارامی و هێواشیەوە وەلاَمی دەداتەوە ئەوەندەی تر ئاگری تێبەردەبوو، بۆیە شێوەی شەڕەکەی لەتەکا گۆڕی، و دەستی کرد بەنمرە لێ شکاندنی، و باسی زۆر قورس و ناهەمواری بەسەرا دەدا، و لەئەنجامیشا زۆر سەختگیری لەنمرەکان دەکرد و ئەگەر زۆر باشیش بوایە هەر نمرەی خوارووی بۆ دادەنا.. کاتێ ئەو بەسەزمانە دەرەتانی نەما ناچاربوو سکالاَی خۆی بۆ لای بەڕێوەبەری زانکۆ ببات، وداوا بکات لیژنەیەك سەیری مەسەلەکەی و نمرەکانی بکات. بەڕێوەبەرایەتی بڕیاری دا دانیشتنێك سازبکرێ لەنێوان ئەو دکتۆرە دەمارگیرە، و قوتابییە بالاَپۆشەکەدا، و قسەی هەردوو لا ببیستێت تا بۆی دەربکەوێت کام لایان خەتابارە.. مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوە..

لەکاتی دیاریکراودا بەشی زۆری دەستەی مامۆستایانی بەشەکە ئامادەبوون، وئێمەش زۆر بە شۆرو شەوقەوە ئامادەی ئەم دانیشتنە بووین، چونکە ئەمە یەکەمجار بوو لە زانکۆکەماندا شتی وا روو بدات..

دانیشتنەکە دەستی پێکرد و قوتابییەکە روونی کردەوە کە مامۆستاکەی لەبەر دینەکەی رقیەتی لێی و دەی بوغزێنێ، و لەبەر ئەوە مافە زانیارییەکانی پێ شێل دەکات، و لەوبارەوە چەند نموونەیەکی هێنایەوە، و داوای لەهەندێ لەوقوتابیانە کرد کە لەگەڵیا دەخوێنن، و لەو بارەوە شت دەزانن بیڵێن.. هەندێ لەقوتابییەکان شایەتییان بۆدا کە مامۆستاکە زوڵمی لێ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاینیان لێك جیاواز بوو، شایەتی حەقیان بۆدا.. پاش ئەوە دکتۆرەکە دەیویست بەرگری لەخۆی بکات، و

لەقسەکانیا بەردەوام بوو دەستی بەجنێودانی ئاینی کچەکە کرد، کچەکەش بەرگری لەخۆی دەکرد و زانیارییەکی زۆری لەبارەی ئاینەکەیەوە پێشکەش کرد، و لەقسەکانیشیەوە حەق دەر دەکەوت و سەرنجی ئێمەشی راکێشا، قسەکانی بەتوانابوو کاریگەرییەکی گەورەی لەدڵ و دەروونی ئێمەدا هەبوو، تەنانەت ئێمە هەندێ جار قسەکانمان پێ دەبڕی و دەمانویست هەندێ شتمان لا روونتر بێ پرسیارمان لێ دەکرد وەلاَمێکی جوانی دەدایەوە، کاتێ دکتۆرە دەمارگیرەکە دیتی ئێمە بایەخ بەقسەکانی دەدەین، وپێمان خۆشە لەبارەی ئاینەکەیەوە شتێ بزانین،و گوێی لێ دەگرین و تاوتوێی هەندێ بابەتی لەگەلاَ دەکەین لەهۆڵەکە رۆیشتە دەرەوە..

زۆر دڵگران بوو بەوبایەخدانەی ئێمە بە قوتابییەکە، لەبەر ئەوە خۆی و ئەوانەی بایەخیان بەمەسەلەکە نەدەدا هۆڵەکەیان بەجێهێشت. ئێمە لەهۆڵەکەدا ماینەوە کە مەسەلەکەمان بەلاوە بایەخدار بوو، لەهەموو لایەکەوە چمکی وتووێژمان دەهێنا و دەبرد. لەدواییدا کیژە قوتابییەکە هەستا و یەکی دوو لاپەڕەی بەسەرا دابەش کردین، لەژێر ناونیشانی :{ئیسلام بۆمن یەعنی چی؟}، لەم دوولاپەڕەیەدا ئەو لایەنە پرشنگدارانەی ئیسلامی باسکردبوو کە هاندەر وپاڵنەربوون بۆ وەرگرتنی ئەم ئاینە مەزنە، ئینجا ئەوەی روونکردوە کە بالاَ پۆشی چ گرنگییەکی هەیە، و چ شوێنەوارێکی هەیە، دەستی کرد بەشرۆڤەکردنی هەست و ئیحساساتی فراوانی خۆی بەرامبەر ئەو لەچکەی دەیدات بەسەریا، و ئەو جبەی لەبەری دەکات، کە بووە هۆی ئەم هەموو گێژەڵووکەیە!!

بەڕاستی هەڵوێستەکەی زۆر مەزن بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە دانیشتنەکە کۆتایی هات بێ ئەوەی بڕیار بۆ هیچ لایەك بدات، بەلاَم ئەو گوتی: من بەرگری لەمافی خۆم دەکەم و لە پێناویا تێدەکۆشم، و بڕیاری دا ئەگەر لەم دانیشتنانەدا مافەکانی خۆی بۆ نەگەڕێنرێتەوە ئەو بێدەنگ نەبێ، و زیاتر هەوڵی خۆی بدات و شوێن قەزیەکەی خۆی بکەوێت، هەرچەند خوێندنەکەشی بە جۆرێك لە جۆرەکان دوا بکەوێت.. لەراستیدا هەڵوێستەکەی بەهێز بوو، ئێمەی دەستەی مامۆستایان هەرگیز چاوەڕوان نەبووین ئەم قوتابییە خۆگری و دامەزراوی لەم ئاستەدا بێت، ئەوەند بەتوانا بێت و هەڵوێستی بەهێز بێت لە پاریزگاری کردنی مەبدەئیا، بەراستی خۆگری لەبەرامبەر ئەو هەموو هێرشە، و روونکردنەوەی پرسیارەکان بۆ مامۆستا وقوتابیان لەناو گەرمەی بەرگریکردن لەخۆیدا و گەڕانەوەی بۆ سەر باسەکەی هەموو ئەمانە ئێمەی سەرسام کردبوو، ئەم مەسەلەیە هەروا لەناو زانکۆدا مایەوەو تاوتوێ دەکرا..

خۆگری ئەم ئافرەتە و بەرگریکردنی لەسەرپۆشەکەی یەکەم هەنگاوبوو بۆ گۆڕینی ئاوەڕۆی ژیانی من، لەناو دەروونما ملانەیەك دروست بوو، لەبارەی گۆڕینی ئاینەکەمەوە، ئەوەی من لەئیسلام شارەزاییم پەیداکردبوو، ئیسلامی لا خۆشەویست کردبووم، و ئارەزووم لەوەرگرتنی بوو، ماوەیەك وەستام تا لێکۆڵینەوەیەکی باشم کرد و ئەوسا موسوڵمانبوونی خۆم راگەیاند.. پاش منیش دکتۆرێکی تر و پاش ئەویش سێهەم دکتۆر لەزانکۆیەکەمانا ئیسلامبوونی خۆیان لەهەمان ساڵدا راگەیاند.. زیاد لەوە چوار قوتابیش موسوڵمانبوونی خۆیان راگەیاند..

لەماوەیەکی کەمدا ئێمە گروپێکی بانگخوازیمان پێکهێنا، بۆ پێناسەکردنی ئیسلام و بانگکردنی خەڵکی بۆی، ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە حاڵی بیرکردنەوەی جیددیدایە ئینشائەڵڵا لەم نزیکانەدا هەواڵی موسوڵمانبوونیان لەناو هۆڵەکانی زانکۆدا بڵاو دەبێتەوە..

نۆموسڵمان: ٨٩٦ جار بینراوە، ٠ بۆچوون، لە ٣/٩/٢٠٠٩ سایتی پێنجوێنی دا بڵاو کراوەتەوە:

http://www.penjweny.org/article/500

# # #

18

# دکتور موستەفا مووڵانی

## گەشتە ئیمانییەکەی خۆیمان بۆ باس دەکات

وەرگێڕانی

**د. حسن پێنجوێنی**

باسی خۆی دەکات چۆن موسوڵمان بووە؟ و دەڵێت:

من لاوێك بووم بەڕەچەڵەك ئێرلەندی، لە دەوروبەرێكدا لەدایك بووم كە پێبەندبوون بە ئاینی مەسیحی و رێڕەوی كاسۆلیك، هەموو باوكێك لەو ناوچەیەدا ئاواتی ئەوەبوو كوڕەكەی ببێت بە قەشەیەك و خزمەتی ئاینی دیان بكات.. چون ئەوە شەرەفێكی گەورەبوو بۆ بنەماڵەكە.. هەر لەبەر ئەوەبوو منیش لە قوتابخانەیەكی دواناوەندی ئاینیدا دەمخوێند، پاش تەواوكردنی ئەو قوتابخانەیەش رۆیشتمە كۆلیجێكی تایبەت بە قەشەكان لە زانكۆی سانت باتریك بۆ خوێندنی فەلسەفەو لاهووت بۆ ماوەی شەش ساڵ، لەماوەی ئەو چەند ساڵە خوێندنەمدا لەوێ تەنیا وشەیەكیشم لەبارەی ئیسلامەوە نەبیستبوو!!

پاش تەنیا دوو مانگ لە دەرچوونم لەساڵی 1971دا رۆیشتم بۆ ئەمریكا بۆ مزگێنی دان بە خەڵكی وكردنیان بەدیيان. ئەو كۆلیجەی ئێمە ساڵانە 200 قەشەی دروست دەكرد. ئوسقوفە ئەمریكاییەكان دەهاتن و بەشی زۆریان دەبردن بۆئەمریكا تا لەناوچە جیاوازەكانی ئەو وڵاتەدا كاری خەلك كردن بەفەڵە ئەنجام بدەن.. منیش لە ویلایەتی نیۆ جێرسی بووم بە ئوسقوف، بوومە بەرپرسی ئامادە كردنی بەرنامەی ئاڕاستەكردنی ئاینی بۆهەموو ئاستەكان، وراهێنانی ئەوانەش كە دەیانەوێ بەو كارەهەستن.. لە پەنای ئەوەشدا وەك مامۆستای مادەی ئاین لە قوتابخانەیەكی دواناوەندی كاسۆلیكدا دەرسم دەگوتەوە.. بۆ ئەوەی بتوانم ئەركی سەرشانم بەباشی ئەنجام بدەم و خەڵكیش باش رینوێنی بكەم سەرگەرمی باس و لێكۆڵینەوە بووم..

هەرچەند من لەباس و لێكۆڵینەوەدا ڕۆ دەچووم هەستێكی سەیرم لەگومان و دوو دڵی لە بارەی عەقیدەكەمەوە بۆ دروست دەبوو!! نەم دەتوانی گومانەكانم بشارمەوە، بڕیام دا ئەم باسە لەتەك سەرۆكی ئەساقیفەكان{سەرۆكی قەشەكان}دا بكەمەوە، و پێم گوت: بەڕاستی من گومانم لەكارەكەما بۆدروست بووە، ونەك هەرئەوە بگرە گومانم لە بیرو باوەڕەكەشمدا بۆ دروست بووە!! ئەویش ئامۆژگاری كردم كە لە بڕیاردانا پەلەنەكەم، مۆلەتی یەكساڵی پێدام تا لەوماوەیەدا بەئارامی بییر لەمەسەلەكەدا بكەمەوە ..

لەكاتێكدا باسەكەی خۆی دەگێڕایەوە هەناسەی ساردی هەڵدەكێشاو خەفەتی زۆری دەخوارد و سەری بادەدا و دەیگوت: لەماوەی ئەو یەك ساڵەدا كارم لێكۆڵینەوە و گەڕان و توێژینەوەبوو.. ئەم توێژینەوەو باس و گەڕانەم بووبە هۆی ئەوە دوو پلەی ماجستێر بەدەست بێنم.. یەكێكیان لە پەروەردەی ئاینیدا، ئەوی تریشیان لە لاهووت وكتێبی پیرۆزدا، بەڵام ئەم دوو لێكۆڵینەوەیە بوونە هۆی زیاتركردنی گومان لە عەقیدەكەم و كارەكەمدا.. ئیتر ڕۆیشتمەوە بۆ لای سەرۆكی قەشەكان و وازهێنان لەكارەكەمم بەدەستەوە بوو، پێشكەشم كرد و ئەویش قبووڵی كرد..

ئینجا گوتی: تا ئەو ساتەوەقتەش لەبارەی ئیسلامەوە هیچم نەدەزانی.. مەبەستی لەم روون كردنەوەیەدا ئەوەبوو: كە پێمان بڵێت وازهێنانی لەكارەكەی بەهۆی ئەوەوە نەبووە كە كەوتبێتە ژێر كاریگەری بیرو باوەڕێكی تر بەڵكو چەندهۆیەكی تر لەپشت گومانەكانیەوە هەبووە، بۆیە درێژە بەباسەكەی خۆی دەدات و دەڵێت:

هۆگەلێکی زۆر هەبوون بۆ وازهێنانم، یەکەم من لە ئێرلەندەدا لەکۆمەڵگایەکی دێهاتی تۆکمەی یەکگرتوودا چاوم هەڵێنابوو، ئێستا لەئەمریکا و لەناو کۆمەڵگایەکی پیشەسازی مادديدا دەژیم، کە چەندەها شتی سەیری تێدایە, لەو شتانە بوونی مەزەبگەلێکی زۆری دییان تەنیا رێڕەوە دیانییەکان نزیکی سێ سەد مەزەب و رێڕەون.. هەریەك لەمانە پێی وایە خۆی لەسەر حەققەو ئەوانی تر هەموو ناهەقن.. و ئەمە گومانی زۆری لەراستیەتی ئەواندا بۆ دروست کردم..

دووەم کۆمەڵە شتێکی تر هەبوون کە من قەناعەتم پێیان نەبوو، وەك دەسەڵاتی رەهای پاپا بەسەر خەڵکییەوە، و بەناهەق کارکردنیشی لەچارەسەری هەندێ شتدا.. وەك ئەو هەڵوێستەی پاپا لەبارەی سنووردارکردنی وەچەوە، ئەوان ئەو کارە حەرام دەکەن لەگەڵ ئەوەدا کە لە ئینجیلا شتی وانییە!!

سێ هەم قەناعەتم بە بیرۆکەی رەبەن بوون {رەهبنە} نەبوو، بەپێی ئەم یاسایە بەشێکی زۆر لە پیاوانی ئاینی فەلە بەپێی فەرمانی پاپا ژنهێنانیان لێ قەدەغەیە، و ئەمەش شتێکە دژ بە سروشتی مرۆڤ..

ئەم سێ شتە زۆر نارەحەتیان کردبووم و قەناعەتم پێیان نەبوو، بەخۆمم دەگوت چۆن تۆ ئامۆژگاری خەڵکی بۆ شتێ دەکەیت کە بڕوات پێی نییە.؟! لەبەر ئەوە بڕیارم دا وازبێنم.. بەبێ ئەوەی لەبارەی ئیسلامەوە هیچ شتێ بزانم..

**پاش وازهێنان:**

پاش ئەوە کە ماوەی نۆ ساڵ لەکەنیسەدا کار دکات وازی لێدێنێ و بڕیار دەدات خوێندنی دکتۆراکەی لە زانکۆی هارڤاردا تەواو بکات، لەوماوەیەدا کە خەریکی خوێندنی دکتۆراکەی دەبێت زانیاری و روونکردنەوەی لەبارەی ئیسلامەوە دەست دەکەوێت و دەیەوێت لەوبارەوە زیاتر بزانێت.. بۆ ئەو مەبەستە چی بکات باشە؟

خۆی وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: " ویستم لەبارەی ئیسلامەوە زیاتر بزانم دەستم بەخوێندنەوەی مێژووی ئیسلام و شارستانیەتی ئیسلامی کرد، هەروەها سوور بووم لەسەر کوێگرتن لە وتاری هەندێ زانایانی موسوڵمان کەلەبارەی قورئان و فەرموودەو ئەرکانی ئیسلامەوە وتاریان دەدا.. ئەمەش هەر بەهۆی حەز لە ئاگاداری زیاتر و شارەزابوون لێی.. "

**پاش ماوەیەك بێدەنگی بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکانی یادبێتەوە گوتی:**

" سەرەتای ئاگاداریم لەبارەی ئەزهەرەوە لەوکاتەوە دەست پێ دەکات کە لەزانکۆی هار ڤاردا بووم و دوو مامۆستای زانکۆی ئەزهەرم لەوێ بینی کە بە جل و بەرگی تایبەتی خۆیانەوە هاتبوون و وتاریان لەبارەی دەوری ئەزهەرەوە دەدا وەك یەکێك لە زانکۆ دێرینەکانی جیهان، ئەمەش لەکاتێکا بوو کە ئاهەنگیان بە بۆنەی تێپەڕبوونی سێ سەد ساڵ بەسەر دامەزرانی زانکۆی هارڤاردا دەگێڕا و نوێنەری زۆرێك لە زانکۆ دێرینەکانی جیهان هاتبوون..

ئەو وێنەیە تا ئێستاش لە تۆماری زانکۆی هار ڤاردا پارێزراوە ، لەبەر ئەوە بڕیارم دا بابەتی نامەی دکتۆراکەم لەبارەی زانایانی

ئیسلامەوە بێت، گرنگیان ودەوریان لە کۆمەڵگای میسریدا هەر لەسەردەمی شێخ عەبدول مەجید سەلیمەوە تا ئێستا".

تا ئەو کاتەش لەبارەی مووسڵمان بوونەوە هیچ بڕیارێکی نەدابوو.. تەنیا بایەخدان بوو بە باس و لێکۆڵینەوە، هەر ئەوەش پاڵی پێوە دەنێت سەفەرێك بۆ میسر بکات، تا لە کۆلیجە تایبەتەکانی ئەزهەردا وەك { کوللیەی ئوسوڵی دین } دیراسەی ئیسلام بکات.. و لەوێش دیدار لەتەك کۆمەڵێك مامۆستاو زانای موسوڵماندا بکات، زیاد لەوە لەکۆمەڵێکی زۆری کتێبی ئیسلامیدا لەبارەی ئیسلامەوە خوێندنەوەیەکی چڕ و پڕ دەست پێ دەکات..

**رەمەزانی میسر:**

کاتێ دەڕوات بۆ میسر قەدەر وا دەبێ لەمانگی رەمەزاندا دەگاتە ئەوێ، بەنیسبەت ئەمەوە وەك کەسێکی بێگانە دیاردەیەکی نامۆ سەرنجی رادەکێشێت، ولەوبارەوە خۆی دەڵێت:" کاتێ گەیشتمە میسر لەمانگی رەمەزانا بوو، دیتم کۆمەڵگای میسری لەشێوازی ژیانیا لەسەر بنچینەیەکی ئاینی رێکخراوە، خەڵکی لەکاتی بیستنی بانگدا دەڕۆن بۆ مزگەوت، و بەئاوی دەستنوێژ خۆیان پاك دەکەنەوەو لەریزگەلێکی رێکخراودا دەوەستن، و لەکاتی بەربانگدا سەر جادەکان پیادە رەویان تیا نابینرێت و چۆڵ وهۆڵ دەبن !!

ئالەویادا بەخۆی پێدەکەنێ کە لەسەرەتاوە وای زانیوە بۆیە جادەکان چۆڵن چونکە لەوکاتەدا یاسای قەدەغەکردنی هاتوچۆ ئەنجام دراوە!! بەم شێوەیە بۆچوونەکەی خۆی دەر دەبڕێت ودەڵێت: لە سەرەتاوە وام دەزانی کە یاسایەك لەوکاتی خۆرئاوا

بوونەدا هاتو چۆكردنی قەدەغە كردووە!! بەڵام پاش ئەوە هۆیەكەم بۆ دەركەوت و تێگەیشتم..

دەگەڕێتەوە بۆ تەواوكردنی بەسەرهاتەكەی و دەڵێت: ئەوەی لەمانگی رەمەزاندا زۆر سەرنجی راكێشام نوێژكردنی موسوڵمانان بوو لەكاتی عیشا و تەراویحدا، هەندێك دەڕۆیشتن بۆ دوكان و جێی بازرگانییان تا كاتێكی درەنگی شەو، پێیان دەگوت: پارشێو.. پاشان نوێژی بەیانییان دەكرد و دەخەوتنەوە..

پاشان درێژە بەقسەكانی دەدات ودەیەوێ كۆمەڵە حوكمێك وەربگرێ لەوشتانەی خۆی لەكۆمەڵگای میسریدا دیویەتی ودەڵێت: كەوابوو كۆمەڵگای میسری كۆمەلگایەكە لەسەر بنچینەی ئاینەوە رێكخراوە، تەنیا ئەوەندە بەسە كە سەرنجی راكێشام، كۆمەڵگایەكە ئەمن و ئاسایش لەسەر شەقام و جادەكانی قاهیرەدا بەرقەرارە، بەشێوەیەكی وا لەشوێنێكی ترا پێشتر نەمبینیووە!!

خەڵكی شەوانە لەجادەو كۆڵانەكانی قاهیرەددا بەتەواوی ئەمن و ئاسایشەوە هاتو چۆ دەكەن، بێ ئەوەی دەست درێژییەكیان بەكوشتن یا شێوەیەكی تر بكرێتە سەر!! لەكاتێكا لەنیۆیۆركی ئێمەدا – بۆ نموونە– هەموو رۆژێ لەسەرجادەكانا هەشت كەس دەكوژرێت!! لەگەڵ ئەوەدا كە ئەمریكییەكان لەترسی گیانیان لەشەودا بەپێ ناگەڕێن، وەنەبێ تەنیا لەنیۆیۆركدا وابێ و بەس، بەڵكو لەویلایەتەكانی تری ئەمریكادا هەمان حاڵەت هەیە!! لەگەڵ بوونی ئەویاسا سەختانەی لەوێدا هەیە تاوان و كەتنەكان بەشێوەیەكی سامناك بەربڵاون!! كەچی لەكۆمەڵگای ئیسلامیدا ئەو حاڵەتە زۆر جیاوازە هەروەك لەكۆمەڵگای میسریدا بەچاوی

خۆم بینیم.. باوەڕی خەڵکی بەئاینەکەیان، وای لێکردوون ڕێنوێنییەکانی جێبەجێ بکەن بێ ترس لە سزای دەوڵەت، بەڵکو ڕێز لە مەبدەء و عەقیدەکەیان دەگرن.. ئەمە جیاوازی نێوان ئەو دوو کۆمەڵگایە کۆمەڵگای ئیسلامی و کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی. لەراستیدا لەکۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا ئەمن و ئاسایش نییە.(1).

**چوار مانگ خۆ گرتن:**

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم پیاوە قەناعەتی تەواوی بۆ دروستبووە کە ئیسلام وەك بەرنامەیەکی ژیان شێوازی ژیانی مرۆڤەکان و هەڵس و کەوتیان ڕێك دەخات، هەروەك خۆی بەچاوی خۆی لە پەرستشەکانی مانگی رەمەزاندا بینیویەتی، و لەگەڵ ئەوەدا کتێب گەلێکی تەرجومە کراوی لەبارەی ئیسلامەوە خوێندۆتەوە، و بەتایبەت تەفسیری قورئان بە ئینگلیزی، و چەندان کتێبی تریش وەك{ ژیانی محمد}ی دکتۆر محمد حەسەنەین هەیکەل کە جوانترین شێوازی زانیاری و ئەدەبی تیا بەکار هێناوە بۆ پەرچی گومانی ڕۆژهەلاتناسەکان لەبارەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و خێزانە پاك داوێنەکانییەوە، و لەگەڵ ئەوەدا کە چەند جار دیداری لەگەڵ شێخی ئەزهەر و زانا پایە بەرزەکانیا ئەندجام داوە، لەگەڵ هەمو ئەمانەدا پەلەناکات لە موسوڵمان بووندا، نەك لەبەر سەرسەختی، وپەردەی دڵڕەشی، بەڵکو لەبەر هۆیەکی تر کەخۆی باسی دەکات، وروونی دەکاتەوە و دەڵێت:

لەگەڵ ئەوەدا کە قەناعەتی تەواوم بۆ دروستت بوو بوو کە ئیسلام دواین ئاینە و پێویستە ئینسان باوڕی پێی هەبێ، من چوار مانگ دواکەوتم لە ئاشکراکردنی ئیسلام و ڕاگەیاندنی موسوڵمان بووندا، بۆ ئەوەی زۆر لەسەر خۆ هەموو لایەنێکی ئەم ئاینە هەڵ

بسەنگێنم.. و لێی بکۆڵمەوە!! چونکە گۆڕینی ئاین زۆر سەختە!! پاش ئەو چوار مانگە هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی هەمەلایەنە خوا دڵی بەنووری ئیسلام گوشاد کردم و هاتمە ناو ئاینی هەققەوە و ناوی خۆیشم گۆڕی بۆ موستەفا مەولانی. لەبەر خۆشەویستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم.

لە ئاوازی دەنگیەوە بەختیارییەکی شاراوە دەبینرا کاتێ رایگەیاند کە" لەکاتی قبووڵکردنی ئیسلامدا و هاتنە ناو ئەم ئاینەوە، هەستم دەکرد رۆیشتوومەتە ناو جیهانێکی نوورانییەوە، کە گیان و دەروونی مرۆڤ بەرز دەکاتەووە، بەتایبەت لەوکاتەدا کە شایەتمانم هێناو موسوڵمان بۆنم ئاشکرا کرد، وام هەست دەکرد کە بەرزترین شەهادەم لەدنیادا بەدەست هێناوە!! و لەهە مان کاتدا هەستم دەکرد قورسترین کۆڵی خەم ودڵەڕاوکێ وگومان و کوێرەوەریم لەسەرشانم لابردووە، بەڵێ هەستم بە بەختیارییەك دەکرد کەلەژیانی لەوەپێشمدا هەستم پێ نەکردبوو!! "

لەبارەی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم کەلەسەردەمی قەشەیەتیمدا هێرشم دەکردە سەری، ئێستا دەڵێم: قەناعەتی تەواوم بۆ دروست بووە کە محمد صلى الله عليه وسلم دواین پێغەمبەرانە، و قەناعەتی تەواوم بە رێرەوەکەی ودەستوور ویاساکەی هەیە، ئەو رێڕەو و دەستوورانەی رۆژئاوا کردوویانەتە هۆی تانەو توانج لە پەیامەکەیدا وەك یاسای چەند ژنی، کەقەناعەتی تەواوم بە حیکمەتی ئەو یاسایە بۆ دروست بووە!!

ئینجا لەکۆتایی بەسەرهاتی مووسڵمان بوونەکەیا دەڵێت: جارێك عەمرەیەکم کرد و زیارەتی ماڵی خودا و مەرقەدی پیرۆزی

پێغەممەرم کرد و لەبەرامبەر گۆڕی پێغەممەرەوە صلى الله عليه وسلم دڵم پڕبوو چاوەکانم بەخوڕ فرمێسکیان دەڕشت و بەخۆمم دەگوت: من کێم تا بتوانم لەبەرامبەر گۆڕی گەورەترین ومەزنترین کەسێك لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بوەستم!! بۆیە لەسەر ئەو نیعمەتە گەورەیە سوپاسی خوام بەجێهێنا کە هیدایەتی دام و رێنوێنی بۆ ئیسلام کردم "

**لەکۆتاییدا:**

بێگومان موسوڵمانبوونی ئەم قەشە ئەمریکییە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ تا چ ئەندازەیەك ئەم ئیسلامە لەناو قەڵای کوفری جیهانیدا بڵاو بووەتەوە!، ئەو کوفرەی دان بەئیسلام و پێغەممەرەکەیدا نانێ، و بگرە گەورەترین دوژمنایەتیشیان دەکات، بەڵام کاتێ خوا ویستی هیدایەتی کەسێك بدات هیچ هێزێك نییە بتوانێ بەرگری لێ بکات..

# # #

**بۆ زیادە زانیاری:**

لەبەرئەوەی خوێنەری موسوڵمانی کورد ئاگاداری لەم زاراوانەی دیانەکان کەمە، بەباشمان زانی لەسەرچاوەی فەڵەکانەوە روون کردنەوەیەك باس بکەین، پیاوانی ئاینی لەناو فەڵەکاندا ئەم پلەو پایانەیان هەیە:

شەمماس: پلەی لە خوار پلەی قەشەوەیە، و وشەکە وشەیەکی سورەیانییەو بەواتای مجێور و خادەم هاتووە..

قەشە: وشەیەکی سوەرەیانییەو بەواتای مەلا هاتووە..

ئوسقوف: پلەی لە قەشە گەورە ترە..

مەتران: سەرۆکی ئوسقوفەکانە، و کورسی مەتران لەشار یا شارۆچکە دەبێت.

بەتريك: سەرگەورەو سەرۆکی ئوسقوفەکانی ناوچەیەك یا چەند ناوچەیەکی تایفەیەکی دیانە..

پاپا: جێ نشینی حەزرەتی عیسایە - سڵاوی خوای لێ بێت - لەسەر زەویدا..

(1) ئەڵبەت دکتۆر مستەفا باس لەوەدەکات کە بەچاوی خۆی بینیویەتی، دەنا کۆمەڵگای میسریش وەك هەر کۆمەڵگایەک خراپەی تیا هەیەو تاوانی تیا دەکرێ، بەڵام دەکرێ بگوترێ وەك ئەمریکا نییە..

لە ٩/٢/٢٠١٠ لەسایتی پێنجوێنی دا بڵاو کراوەتەوە:

http://www.penjweny.org/article/586

# # #

19

# دکتۆر گاری میللەر

# بەگاورکەریکی چالاکی کەنەدا بوو

وەرگێڕانی

**د. حسن پێنجوێنی**

موسوڵمانبوونی دکتۆر گاری میللەر: Dr. Gary Miller

دکتۆر گاری میللەر کە بەگاورکەرێکی کەنەدی چالاك بوو، بڕیاری دا خزمەتێکی گەورە بە ئاینی مەسیحی و خاچ هەڵگران بکات، ئەم پیاوە کە مامۆستای بیرکاری و ژیربێژی بوو لە زانکۆی ( تۆرنتۆی کەنەدە)دا هەوڵی دا لەم خزمەتەیدا هەڵە زانستی و مێژووییەکانی قورئان بدۆزێتەوە.. تا خۆی وهاوکارەکانی تری کە خەڵکی بۆ مەسیحیەتی بانگ دەکەن سوودی لێ وەربگرن، بەتایبەت لەکاتی بانگکردنی موسوڵمانانی بۆ مەسیحیەتی.. پاش تاوتوێکردنە تەلەفزیۆنییەکەی لەتەك ئەحمەد دیداتی رەحمەتیدا، کۆمەڵێ نەسازی لەئینجیلا بۆ دەردەکەوێ، و لەساڵی 1978 دا بڕیار دەدات: لێکۆڵینەوەیەکیش لەبارەی قورئانەوە دەست پێ بکات، بەخەیاڵی خۆی دەڵێت: وەنەبێ قورئان لە ئینجیل گرنگتر بێت، خۆ محمدێك هێناویەتی کەپیاوێکی نەخوێندەواربووە، ونیوە دوورگەی عەرەبیش جێی زانیاری وزانست نەبووە، حەتمەن پڕیەتی لە نەسازی و دژایەتی، کاتێ کە لەگەڵ موسوڵمانانا کەوتمە قسەوە هەر بە ناتەواوی کتێبەکەی خۆیان بیان بەزێنم!!..

ئا بەم نیازەوە دێت دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات، ئەم پیاوەی کە بەدڵ رۆیشتە ناو قورئانەوە تا هەڵەکانی بدۆزێتەوەو پەردەی

لەسەر داماڵێت، ئەوەی چاوەڕوان نەکراو دەبێت تووشی دەبێت، بەتەواوی سەرسام دەبێت کە دەبینێ قورئان هەر هەمان حەقیقەتە کە زانیاری پاش چواردە سەدە لەهاتنە خوارەوەی قورئان پەی پێ بردووە، لە باس و لێکۆڵینەوەکەیدا شتێکی پێشکەش کرد چاکتر لەوەی کە بەشێکی زۆری موسوڵمانان پێشکەشیان کردووە.. بەراستی قورئانی بە بیرو هۆشەوە خوێندەوە بۆیە گەیشتە ئەو ئەنجامە سەرسوورهێنەرە، کە کتێبێك لەو بارەوە دابنێت، و ناوی بنێت: قورئانی سەر سورهێنەر{ The Amazing Qur'an}!! ئەمە وای لێ دەکات موسوڵمان ببێت، و ناوی خۆیشی بگۆڕێ بۆ عەبدول ئەحەد عومەر، ئیتر لەوکاتەوە کەموسوڵمان بووە تا ئێستا هەر بەردەوامە لە پێشکەشکردنی دەرس و وتار و مێزگردی تەلەفزێنی و نوسینی نامیلکەو کتێب بۆ روون کردنەوەی راستەقینە بۆ خەڵکی و لەوبارەوە ژمارەیەکی زۆر نەوارو نامیلکەو و سیدی هەیە، یەکەم کتێبێکی کە لەپاش موسوڵمان بوونیەوە نووسی: قورئانی سەر سوڕهێنەر بوو. ئەمەش هەندێك لەکێتیب و وتارەکانیەتی:

1- پەرچێکی کورت لەسەر دیان، 2- بۆچوونی موسوڵمان، 3- قۆرئانی مەزن، 4- یاداشتێك لەبارەی (بەڵگەکان)ی خوایەتی مەسیح، 5- بنچینەکانی باوەڕی موسوڵمان، 6- جیاوازی نێوان ئینجیل و قورئان، 7- دیان و بەگاورکردن...و دەیان بەرهەمی تریش. و دەتوانن بۆ شارەزایی زیاتر تەماشای لیسی بەرهەمەکانی بە ئینگلیزی بکەن.

هەروەك لە کتێبەکەی خۆیا بەناوی (The Amazing Qur'an) باسی دەکات یەکەم شتێ کە سەرسامی کرد دەستەواژەی

مەیدانداری{تحدی}ی قورئان بوو، کە لە چەند شوێنێکا قورئان باسی ئەوە دەکات ئەگەر ئێوە باوەڕتان نییە کە ئەم قورئانە لەلایەن خواوە نێررابێت، ئێوە وێنەی ئەم قورئانە دابنێن. " فَلْيَأْتُوا بِحَدِيثٍ مِثْلِهِ إِنْ كَانُوا صَادِقِينَ " ئەگەرهەرچی جنۆکەو ئادەمزادهەیە کۆببنەوە بۆ ئەوەی وێنەی ئەم قورئانە دابنێن، ناتوانن وێنەی دابنێن.." لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآَنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ "الإسراء/88.. لە شوێنێکی ترا دەفەرموێ: بە قەد دە سوورەتی دابنێن." أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ "هود/ 13. لە شوێنێکی ترا دەفەرموێ: وەك سوورەتێکی دابنێن." أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ، قُلْ: فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِثْلِهِ "يونس/38. پچوکترین سوورەت لەقورئاندا پێك هاتووە لە سێ ئایەت، کە سوورەتی کەوسەرە (الكوثر) واتە: باتەنیا سێ ئایەت دابنێن.. یا لەشوێنێکی ترا دەفەرموێ: ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن جگە لەخواوە بوایە هەڵەی زۆر و دژایەتی و خیلافاتی زۆرتان تیا بەدی دەکرد."أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآَنَ؟وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلافًا كَثِيرًا" النساء/ 82.

1- دکتۆر میللەر دەڵێ: نووسەرێك نییە لەجیهاندا زاتی ئەوەی هەبێت بڵێت: ئەم نوسینی منە بێ هەڵەیە! بەڵام قورئان تەواو بە پێچەوانەوە دەفەرموێت: هەڵەی تیا نییە، و ئەمە عەرز و ئەوە گەزیشت پێ دەڵێ، و بتوانە هەڵەی تیا بدۆزەرەوە.. بەلاَم ناتوانیت..

2- قورئان باسی ئەو ناخۆشی و کوێرەوەرییانە ناکات کە بەسەر محمد پێغەممەر- صلى الله عليه وسلم -دا هاتووە، وەك وەفاتی خەدیجەی خێزانی، و کوڕ و کچەکانی. بەلاَم سەیر

ئەوەیە ئەو ئایەتانەی کە لە پاش هەندێ کوێرەوەری لە پێناو بانگەوازا هاتوون، مژدەی سەرکەوتن دەدەن، و ئەوانەی کەلەپاش سەرکەوتنەکانەوە هاتوون داوای ئەوە دەکەن لە خۆ بایی نەبن، و زیاتر قوربانی لە پێناوا بدەن، و سەرو ماڵیان ببەخشن.. ئەگەر کەسێ ژیان و مێژووی خۆی بنووسێ، باسی گەورەیی سەرکەوتنەکانی دەکات، وبیانوو بۆ تێشکانەکانی دێنێتەوە، بەلاَم قورئان بە پێچەوانەی ئەوەوە، مێژوو بۆ ماوەیەکی دیاری کراو دانانێ، بە قەدەر ئەوەی کە ڕێسای گشتی دادەنێت بۆ پەیوەندی بوون لە گەڵ خوا و خەڵکیدا..

3 میللەر لە حەنای ئەم ئایەتەدا دەوەستێ: کە خوا دەفەرموێ: پێیان بڵێ: من تەنیا ئامۆژگارییەکی ئێوە دەکەم کە بۆ خواو لەبەر خوا دوو قۆڵی یا بەتەنیا هەڵوێستە بکەن، و پاشان بییر بکەنەوە، ئەم هاوەڵەی ئێوە(محمد) شێت نییە، بەڵکو ئەو تەنیا ترسێنەرێکە بۆ ئێوە پێش ئەوەی تووشی سزایەکی سەخت و بەسوێ ببن " قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُمْ بِوَاحِدَةٍ أَنْ تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَى وَفُرَادَى ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِكُمْ مِنْ جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلاَّ نَذِيرٌ لَكُمْ بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ." سبأ/46. هێما بۆ ئەو تەجروبەیە دەکات کە لە گەل مامۆستایەکی تری زانکۆی(تۆرنتۆ)دا بەدەستیان هێناوە لەبارەی" کارایی بوونی تاوتوێکردنی بەکۆمەڵ " لەوێدا ژمارەیەکی زۆر و جیاوازی لەوانە کۆ کردۆتەوە کە خەریکی تاوتوێی کردنن،و پاشان بەرامبەری بە ئەنجامەکەیان دەکات، و بۆی دەردەکەوێت کە لای ژووررووی کارایی بوونی تاوتوێکردن کاتێك دەبێت کە ژمارەی تاو توێکەران دوو دەستە بن.تا ئەو ژمارەیەش زیاتر بێت کاراییان کەمتر دەبێت..

4 سوورەتێك بەتەواوی لەقورئانا ناوی سوورەتی مەریەمە، لەوێشدا مەریەم سڵاوی خوای لێ بێت رێزێكی تەواوی لێگیراوە، كەبەو شێوەیە لە ئینجیلیشدا نییە.. كەچی لەقورئانا سوورەتێك لەبارەی عائیشە، یا فاتیمەوە نییە.. هەروەها عیسا پێغەمبەر سڵاوی خوای لێ بێت بەناوی خۆی 25 جار لەقورئانا ناوی براوە، لەگەڵ ئەوەدا ناوی خودی محمد پێغەمبەر سڵاوی خوای لێ بێت تەنیا پێنچ جار بەناوی خۆیەوە ناوی براوە..

5 ئەوانەی ئینكاری وەحی و پێغەمبەرایەتی دەكەن پێیان وایە كە-شەیتان ئەم قورئانەی بۆ پێغەمبەر- سڵاوی خوای لێ بێت- هێناوە!! قورئانیش تەحەددایان دەكات ودەفەرموێ: دڵنیابن كە ئایەتەكانی ئەم قورئانە لەرێی شەیتانەكانەوە رەوانە نەكراوە،و شتی وا بەوان ناكرێ و هەرگیز نانوانن بەكاری وا هەستن " وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ الشَّيَاطِينُ ، وَمَا يَنْبَغِي لَهُمْ وَمَا يَسْتَطِيعُونَ " الشعراء/ 211. ئایا شەیتانەكان كتێبێكی وا دادەنێن و پاشان بێن بڵێن: ئێمە ناتوانین دای بنێین؟! یا بڵێیت: ئەگەر تۆ ئەم كتێبەی منت خوێندەوە پەنا بەخوا بگرە لەمنی نەفرین لێكراو؟! " فإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ " النحل/98.

6-لەوكاتەدا كە پێغەمبەر سڵاوی خوای لێ بێت- و ئەبوبەكر لەناو ئەشكەوتەكەدا بوون و چوار دەوریان بە دوژمن گیرابوو، و ئەگەر یەكێ لەو دوژمنانە سەیری بەر پێی خۆی بكردایە دەیبینین، و ئەبوبەكر لەویادا ترسی خۆی دەربڕی، ئایا شتێكی سروشتی نەبوو بۆ وەڵامی ئەو ترسەی ئەبوبەكر كە بڵێت: وازمان لێ بێنە بەشوێن دەرگایەكی ترا دەگەڕێین، یا پێی بڵێت:

ورتەت لێوە نەیەت با کەس دەنگت نەبیستێ.. کەچی پێغەمەر - صلی الله علیه وسلم- زۆر لەسەر خۆ دەفەرموێ: خەم مەخۆ بێگومان خوامان لەگەڵایە، خوا چاودێرمانە و زایەمان ناکات، " إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا " التوبة/40. ئایا ئەمە عەقڵییەتی ئینسانێکی دەستبڕ و چەواشەکەرە؟ یا عەقڵییەتی پێغەمەرێکە کە متمانەی تەواوی بەبەڵێن و چاودێری خوای خۆی هەیە؟!

7- دەساڵ پێش مردنی ئەبولەهەب سوورەتی (ئەلمەسەد) دابەزی، " بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ (1) مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ (2) سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ (3) وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ (4) فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ. (5) " بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، دەستەکانی ئەبولەهەب بشکێت و لەناو بچێت، و لەناویش چوو، ماڵ و سامان و بەدەستهێنراوەکانی فریای نەکەوت، خۆی و ژنە کۆڵەدار هەڵگرەکەی دەخرێتە ناو ئاگرێکی بلێسەدارەوە، ئەو خێزانەی کە هەمیشە گوریسێکی لە پووشی خورما دروستکراو لە گەردنیایەتی..

لەبەردەم ئەبولەهەبدا 3650 هەل هەبوو، { 10×365=3650 } بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئەم قورئانەی محمد - صلی الله علیه وسلم- وەهم و خەیاڵاتە، بەلاَم لەو هەموو ماوەیەدا ئەو کارەی نەکرد، ئەگەر هەر بەرواڵەتیش بوایە ئەبو لەهەب موسوڵمان نەبوو، ئایەتەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەبو لەهەب موسوڵمان نابێت و دەچێتە دۆزەخەوە، ئایا ئەمە چ تەحەددا و مەیدان دارییەکە؟ ئەو ئایەتانە تا ئەمڕۆیش دەخوێنرێنەوە، باشە ئەگەر

ئەبولەھەب بهاتایەو بیگوتایە خەڵکینە! ئەم قورئانەی محمد دەڵێت: ئەبولەھەب موسوڵمان نابێت، و دەچێتە دۆزەخەوە، ئەوا من موسوڵمان بووم، باشە ئێستا ئێوە رەئیتان چییە؟ ئایا ئەم قورئانەی محمد ئێستاش وەحی خوایە؟! ئەم کارەی کە ئەبولەھەب دەیتوانی بیکات نەیکرد.. بۆچ؟ چونکە قسەکە قسەی خوایە، و محمد پێغەمەریش سلاوی خوای لێ بێ پێغەمەری خوایە، ومتمانەی بەوە هەبووە کە ئەم پیاوە لەماوەی ئەم دەساڵەدا موسوڵمان نابێت.. شتی وا لە کەسێکەوە روونادات ئەگەر پێغەمەری خوا نەبێت و نەزانێت کە ئەمە وەحی خواییە بۆی هاتووە؟!

8- پاش ئەوەی کەقورئان هەندێ بەسەرهات و چیرۆك باس دەکات روودەکاتە پێغەمەر- صلی الله علیه وسلم-و دەفەرموێ: ئەوباسانەی بۆمانکردیت هەواڵی غەیبین، نادیارن و بۆ تۆی دەنێرین، پێش ئەم باسەی ئێستا نەخۆت زانیوتە و نەقەومەکەت " تِلْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنْتَ تَعْلَمُهَا أَنْتَ وَلا قَوْمُكَ مِنْ قَبْلِ هَذَا... " هود /49. میللەر دەڵێت: هیچ کتێبێکی پیرۆزی ئاینی نییە کە بەم شێوازە قسەبکات، زانین بە خوێنەر بدات و پێیشی بڵێت: ئەمە زانراوێکی نوێ و تازەیە.. ئەمەش مەیدان دارییەکی بێ وێنەیە.. باشە ئەگەر خەڵکی مەککە بە درۆیان بخستایەتەوە چی دەبوو؟! ئەگەر تەنیا ئیددیعاش بوایە؟! بۆنموونە: بیان گوتایە: نەخێر تۆ درۆ دەکەیت و قورئانەکەیشت درۆ دەکات و ئێمە لەوە پێشتر زانیومانە.!! ئەی ئەگەر یەکێ لە لێکۆڵەرەوەکان پاش ئەوە بیگوتایە ئەم شتانە لای خەڵکی مەککە زانراو بووە؟؟ بەلاَم هیچ لەمانە رووی نەدا..

9 لەكۆتاییدا دكتۆر میللەر هێما بۆ ئینسیكلۆپیدیای كاسۆلیكی نوێ دەكات، كە لەباسی قورئانا كۆمەڵی شتی نابەجێی نووسیوە، و دەڵێت: لەگەڵ ئەوەدا كەچەندان لێكۆڵینەوە هەیەو تانەو توانجیش لەبارەی راستی وەحی بوونی قورئانەوە زۆرە وەك ئەوە :(خەیاڵاتی نەخۆشە، یا شەیتان فووی بەگەروویا كردووە، یا كەسێك فێری كردووە، یا كتێبێكی كۆنی پەیدا كردووەو بەناوی وەحیەوە ئاشكرای كردووە... تاد)،لەكۆتاییدا دەڵێت: لەسەدەكانی رابوردووەوە تا ئێستاش لەبارەی سەرچاوەی قورئانەوە بۆچوونی زۆر هەیە بەلاَم هیچ كام لەم بۆچوونانە ناگونجێ كە لەپیاوێكی عاقلەوە هاتبێ..

دكتۆر میللەر دەڵێت: كەنیسە دەیتوانی یەكێ لەو بۆچوونانە هەڵبژێرێت كە دەڵێن: قورئان وەحی نییە، بەلاَم هیچ كام لەو بۆچوونانەی نەویستووە، و هەموویانی داوەتە دواوە، كەچی زاتی ئەوەی نەبووە دان بە راستیەتی بۆچوونی موسوڵماناندا بنێت..

10 شتێكی تر كە بەلای میللەرەوە زۆر سەرنج راكێش بووە ئەم ئایەتە بووە: " أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا؟..." الأنبياء/30. دەڵێ: لەساڵی 1973دا خەڵاتی نۆبل لەسەر سەلماندنی ئەو بۆچوونە وەرگیرا كە دەڵێت: ئاسمانان و زەوی یەك بارستایی بوون و پاشان بەهۆی تەقینەوەیەكی گەورەوە ئەو بارستاییە پەرت و بڵاو بووەوەو ئەم ئاسمانان و زەوییەی لێ دروست بوو. كەچی ئەم قورئانەی كەچوارده سەدە لەمەو پێش هاتووە، بەدەق ئەمە باس دەكات.. ئایا موحەممەدێك كە نەخوێندەواربووەو لە نیوە دوورگەی

عەرەبیدا بووە و ئەوێش هیچ زانکۆ و بنکەیەکی زانیاری تیا نەبووە ئاخر چۆن ئەمەی زانی تا لەو سوورەتەدا تۆماری بکات؟!

لەبەر ئەوە من باوەڕم بەم قورئانە هێنا کە فەرموودەی خودایەو محمدیش نێرراوی خوایە، چونکە لەعەقلی مرۆڤەوە هەرگیز شتی وا پەیدا نابێت بەڵکو ئەوە کەلامی ئەو پەروەردگارەیە کە ئاگای لە رابوردوو و ئێستا و داهاتوو هەیە..

١٢٥٧جار بینراوە٠لە ١٢/٣/٢٠٠٨دا لەسایتی پێنجوێنی بڵاو کراوەتەوە: http://www.penjweny.org/article/294

سەرچاوەکانی ئەم باسە:

http://www.islamicinvitationcentre.com/audio/gary_miller/amazing.html

http://www.islamicinvitationcentre.com/speakers/Gary_Miller.html

http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AC%D8%A7%D8%B1%D9%8A_%D9%85%D9%8A%D9%84%D8%B1

# # #

**20**

# دکتۆر موریس بۆکای

دەساڵ لێکۆڵینەوەیەی مۆریس بۆکای دانانی کتێبێکی نایاب بوو لەبارەی قورئانەوە کە هەموو ئەورووپای هەژاند، و ئەمەش ناونیشانی کتێبەکەیە: قورئان و تەورات و ئینجیل و زانیاری.

**وەرگێڕانی**

**د.حسن پێنجوێنی**

**دکتۆر مۆریس ( بۆکای ) و قورئان:**

کاتێ کە ئەم هەواڵەم خوێندەوە ئەوە بە زەینمداهات کەلەراستیدا کتیب ونووسراو زۆرن، ئیددیعاو حەقیقەتیش هەروەها، گەلێک پەڕاوی پیرۆز ئەبینین و ئەبیستین، بەڵام ئەوەی لەبارەی قورئانەوە دەیخوێنینەوە و دەیبیستین زۆر جیاوازە و بەڵکو هەر بەراورد ناکرێ، رۆژگار شایەتی ئەدات و پێشکەوتنی زانیاریش ئەیسەلمێنێت کە موعجیزەی یەزدانیبوونی ئەم پەیامە نەبەستراوە بە سەردەمێکی دیاریکراو، و بگرە لەهەموو سەردەمێکا بە خەڵکی ئەو سەردەمەی سەلماندووە کە سەرچاوەی ئەم پەیامە بە دیهێنەری ئەم بوونەوەرەیە، لەکاتێکا هەندێ بێ ئاگاو لەناو دەروونەوە رووخاو، و دور لەهەموو مەعریفەیەکی ئیسلامی بەنیازی ئەوەبوون قورئانیش بپێچرێتەوەو بخرێتە ناو رەفەی پیشانگای شوێنەوارە مێژووییەکان و کاربوردێکی لە سەر دڵ و دەرونەکانەوە نەمێنێ، و بەمردنی پیرەتەمەن درێژەکان ئەویش بڕوات و کۆمەڵگا چۆڵ بکات، ئەبینین ئەو خالقە بەتوانایەی کە بەڵێنی پارێزگاریکردنی داوە ئەیپارێزێت و کەسانێک ئەکاتە هەڵگری کە هەرگیز بەخەیاڵی کەسدا نەهاتووە.. و بەو زانیارییەی کە هەندێ کەسی پێ لەخشتە چووە، هەرلەو رێیەوە حەقیقەت و گەوهەری ئەم پەڕاوە پیرۆزە دەر ئەخات و بەخەڵکی جیهانی سەردەمی خۆی ئەناسێنێت..

ئەم بابەتەی بەردەستیشمان هەر یەکێکە لەو بابەتە زانیارییانەی لەسەر دەستی کەسێکی پزیشکی پسپۆڕ لەکاریدا، و لەوڵاتێکی دوور لەوڵاتانی ناوچەی ئیسلامی، و لەبنەماڵەیەکی دوور

لەخانەوادەی ئیسلامییەوە ئەو حەقیقەتە نمایان ئەکات، تا ناوەرۆکی ئەو بەڵێنە خواییەی تیا بدرەوشێتەوە کە فەرموویەتی: بێگومان ئێمە قورئانمان دابەزاندووە،و هەرئێمەش پارێزگاری لێ ئەکەین." إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ"( سورة الحجر/9 ) .

لە هەمانکاتدا ئەوەشمان بۆ روون ئەکاتەوە کەچۆن کاریگەری دەسەڵاتی قورئان لەسەردڵان زیاتر و زۆرتر ئەبێت، فەرموون ئەوە ئێوەو ئەوەش زانای بەناوبانگ دکتۆر مۆریس بۆکای و هۆی ئەو نووسینەی کە دنیای هەژاند. سوپاس بۆئەو خێرخوازەش کە عەرەبییەکەی بەئێمێل بۆ ناردبووم. حەسەن پێنجوێنی.

**نووسینە بەناوبانگەکەی مۆریس بۆکای:**

پاش ئەوە کە سەرۆک فرەنسوا میتیران لەساڵی 1981دا جڵەوی حوکمی لەفەرەنسەدا گرتەدەست، بەشێوەیەکی رەسمی دەوڵەتی فەرەنسە داوای لەمیسر کرد تا مۆمیاکەی فیرعەونی بۆ بنێرن، ئەمانیش میوانداری بکەن و لە موختەبەرەکانی ئەوێدا شوێنەوارەکەی بپشکنن و تاقیکاری لەسەر بکەن..

لاشەی ناودارترین زاڵمێک کەزەوی بەخۆیەوە دیبێ گوێزرایەوە بۆ ئەوێ، و لە فڕۆکەخانەی پاریسدا فرەنسوا میتیران خۆی و وەزیرەکانی و گەورە لێپرسراوانی فەرەنسی وەک پاشایەک پێشوازیان لێکرد، و سەری رێزیان بۆ دانەواند. پاش تەواو بوونی ریوڕەسمی پێشوازیکردنی شاهانە لە تەرمەکەی فیرعەون، لەخاکی فەرەنسەدا مۆمیای زاڵم هەڵگیرا، و

ڕێزگرتنی کەژاوەکەی لەکاتی هەڵگرتنیا لەپێشوازیکردنەکەی کەمتر نەبوو.

هەڵگیراو برا بۆبەشی تایبەت لەسەنتەری شوێنەواری فەرەنسیدا، تا پاشتر گەورەترین زانایانی شوێنەوارناسی فەرەنسەیی و پزیشکانی تایبەتی تەشریح و نەشتەرکاری لەو مۆمیایە بکۆڵنەوە و نهێنییەکانی بدۆزنەوە.. سەرۆکی دکتۆرەکانی تەشریح و نەشتەرگەری ئەوکاتە پرۆفیسۆر مۆریس بۆکای بوو. ئەوانیتر بایەخیان بەچاکردنەوەو تەعمیرکردنی مۆمیاکە ئەدا، بەڵام هەوڵی مۆریس بۆکای بۆ دۆزینەوەی ئەوەبوو تا بزانێ (فیرعەون) چۆن مردووە؟ لە دواین کاتەکانی شەوا ئەنجامەکەی بەم جۆرە بۆ دەرکەوت:

دیتی پاشماوەی خوێ بەلاشەکەیەوە ماوەتەوە، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە کە ئەم پاشایە لەناو ئاوی دەریادا خنکاوە، و پاش مردنی بە گورجی تەرمەکەی لەناو دەریا دەرهێنراوە، و بەپەلەش مۆمیایان کردووە، تا لەشی پارێزراوبێ، بەڵام شتێکی بۆ نە ئەدۆزرایەوە ئەویش ئەوەبوو: چۆن ئەم جوستەیە لەتەرمە مۆمیا کراوەکانیتر بێوەی تر بووە، لەگەڵ ئەوەدا کە لەناو دەریادا دەر هێنراوە؟!

مۆریس بۆکای پاش لێبوونەوەی لەپشکنینی تەرمە مۆمیاکراوەکەی فیرعەون، راپۆرتێکی ئامادەکرد تا ئەوەی قەناعەت و بڕوای پێیەتی لە دەرهێنانی تەرمەکەی فیرعەون لەدەریاداو دەستبەجێ مۆمیاکردنی بڵاوی بکاتەوە کە شتێکی نوێی دۆزیوەتەوە، ئالەویادا یەکێک چپاندی بەگوێیداو گوتی: پەلەمەکە، چونکە موسڵمانەکان لەبارەی ئەم نوقمبوونەی

فیرعەونەوە قسەوباسیان هەیە. دکتۆر ئەم قسەیەی زۆر پێ سەیربوو، بۆیە نەیتوانی بیسەلمێنێ.. چونکە دۆزینەوەی شتی وا لەرێی پێشکەوتنی زانیاریی و دەزگا کەمپیوتەرییە زۆر هەستیارەکانەوە نەبێ ناگونجێ بزانرێ.

**قورئان باسی رزگار بوونی لاشەکەی دەکات:**

یەکێکیان پێی ئەڵی: ئەو قورئانەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی باسی نقومبوونی فیرعەون و بەسەلامەتی هاتنە دەرەوەی جوستەکەی دەکات، زیاتر سەرسام دەبی و دەپرسی: ئاخر چۆن شتی وا دەبێت؟ خۆ ئەم تەرمە مۆمیا کراوە دووسەد ساڵ نابێ کە دۆزراوەتەوە، ئەوەبوو لەساڵی 1898دا دۆزرایەوە، و قورئانەکەی ئەوانیش تەمەنی هەزارو چوار سەد ساڵ زیاترە.؟!( رۆژ ئاواییەکان پێیان وایە کە قورئان لە تەورات وئینجیلەوە وەرگیراوە، و لە کتیبی تەورات و ئینجیلدا هیچ هێمایەک بۆ هێنانە دەرەوەی لاشەی فیرعەون ناکات، بۆیە بە دۆوینەوەیەکی زانیاری دائەنا بۆ خۆی )

شتی وا مەعقوول نییە، نەک هەر تەنیا عەرەب، بەڵکوو هیچ کەسێک لەخەڵکی سەرزەوی پێش 1898 نەیزانیوە کە تەرمی پاشاکانی میسر مۆمیا کراون؟!

بۆیە مۆریس بۆکای ئەوشەوە بەلای تەرمەکەی فیرعەونەوە دۆش دا ئەمێنێ، هەر سەرنجی ئەداو قسەی هاوەڵەکەی لەگوێیدا دەزرنگێتەوە: قورئانی موسڵمانەکان باسی نقومبوونی فیرعەون و رزگار بوونی لاشەکەی دەکات..!! لەگەڵ ئەوەدا کتێبە پیرۆزەکەی خۆیان تەنیا باسی ئەوە دەکات لەکاتی

شوێنکەوتنەکەی حەزرەتی مووسادا نقوم دەبێ، ئیتر باسی ئەوە ناکات تەرمەکەی چی لێدێت؟!

خۆی بەخۆی دەڵێت: دەچێتە عەقڵەوە ئەم مومیاکراوەی بەردەستم ئەو فیرعەونەبێ کەمووسای راونا وکەوتە شوێنی؟ ئاخر ماقووڵە موحەممەدەکەی ئەوان پێش هەزارساڵ ئەوەی زانیبی؟

مۆریس ئەوشەوە نەیتوانی بخەوێ، داوای کرد تەوراتی بۆ بێنن، دەستی بەخوێندنەوەی تەورات کرد، کەدەڵی:" ئاوەکە گەڕایەوەو وڵاخ و بارگە و سوارەی هەموو ئەو لەشکرەی فیرعەونی داپۆشی کە بۆناو بەحرەکە کەوتبوونە شوێنیان، تەنیا کەسێکیان لی دەرنەچوو.."

مۆریس بۆکای مات و سەرسام ببوو..

تەنانەت ئینجیلیش لەبارەی رزگاربوونی تەرمەکەی فیرعەون و بە بێوەی مانەوەیەوە هیچ قسەیەک ناکات..

پاش چارەسەرکردنی مۆمیای لاشەکەی فیرعەون و تەعمیرکردنەوەی، فەرەنسە تەرمەکەی ناردەوە بۆ میسر. بەڵام مۆریس لەو کاتەوە ئەو هەواڵە هەژێنەرەی بیستبوو، سرەوتی لێ بڕابوو، بیری هەر لەبیرکردنەوەدابوو، ئەو هەواڵەی کە{تەرمەکە بە سەلامەتی لەدەریا هاتۆتە دەر}و لەدەم موسڵمانانەوە دەیگێڕنەوە، لەئەنجاما خۆی پێچایەوەو کەرەسەی پێویستی سەفەری هەڵگرت، و بڕیاری دا بەرەو وڵاتی موسڵمانان بکەوێتە رێ، تا دیمانە لەتەک چەند زانایەکی ئاگادار لە مەسایلی یەکاڵاکردنەوەی جوستەدا ساز بکات، هەروای کرد و یەکەم قسەیەک کەباسی کرد ئەوەبوو: ئەم ئەو حەقیقەتەی

دۆزیوەتەوە و پەی پێ بردووە کە تەرمەکەی فیرعەون پاش نقوم بوونی لەدەریادا رزگاری بووە.

یەکێ لە پسپۆڕە موسڵمانەکانیش قورئانی پیرۆزی بۆ دێنێت و ئەو فەرمودەیەی خوای باڵادەستی بۆ دەخوێنێتەوە کە دەفەرموێ: " فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آَيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ عَنْ آَيَاتِنَا لَغَافِلُونَ" ( سوورة یونس/ 92 ) واتە: ئەمڕۆ جوستەکەت رزگاردەکەین تا پەند و نیشانە بیت بۆ ئەوانەی پاش خۆت، و لەگەڵ ئەوەدا کە بەشی زۆری خەڵکی لەنیشانەو ئایەتە کانمان غافڵ و بێئاگان.

ئایەتەکە کارکردێکی گەورەی لەسەر دڵ و دەروونی هەبوو، دەروونی هەژاند، و وای لێکرد لەبەردەم ئامادەبوانا بوەستی و پڕ بەدەم و بەدەنگی بەرز بڵێ: باوەڕم بەو قورئانە هێنا کە نێرراوی خوایە.

موریس بۆکای گەڕایەوە بۆ فەرەنسەی وڵاتی خۆی، بەڵام بەبیرێک جیاواز لەوبیرەی هەیبوو، بەڕوویەکی جیاواز لەو رووەی پێوەی هاتبوو، ماوەی دەساڵی تەواوی بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان کرد، کە تا چ ئەندازێک ئەو حەقیقەتە زانیارییانەی لەسەردەمی نوێدا دۆزراونەتەوە لەتەک قورئانا دەسازێن؟

بەرهەمی ئەم دەساڵ لێکۆڵینەوەیەی مۆریس بۆکای دانانی کتێبێکی نایاب بوو لەبارەی قورئانەوە کە هەموو ئەورووپای هەژاند، و ئەمەش ناونیشانی کتێبەکەیە: قورئان و تەورات و ئینجیل و زانیاری، لێکۆڵینەوەیەکی کتێبە پیرۆزەکانە لەبەر رۆشنایی زانستە نوێیە کاندا.

**شوێنەواری ئەم کتێبە چی بوو؟**

یەکەم چاپی لەماوەی چەند ڕۆژێکا لەهەموو کتێبخانەکاندا تەواو بوو، پاشان بەسەدان هەزاری لێ چاپکرایەوە، و پاشتر لەفەرەنسیەوە وەرگێڕرایە سەر زمانی عەرەبی، ئینگلیزی، ئەندەنووسی، فارسی، سیربو کرەواتی، تورکی، ئۆردوو، کجوراتی و ئەڵمانی، تا لەهەموو کتێبخانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بڵاو ببێتەوە.

هەندێ لە بەناو زاناکانی گاور وجوو هەوڵیان دا پەرچی قسەکانی بدەنەوە، بەڵام لەنووسینەکانیانا سەرکەوتوو نەبوون، دوایینیان دکتۆرێک بوو بەناوی ولیام کامبڵ، کتێبێکی نووسی بەناوی قورئان و کتیبی پیرۆز لەرۆشنایی زانیاری و مێژوودا. بەڵام هەرچی هێنای وبردی نەیتوانی بگاتە شتێکی وا قەناعەت بەخەڵکی بکات، سەیر ئەوەبوو لەو کاتەدا کە هەندێ زانایان لە ڕۆژئاوا خۆیان بۆ پەرچدانەوەی ئامادە کردبوو، خودی ئەو دکتۆرەش موسڵمان بوو، لەبەر چاو ژمارەیەکی زۆردا شایەتمانی هێنا..

بەڵێ، دکتۆر مۆریس بۆکای پاش ئەوە کە بەخەستی لە توێژینەوەی قورئانا بەردەوام بوو، بەشێوەیەکی ڕەسمی موسڵمانبوونی خۆیی ڕاگەیاند، و بەرهەمی توێژینەوەکەشی نووسینی ئەوکتێبە بەنرخەی بوو لەبارەی ئیعجازی قورئانەوە بەناوی: (لێکۆلینەوەێکی پەڕاوە پیرۆزەکان لەبەر ڕۆشنایی زانیارییە نوێیەکاندا).

\# # #

بۆ ئەم باسە سەردانی ئەم سایتەشم کرد و سوودم لێ وەرگرت:

موسوعە الاعجاز العلمى فى القران و السنە

٢٠/٠٤/٢٠٠٥ لەسایتی پێنجوێنی بڵاوکراوەتەوە..
١٣٣٢جار بینراوە ٢٠/٤/٢٠٠٥

http://www.penjweny.org/article/154

# # #

## نـــــــــاوەرۆک


| زنج | نـــــــــاوەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | زانای کۆرپەڵەناسی پرۆفیسۆر کیسمۆر. | ٤ |
| ٢ | زانای فیزیایی دیمتری بولیاکوف. | ١٢ |
| ٣ | قەشەی بەریتانیی جەلالوددین لۆدەر برنتۆن. | ١٧ |
| ٤ | سێ قەشە و 141 فەڵە موسوڵمان بوون. | ٢٣ |
| ٥ | دکتۆر یوسف وسێ قەشەی تر موسوڵمان بوون. | ٣٠ |
| ٦ | پرۆفیسۆر جێفری لانچ مامۆستای زانکۆ. | ٤٤ |
| ٧ | دانیال ستر ایش،ی دوژمنی ئیسلام، موسوڵمان بو. | ٥٤ |
| ٨ | قەشە کینس ئێل جەنگیز، چۆن موسوڵمان بوو؟ | ٦١ |
| ٩ | "جي میشێل" سەرۆکی گرووپی بەگاورکردن. | ٧٧ |
| ١٠ | قەشە (ملقاه فقادۆ )باسی موسوڵمان بوونی دەکات. | ٨٤ |
| ١١ | مۆزیکزانی بەریتانی براین هویت. | ٩٤ |
| ١٢ | پەرلەمانتەری هۆلەندی ئەرناود فان دۆرن. | ١٠٠ |
| ١٣ | سیلجاندر کۆنگریسمان ی پارتی کۆماری. | ١٠٤ |
| ١٤ | دووەمین گەورەترین قەشەی ولاتی غانا. | ١١٧ |
| ١٥ | بانگخوازی ناوداری ئەمریکا بیلال فلیپس. | ١٢٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | دکتۆر قەشە بدیع ی میسری. .................... | ١٣٤ |
| ١٧ | دکتۆر محمد ئەکۆیا و موسوڵمانبوونەکەی. | ١٤٨ |
| ١٨ | دکتۆر موستەفا مووولانی.......................... | ١٥٤ |
| ١٩ | دکتۆر گاری میللەر.................................. | ١٦٦ |
| ٢٠ | دکتۆر مۆریس بۆکای. | ١٧٦ |
| | | |